# خۆشیی دەق

رۆلان بارت

# خۆشیی دەق

وەرگێڕان لە فەرەنسییەوە:

دوکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

ڕۆلان بارت
خۆشیی دەق
وەرگێڕان لە فرەنسییەوە: دوکتۆر محەمەد ڕەحیم ئەحمەدی
کتێبی ئاراس ژمارە: ١١١٥
چاپی یەکەم ٢٠١١
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٠٠ – ٢٠١١
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: مریەم موتەقیيان
هەڵەگری: بۆکان نووری

پێشەکی وەرگێڕ

## ژیان و بەرهەمی رۆڵان بارت ۱۹۸۰-۱۹۱۵

رەخنەگر و نیشانەناسی فرەنسایی، دانەری کتێبی " پلەی سیفری نڤیسار"، رۆڵان بارت یەکێکە لەو کەسانەی بۆ جاری یەکەم هەوڵی داوە چەمکەکانی زمانناسی، دەروونتوێژی و ستروکتورالیسم لەبواری رەخنەی ئەدەبیدا بەکار بهێنێ.

رۆڵان بارت لەدایکبووی شاری شێربورگی فرەنسەیە، منداڵێکی لاوازی هەتیو کەوتوو کە سەردەمی زارۆکی بەوتەی خۆی لەژێر هەڕەشەی جاڕزبوون و ناهوومێدی دابوو. دایکی گەورەی دەکا و لە تەمەنی ۷ ساڵی کۆچ دەکەنە پاریس و درێژە بەخوێندنی دەدا. بەهۆی تووشبوون بەئازاری سیل ماوەیەک دەچێتە بناری کوێستانی " پیرێنێ". پاشان دەست دەکا بەخوێندنی ئەدەبیات و لیسانسی وێژە وەردەگرێ. سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییەکەی چەند جار لە ساڵەکانی نێوان ۱۹٤۱ و ۱۹٤٦ ناچاری دەکا وانەکانی ببڕێ و بچێتە هەوار و گڕاو بۆ چارەسەری.

دوای چەن ساڵ وانەکوتنەوە لە بۆخارێست (رۆمانی) و ئەسکەندەریە (میسر) وەک مامۆستای یاریدەدەر، رۆلان بارت لە ناوەندی نەتەوەیی لێکۆڵینەوەی زانستی (CNRS) لە پێشدا وەک وشەناس پاشان وەک کۆمەڵناس دادەمەزرێ. لە ساڵی ۱۹٦۲ بەهۆی بەرزێتی کارەکانی دەبێتە بەڕێوەبەری لێکۆڵینەوە لە قوتابخانەی پیشەیی لێکۆلێنەوەکانی باڵا. لەساڵی ۱۹٦۷، نامەی دوکتوراکەی بەنێوی "سیستەمی مۆد" پیشکێش دەکا کە پاشان وەک پەرتوکێک بڵاوی دەکاتەوە. رەسەن و تازەبوونی بیرەکانی رۆڵان

بارت وردەوردە لە چوارچێوەی سمینار و کۆڕەکان و لە بازنەی بەستراوی قوتابییەکانی تێ دەپەڕێ. هەر لە ساڵەکانی پەنجاوە، دەبێتە یەکێک لە کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی "ڕەخنەی نوێ".

هەوەڵین بەرهەمی گرینگی ڕۆلان بارت " پلەی سیفری نڤیسار"ەکە یەکێک لە چەمکی بنەڕەتییەکانی بیروباوەڕی ئەو دێنێتە ئاراوە، چەمکێک کە لە پێناسەی زاراوەی " نڤیسار" دا خۆی دەنوێنێ: "نڤیسار کردارە، پێوەندی نێوان ئافەراندن و کۆمەڵگەیە، زمانی ئەدەبییەکە ئامانجی کۆمەڵایەتی دەیگۆڕێ؛ ڕوخسارە کە لە مەبەستی ئینسانی خۆیدا هاتووەتە دێ و دەگەڵ قەیرانەکانی مێژوودا متوربە کراوە". بەهێندێک بەرهەم وەک " میشلە لە زمان خۆیەوە(١٩٥٤)"، " لەمەڕ ڕاسین (١٩٦٣)"، " وتاری ڕەخنەیی (١٩٦٤)"، "ڕەخنە و ڕاستی (١٩٦٦)"، بارت شێوازێکی ڕەخنەیی لەسەر بناخەی زمانناسی، دەروونتوێژی و پێکهاتەناسی "ستروکتورالیسم" دادەمەزرێنی، ئەمەش دەبێتە هۆی مشتومڕی توند دەگەڵ نوێنەرانی ڕەخنەی کۆنی زانستگەیی، بەتایبەت دەگەڵ کابرایەک بەنێوی "ڕەیمۆن پیکار" کە مامۆستای سۆربۆن و پسپۆری ئاسەوارەکانی راسین شاعیر و شانۆنووسی مەزنی سەدەی حەڤدەیە و لە نووسراوێک بەنێوی " ڕەخنەی نوێ یان فێڵبازی نوێ" ڕۆلان بارت بەوە تاوانبار دەکا وتەکانی گشتبێژین و وردبینانە نین.

سەرەڕای بەرهەڵستییەکانی ڕەخنەی کۆن، ساڵانی شێست سەردەمی نوێبوونەوەی ڕەخنەی ئەدەبییە: گەشانەوەی زانستەکانی مرۆڤ گیانێکی تازە دەدا بە مەسەلەکانی بواری ئەدەبیات.

هاوکات لەگەڵ دەرکەوتنی بزووتنەوەی ڕۆمانی نوێ، ڕەخنەی نوێش لەڕێگەی نۆت و نوێ دەگەڕێ: بگرە بۆچوونێکی تازە لەسەر ڕووداوی ئەدەبی پێشنیاز دەکا کە زۆرتر لەوەی خەمی هێندێک چەمکی وەک ئاسەوار و دانەری بێ، لە دەق دەکۆڵێتەوە.

وەک نیشانەناس، ڕۆلان بارت بۆچوونێک دێنیتە ئاراوە کە دەق وەک سیستەمێکی پێکهاتوو لە نیشانەکان بەرچاو دەگرێ کە دەکرێ بەردەوام لێک

بدرێنەوە. ڕۆلان بارت سەلماندوویەتی کە زنجیرێکی نەپچڕاو ئەدەبیات و ڕەخنە لێک گرێ دەدا چونکو وتاری ئەدەبی دەتوانی لە "چیرۆک" و بگرە لە "بەسەرهاتی خۆنووس" بچێ. ئەوەشتێکەکەبارت لەکتێبەکەی بەنێوی " بارت لە زمان خۆیەوە" و کاتێک ڕوو دەکاتە خوێنەر دەیسەلمێنی: " هەموو ئەو شتانە وەک قسەکانی کەسایەتییەکی ڕۆمان وەبەرچاو بگرە". بنەمای پێکهاتنی کتێبی " بەشەکانی وتارێکی ئەویندارانە" (جۆرە بیرکردنەوەیەک لەسەر ئەوین لە گوێن کتێبەکەی ستاندال بەنێوی " لەبارەی ئەوینەوە") هەر ئەوەمان پێ دەڵێ: " کەوابوو، ئەوە ئەویندارێکە قسە دەکا و دەڵێ...."

بەڵام کورتەباسێک لەسەر ئەم پەرتووکە: " خۆشیی دەق" خاڵێکی وەرچەرخانە لە ئاسەوار و بیرەکانی ڕۆلان بارت دا. لە ڕاستیدا بارت کەسێکە هیچ کتێبێکی لێک ناچن و بەردەوام لەبار گۆڕین و پەرەسەندنی جیاواز دان. بۆ نموونە "پلەی سیفری نڤیسار" لەژێر کارتێکەری ڕەخنەی کۆمەڵناسانەدایە لە حاڵێکدا" لەمەڕ ڕاسین" بۆچوونی دەروونتوێژانە و بوارەکانی خەیاڵ بەکار دێنێ. پاشان ڕوو دەکاتە زمانناسی و هێماخوازی.

کتێبی " خۆشی دەق" تا ڕادەیەک تێپەڕبوونە لە هەموو ڕێبازێکی ئیدۆلۆجیک و گەڕانەوەیە بۆ دەق خۆی. "خۆشیی دەق" بیردۆزی و تیئۆرێکی نوێیە لەمەڕ دەق. لە ڕوانگەی ڕۆلان بارت، دەق لەشە، لە گوێن لەشی ژنێکی جوان و ئەو خۆشییەی دەمانداتە هاوشێوەی خۆشیی لەشێکی ژنانەیە. ئەو دەقەی خۆشی دێنێ، ئەو دەقەیە لە خۆشیدا نووسراوە: " ئەو دەقەی ئێوە دەینووسن، دەبێ پێم بسەلمێنێ کە مەیلی لە منە. ئەم بەڵگەیە هەیە: ئەویش نڤیسارە. نڤیسار یانی ئەو شتە: زانستی سەرخۆشییەکانی زمان."

دو چەمکی خۆشی و سەرخۆشی هەر لە سەرەتا و بەهاوتایی دێنە ئاراوە، بەڵام لە ئاخرێکەی دەخرێنە بەرامبەر یەک. سەرخۆشیی دەق تەنیا کاتێک دەستەبەر دەبێ کە بیناکانی زمان و هەروەها هەموو بینا ئیدۆلۆجیکەکان تێک بشکێنرێن، چونکو بەوتەی بارت سەرخۆشی شتێکی ناکۆمەلایەتییە. کەوابوو، تەنیا پێوەری دەق، تەنیا یاسا، سەرخۆشییەکە دەماندات.

# خۆشیی دەق

تەنیا خولیای ژیانم ترس بووە.
هابێس[1]

1 -Hobbes

خـۆشـیی دەق: هـەروەک هـاوشـێـوەسـاز (سـیـمـۆلاتۆر)[٢]ەکـەی بەیکن[٣]، ئەو دەتوانێ بڵێ: قەت داوای لێبووردن مەکە، قەت پاساو مەکە.

خـۆشـــیی دەق قـەت حـاشـا لـە هیچ ناکـا: "نیگای خـۆم وەردەسـووڕێنم. لەمەودوا تەنیا نیشانەی دان پێدا نەهێنانی من هەر ئەوە دەبێ."

چیرۆکی تاکێک (کەسێک بەراوەژووی "مۆسیۆ تێست[٤]) کە لە دەروونی خۆیدا هەموو سنوور و کۆسپەکان، هەموو چینەکان و هەموو هەڵاواردنەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، هەڵبەت نەک لەبەر بیر و بڕوای بە ڕێبازی تێکەڵکردنی بیرەکان، بگرە تەنیا لەبەرئەوەی خۆی لەو شەوە کۆنەیە یانی دژهۆنی ژیربێژانە[٥] رزگار کا؛ خەونێک کە هەموو زمانەکان، بگرە ئەو زمانانەی بەناساز دەگەڵ یەک ناسراون، تێکەڵ کات؛ تاکێک کە بێدەنگانە، لە بەرامبەر هەموو تۆمەتبارێکان لەمەڕ ناژیرانەبوون و لارێبوون دڕان بەجەرگی دابنێ و هێچ نەڵێ؛ لە عاست گاڵتەی سوقراتی[٦] (هاندانی لایەنی بەرامبەر بۆ لای گەورەترین سەرشۆڕی: دژی خۆ قسەکردن) و تۆقاندنی یاسایی (گەلێک بەڵگەی سزادان لەسەر بناخەی دەروونناسی یەکەتی دامەزراون!) هێدی و خۆڕاگر بێ. ئەو مرۆڤە لە بەرچاو کۆمەڵ گەلێک سووک دەبێ: دادگەکان، قوتابخانە، شێتخانە و خەڵکی لە دمەتەقەکانیان وەک بێگانەیەک چاوی لێ دەکەن: کێ بێ شوورەیی بەرگەی دژهۆنی دەگرێ؟ بەڵام، ئەم دژقارەمانە بوونی هەیە: ئەویش خوێنەری دەقە کاتێک خوێندنەوەکەی پێ خۆشە. لەو

---

2- Simulateur

3 -Bacon

4- M. Teste

5- Contradiction logique

6- Ironie socratique

کاتەدایە کە ئەفسانەی کۆنی کتێبی پیرۆز بەراوەژوو دەبێ و تێکەڵبوونی زمانەکان ئیدی چیی تر وەک سزایە ک نایەتە بەرچاو، بکەر[٧] بەهۆی پێکەوەژیانی زمانەکان کە شان بەشانی یەک کار دەکەن، دەگاتە سەرخۆشی: دەقی خۆشی، یانی"شاری بابلی[٨]" بەختەوەر.

(خۆشی/ سەرخۆشی: لەباری وشەناسییەوە، ئەوشتە هێشتا جێی مشتومڕە، دوودڵم و گێژ دەخۆم. هەر جۆرێک بێ، بەردەوام پەراوێزێکی دوودڵی و بێ بڕیاری لە ئارا دایە؛ جیاکردنەوە نابێتە سەرچاوەی پۆلێنکردنی متمانەپێکراو، پارادایم[٩] بەردەوام جیرەجیرِی دێ، مانا لەرزۆک، جێی هەڵوەشاندن و گەڕاندنەوە و وتاریش ناتەواو دەبێ.)

***

ئەگەر من ئەو ڕستەیە، ئەو چیرۆکەیان وشەیە بەخۆشی و چێژەوە دەخوێنمەوە، بەهۆی ئەوەیە کە لە خۆشیدا (ئەو خۆشیێ دەگەڵ سکالا و ناڵەکانی نووسەر دژایەتی نییە) نووسراونەتەوە. بەڵام پێچەوانەی ئەو شتە؟ نووسین لە خۆشیدا، ئاخۆ دەتوانێ خۆشی خوێنەریش بۆ من دەستەبەر بکا؟ قەت. ئەم خوێنەرە، دەبێ من بەدوایدا بگەڕێم (دەبێ "فریوی" دەم) بێ ئەوەی بزانم لە کوێیە. لەو کاتە دایە کە شوێنێکی سەرخۆشی دەخوڵقێ. لێرەدا ئەوەی بۆ من پێویستە، "کەسایەتی" ئەویدی نییە، بگرە شوێنە: گونجانی (ئیمکان) دیالێکتیکێکی مەیل، شیاوی پێشبینی نەکرانی سەرخۆشی: نابێ یارییەکان کرابێن، پێویستە یارییەک لە ئارادا بێ.

دەقێکم پێ دەناسێن. ئەم دەقە وەڕەزم دەکا. هەر دەڵێی زۆر بڵەیی دەکا. زۆر بڵەیی دەق، تەنیا بڕێتییە لەو پاشماوە زمانییەی کە لەژێر کارتێکەری

7- Sujet

8- Babel

9- Paradigme

پێویستی ساکاری نووسین پێک دێ. لێرە نەک لارێبوون[١٠]، بگرە داواکردن لە ئارادایە. نووسیار[١١] لە نووسینی دەقەکەی، زمانی ساوایەک هەڵدەبژێرێ: زمانێکی فەرمانی، نائاگا، ساردوسڕ، وردەشکانێکی دەنگەکان (ئەو دەنگە شیرییانەی کە بەوتەی ڤان گینێکێن[١٢]، نووسەری شایەنی ڕێزییە سووعی[١٣]، لە نێوان نڤیسار[١٤] و زمان هەڵدەکەون. ئەوانە برێتین لە جوولەکانی مژینێکی بێ ئامانج، زارەکیبوونێکی بەردەوام، دابڕاو لەو قۆناخەی خۆشییەکانی خۆشخۆری و زمان پێک دێنێ. ئێوە ڕوو دەکەنە من بۆ وەی بتانخوێنمەوە، بەڵام من بۆ ئێوە شتێک نیم جگە لەو ڕووکردنە؛ لە بەرچاوی ئێوە، من هێچ دەورێکم نییە، نەهیچ دیمەنێک (بەئاستەم دیمەنی دایکێک)؛ من بۆ ئێوە نەلەشێکم، نەبگرە شتێک (هەڵبەت ئەوە بۆ من هیچ گرینگ نییە: ئەو ڕوحەی داوای پێزانین دەکا لە دەروونی من دا نییە) بگرە تەنیا مەزرایەکم، تەنیا تیانێک. دەتوانین بڵێین کە لە ڕاستیدا، ئێوە ئەو دەقەتان دوور لە هەر سەرخۆشییەک نووسیوە؛ و ئەو دەق – چەنەبازییە بەگشتی دەقێکی ساردوسڕە، هەروەک هەموو داوایەک، پێش ئەوەی مەیل و دەروون پەشێوی (نێڤرۆز)[١٥] بچنە نێو ناخی.

دەروون پەشێوی (نێڤرۆز) چارەیەکی ناچارییە: نەک لە بەرامبەر" لەش ساغی" دا، بگرە نیسبەت بەو " نەگونجانەی" باتای[١٦] باسی دەکا (" نێڤرۆز یانی هەستی گوماناوی قووڵایەکی نەشیاو بوون") بەڵام ئەو چارە ناچارە تەنیا ڕێگەیە بۆ نووسین (و خوێندنەوە). ئەو سات دەگەینە ئەو پارادۆکسە: دەقەکان، وەک هی باتای – یان دەقی تر– کە دژ بەنێڤرۆز و لە ناخی

10- Perversion

11- Scripteur

12- van Ginneken

13- Jésuite

14- Ecriture

15- Névrose

16- Bataille

شێتییەوە دەنووسرێن، ئەگەر گەرەکیانە بخوێنرێنەوە، ئەم چکە نێڤرۆزەیان پێویستە بۆ ڕاکێشانی خوێنەرانی خۆیان: بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئەم دەقە ترسناکانە هەڵخڕێن.

کەوابوو، هەر نووسەرێک دەڵێ: ناتوانم شێت بم، بۆم قبووڵ ناکرێ ساغ بم، من دەروون پەشێوم.

ئەو دەقەی ئێوە دەینووسن، دەبێ پێم بسەلمێنێ کە مەیلی لە منە. ئەم بەڵگەیە هەیە: ئەویش نڤیسارە. نڤیسار یانی ئەو شتە: زانستی سەرخۆشییەکانی زمان، گوڵبژێری تاسەکانی[١٧] (لەمەڕ ئەم زانستە تەنیا وتارێک هەیە: نڤیسار خۆی).

***

"ساد"[١٨]: ئاشکرایە کە خۆشی خوێندنەوە لە هێندێک دابڕان (یان هێندێک پێکدادان) سەرچاوە دەگرێ: ژمارەیەک هێمای ناتەبا (بۆ نموونە "ڕەسەن" و " ئاسایی") تووشی یەک دەبن: گەلێک وشە و زاراوەی نوێ بەتەنتەنە و بێ کەڵک ساز دەکرێن؛ هێندێک پەیامی پۆرنۆگرافی[١٩] دەخرێنە قالبی هێندێک ڕستە کە ئەوندە پەتی و جوانن دەڵێی نموونەی نووسرای ڕێزمانین. هەروەک بێرِدۆزی دەق دەڵێ: زمان هەمدیسان دابەش دەکرێتەوە. لە ڕاستیدا، ئەو دووبارە دابەشبوونە، هەموو کات لە ڕێی برگە برگەبوون بەڕێوە دەچێ. دوو لایەن دەردەکەون: لایەنێکی عادەتی، هاوچەشن و ڕوونووسکەر (مەبەست نووسینەوەی زمانە لە شکڵی ئاسایی خۆیدا، بەو چەشنەی قوتابخانە، شێوازی کۆن، وێژە و فەرهەنگ دیاریان کردووە)، و لایەنێکی تر کە بزۆز و بۆشە (و ئامادەی گرتنی هەر چەشنە سنوورێکە) تەنیا شوێنی کارتێکەری خۆیەتی: ئەوە شوێنێکە کە مەرگی زمان تێیدا بەدی دەکرێ. ئەو دوو لایەنە، بەهۆی هێنانەمەیدانی چەشنێک ڕێک کەوتن، پێویستن. فەرهەنگ و

17- Kâmasûtra

18- Sade

19- pornographique

لەناوچوونی هیچ کامیان هەوەسبزوێن[٢٠] نین؛ ئەوە قەڵەشتی ئەم یا ئەوەکە هەوەس هەڵسێنە. خۆشیی دەق ئەو ساتە نائارامە، نەشیاوە و بەتەواوی چیرۆک ئامێزەیە کە کابرای "لیبێرتەن[٢١]" دوای پیلانێکی بێ باکانە دەیچێژێ، بەبڕینی ئەو تەنافەی پێی هەڵاوسراوە، لەو کاتەی ڕەحەت دەبێ.

لێرەرا ڕەنگە ڕێگەیەک هەبێ بۆ هەڵسەنگاندنی ئاسەوارەکانی مۆدێرنیتە: بایەخی ئەم ئاسەوارانە بەهۆی دوو فاقەبوونیانە. مەبەست ئەوەیە کە ئەم ئاسەوارانە هەموو کات دوو لایەنیان هەیە. هەڵبەت ڕەنگە لایەنی تێکدەرانە گرینگی زیاتری پێ بدرێ، چونکو ئەم لایەنە نوێنەری توند و تیژی یە؛ بەڵام ئەوە توندوتیژییە نییە کە کار دەکاتە سەر خۆشی؛ ئەم لایەنە زۆر مەبەستی تێک دان نییە، ئەوەی دەیەوێ، شوێنی تەسکبوونەوەیەکە، کێماییەک، دابڕانێک، هەسوونێک، وردەوردە کووژانەوەیەک کە لە جەرگەی ڕەحەتبوون بەربینگ بەبکەر دەگرێ. کەوابوو، فەرهەنگ وەک لایەن هەمدیسان خوێ دەنوێنی و دەتوانێ هەر روخسارێک بگرێ.

هەڵبەت بەتایبەت (لێرەدایە کە ئەو لایەنە بەڕوونترین چەشن دەردەکەوی) روخساری راستییەکی پەتی: زمان، وشەکانی، کێشناسی، دەنگناسی. لە کتێبی " یاساکان[٢٢]" نووسراوی فیلیپ سۆلێرس[٢٣] هەموو شتێک هێرشی دەکرێتە سەر، هەموو شتێک تووشی هەڵوەشانەوە دەبێ: بینا ئیدۆلۆجیکەکان، هاوکاری و هاودەردی روناکبیرانە، جیاکرانەوەی شێوازەکانی ئاخافتن، و بگرە بینای پیرۆزی ڕستەسازی[٢٤] (بکەر[٢٥]/ راگەیەنەر[٢٦]): ئیدی ڕستە

---

20- érotique

21- Libertin

22- Lois

23- Philippe Sollers

24- Syntaxe

25- Sujet

26-Prédicat

نموونەی دەق نییە، بگرە زۆرجار تەوژمێکی بەهێزی وشەکانە، شریتێکی ژێر – زمانە کە هەڵدەداتە سەرێ. بەڵام، هەموو ئەو شتانە خۆی لە لایەنێکی تر دەدا. لایەنێ کێش[٢٧] (کێشی دەبڕگەیی[٢٨])، هاودەنگی[٢٩] (جناس مصوت)، وشەی داتاشراوی لە ڕاست چوو، کێشە پڕ دەنگەکان، وشەی ئاسایی (هێندراو[٣٠]). هەڵوەشاندنی زمان بەهۆی تووشبوونی فەرهەنگی زۆر کۆنی شاندەر[٣١] (دال)، لە ڕێی وتاری ڕامیاری دابڕینی بەسەر دادێ.

لە کتێبی "کۆبرا[٣٢]" لە نووسینی سێوێرۆ ساردوی[٣٣] (وەرگێڕاوی سولێرس و نووسەر بۆ خۆی) دو چەشنەخۆشی نۆرە بەنۆرە و بە باری زۆرێدا خۆ دەنوێنن؛ لایەنی تر، بەختەوەریکی ترە: دەێ، دەێ، دەێ زیاتر! دیسان وشەیەکی تر، دیسان چێژن و خۆشییەکی تر. زمان لە شوێنێکی تر و بەهۆی شەپۆلی بەتەوژمی هەموو خۆشییەکانی ئاخاوتن پێک دێتەوە. کام شوێن؟ لە بەحەشتی وشەکان. ئەو دەقەش بەڕاستی دەقێکی بەحەشتییە، خەیاڵییە (بێ شوێنە)، پێکهاتەیەکی ترە بەگەشاوەیی: هەموو شاندەرەکان لەوێن و هەر کامیان مەبەست دەپێکن؛ دانەر (خوێنەر) وێ دەچێ بەوان بڵێ: هەمووتانم خۆش دەوێ (وشەکان، زاراوەکان، ڕستەکان، ئاوەڵناوەکان، دابڕانەکان: بەشێوەیەکی تێکەڵ پێکەڵ: نیشانەکان و ڕواڵەتی شتەکان کە ئەو نیشانانە دەینوێنن)؛ جۆرێک فرانسیسکانیسم[٣٤] داوا لە هەموو وشەکان دەکا بنیشن، پەلە بکەن و سەرلەنوێ بڕۆن: دەقێکی ڕەنگامە؛ هیچ شتێک لە ئێمەی خوێنەر درێخی ناکرێ، وەک ئەو زارۆکانەی دایک و بابیان قەت پێیان ناڵێن نا، یان

27-Mètre

28-Décasyllabique

29- Assonance

30- Citationnel

31-Signifiant

32-Cobra

33-Severo Sarduy

34- Franciscanisme

سەرکۆنە ناکرێن یا خراپتر لەوەمەودای هەموو شتێکیان پێ دەدرێ. ئەو دەقە بەڵێنی شادیکی بەردەوامە، ساتێکە کە خۆشیی زمانی بەهۆی لە رادەبەدەربوونی، بینەقاقەی خوێنەر دەگرێ و وەردەگەڕێتە نێو سەرخۆشی.

فلۆبێر[٣٥]: شێوەیەک برینەوە، کونکردنی وتار بێ بەتاڵکردنی لە مانا.

هەڵبەت، لە هونەری دواندا شێوازی وەک دابڕانی پێکهاتەیی (لابردنی موسووف لە رستە[٣٦]) و دابڕانی شوێنکەوتوویی[٣٧] (بێ ئەمرازی[٣٨]) بەرچاو دەکەون؛ بەڵام، یەکەم جار، دەگەڵ فلۆبێر، دابڕان ئیدی تایبەتی، بڵاو، زۆر دیار نییە کە لەنێو مادەی بێ بایەخی وتەیەکی ئاسایی جێگیر کرابێ: ئیدی لە کەناری ئەو مەجازانە زمانێک بوونی نییە (بەوتەیەکی تر، تەنیا هەر زمان[٣٩] بوونییە)؛ جۆرێک لابردنی گشتی ئامرازی بەستنەوە (ادات عطف) تەواوی رستە و دەربڕین دادەگرێ، بەچەشنێک کە ئەو وتارە ئاشکرایە لەبنەوە شێتانەترین وتارە: هەموو بایەخ و مانای مەنتیقی لە نێوان وردەمەوداکان هەڵکەوتووە.

ئەمەش باری یەکجار ناسک و تا رادەیەک لەرزۆکی وتارە[٤٠]: دۆخی گێرانەوەهەڵدەوەشێ، بەڵام داستان هەر وا دیار دەمێنێتەوە: دوو لێواری قەڵەشتەکە قەت ئەوەندە روون و باریک نەبوون، و قەت خۆشیی ئاوا بەخوێنەر نەنواندراوە، هەڵبەت بەمەرجێک خوێنەر مەرخی هێندێک دابڕانی چاودێریکراو، نەریتی دەستێوەردراو و تێکشکانی ناراستە و خۆی هەبێ. جگە لەسەرکەوتوویی کە لێرەدا دەتوانرێ بخرێتە پاڵ نووسەرێک، خۆشیی ئەنجامی کارێکی مەزنیشی پێوە زیاد دەکرێ: مەزنێتی ئەو کارە لە راگرتنی

35- Flaubert

36- Anacoluthe

37- Subordination

38-Asyndète

39- Langue

40-Discours

"لاسـايی[٤١]" زمـانە (زمـان دەمـەلاسـكەی خـۆی دەكـا) كە سـەرچاوەی گەلێک خۆشـیی بەرزە، بەشێوەیەكی ئەوەندە ڕیشـەییی لێڵ (لێڵ لە بنچینەدا) كە دەق قەت نەكەوێتە ژێر ركێفی هەسـتی لەخۆ ڕازیبوونی (یان ناڕازیبوونی) لاسـایی (لاسـایی پێكەنینێكی خـەسـێنەر، "چەشنێک كـۆمـیـدی كـە دەبێـتـە هـۆی پێكەنین").

ئاخـۆ هەوەس هەڵسـێنتـرین شـوێنی لـەشـێک ئەو جێیـە نییـە كـە كـراس دەترازێ (لادەدرێ)؟ لە لاڕێبوونی[٤٢] ئەخلاقیدا (كە گۆڕەپانی خۆشـیی دەقە) "شـــوێنی هـەوەس هـەڵسـێن" بـوونی نـیـیــە (هەلـبـەت ئەم زاراوەیە برێكیش ڕەنجـێنە)؛ هەروەک دەروونـتـوێژی[٤٣] دەڵێ، ئەوەی هـەوەسـبـزوێنە، مـەودایە، مەودای پێستێک كە لە نێوان دوو كوت (دەرپێ و كراس)، دوو لێوار (كراسـی دووگـمـە كـراوە، دەسكێش و قـۆڵ) دەدرەوشـێـتـەوە؛ هەر ئەو درەوشـانەوە یا باشـترە بڵێین هەر نـواندنی دیمەنی چەشنێک وەدەركەوتن – لەبەر چاونبوونە كە هەڵدەفریوێنێ.

خۆشیی دەق، خۆشیی سـتریپ – تیز[٤٤] (خـۆ رووتكردنەوە) یا هەڵپەسێران لە گێرانەوە (چیـرۆک)دا نییـە. لە هـەر كـام لەم دوو بارەدا، نەترازانێک هەیە نەلێـــوارێک: بگرە، چەشـنێک وەدەرخـســـتنی هێـــدكی لە ئارا دایە: هـەر ئارۆزیانێک بە هیـوای دیتنی زایەند (خـەونی هەر قوتابییەک) یا ئاگەداربوون لە كـۆتاییی چیـرۆک (هەداری چیـرۆک) خـۆی داڵ دەدەدات. سـەیر ئەوەیە كـە خۆشـیی دەق (لـەبەرئەوەی مـەسـرەفی جـەمـاوەری هـەیە) لە خـۆشـیـیـەكـەی تر عـەقڵـیـتـرە: خـۆشـیی دەق وەک خـۆشـیـیـەكی ئێـدیپی (ئاشكراكـردن، زانین، ناسـیـنی سـەرەتا و ئـەنجـام)، دەچێ، ئەگـەر ئـەوەمـان پێ ڕاست بـێ كـە هـەر چیرۆكێک (دەركەوتنی هەر ڕاستییەک) نیشاندانی باوكە (بزر، شاردراوەیان

41-Mimesis

42-Perversion

43-Psychanalyse

44-Strip-tease

بەڕاست دانراو) – کە هەڵبەت ئەو شتە پێوندیی روخسارەکانی گێڕانەوە، پێکهاتەکانی خێزان و پاوانەکانی ڕووتی نیشان دەدا کە هەموویان، لە کن ئێمە لە ئوستورەی نووح خۆی دەنوێنی کە کوڕەکانی دای دەپۆشن.

بەلام، کلاسیکترین رۆمانیش (رۆمانیکی زۆلا، بالزاک، دیکێنز، تۆلستۆی) هەڵگری چەشنیک " کورتکردنەوەی[٤٥]" لاواز کراوە: ئێمە هەمووی ئەم چەشنە رۆمانانە بە ڕەوتێکی یەکسان ناخوێنینەوە؛ ڕیتمێک دادەمەزرێ بەربڵاو کە زۆر گوێ لە تەواوی دەق نییە؛ حەیا مەیلی زۆری ئاگەدار بوون لە دوا ماوەی چیرۆک وامان لێ دەکا بەلای هێندێک بەش (کە پێمان وایە ڕەنگە"وەڕەزمان کا ") تێپەڕین و بەسەریاندا باز دەین بۆ وەی زوو بچینە سەر چیرۆکەکە (کە لە راستیدا جومگەی چیرۆکن: ئەو شتانەی پەردە لەسەر نهێنی یا چارەنووسی چیرۆک لادەدەن و چیرۆک بەرەو پێش دەبەن): ئێمە بێ ترس لە پرسینەوە، بەسەر وەسفەکان، لێکدانەوەکان، شیکردنەوەکان، تێبینییەکان، دیالۆگەکان باز دەدەین؛ لەو وەختەدا وەک تەماشاکەری کابارەیەک دەچین کە بچێتە سەر تەختەشانۆ و بەرووتکردنەوەی بەپەلە بەڵام بەتەکووزی سەماکەر، رەوتی خۆ رووتکردنەوە ئەو توند کا: لەلایەک ڕێز لە بەشەکانی ئەو ڕێوشوێنە دەگرێ، لەلایەکی تریش، ڕەوتیان توند دەکا(وەک مەلایەک کە نوێژەکەی قوت دەدا). کورتکردنەوە وەک سەرچاوەیەک یا روخسارێکی خۆشی، دوو لایەنی بێ نرخ دەگەڵ یەک بەراورد دەکا؛ کوردتکردنەوە ئەوەی بۆ زانینی نهێنی بەکەڵکە دەخاتە بەرانبەر ئەوەی هیچ سوودێکی نییە؛ ئەوە کە لێنێکە لە ئەسڵی ساکاری بەکەڵکبوون سەرچاوە دەگرێ؛ کورتکردنەوە نەک لە رۆخی پێکهاتەی زمانەکان، بگرە تەنیا لە کاتی بەکارهاتنیان ڕوو دەدا؛ نووسەر ناتوانێ پێشبینی بکا: ئەو ناتوانێ بێەوێ شتێک بنووسێ کە نایخوێننەوە. بەڵام، ئەوەریتمی ئەو بەشانەی دەخوێندرێنەوە و ئەوانەی ناخوێندرێنەوەیە کە خۆشی چیرۆکەمەزنەکان پێک دێنێ: ئاخۆ کەس هەیە پرووست، بالزاک یا رۆمانی "شەڕ و ئاشتی"

45-Tmèse

تۆلستۆی وشە بەوشە خوێندبێتەوە؟ (خودان بەخت پرووستە چونکو هەر کاتێک (دیسان) دەیخوێنینەوە، هەر جارێ بەشێکی جیاوازی دەپەڕێنین).

کەوابوو، ئەو شتەی کە من لە چیرۆکێکدا دەیچێژم، راستەوخۆ نەناوەرۆک و نەپێکهاتەکەیەتی، بگرە زیاتر ئەو رووشانەیە کە بەسەر توێخی جوانی بەرگەکەدا دەیسەپێنم: هەڵدێم، باز دەدەم، سەرم هەڵدێنم، و دیسان خەریک دەبمەوە. ئەم کارە زۆر جیاوازە لەو درانە قووڵەی کە دەقی سەرخۆشی بەسەر زمانی دێنێ، و نەک بەسەر خوێندنەوەی.

لە ئاکامدا، دوو شێوازی خوێندنەوەهەیە: یەکەمیان راست دەچێتە سەر جومگەکانی رووداو، پانتاییی دەق لە بەرچاو دەگرێ و گوێ ناداتە کایەکانی زمان (کاتی خوێندنەوەی چیرۆکەکانی ژۆل ڤێرن[٤٦]، پەلە دەکەم: بەشێک لە وتارەکە لە کیس دەدەم، بەلاّم سەرەڕای ئەوەش، خوێندنەوەی من گراوی هیچ ونبوونێکی رەوتی[٤٧] زمانی نییە – بەو مانایەی ئەو وشەیە دەکرێ لە ئەشکەوتناسی[٤٨] هەی بێ؛ شێوازی دووەمی خوێندنەوە لە هیچ شتێ ناگوزەرێ ؛ قووڕسایی دەخاتە سەر دەق، پێوەی دەنووسێ، دەتوانین بڵێین بەوردبینی و سۆزەوە دەخوێنێتەوە، لە هەر شوێنێکی دەق پەراندنێک هەبێ دەیگرێ و کاریّ بەرووداو نییە: ئەو خوێندنەوەیە گیرۆدەی پەرەپێدانی (مەنتیقی) یا پەردەلادان لەسەر راستییەکان نییە، بگرە هۆگری واتەخوازییە[٤٩]؛ هەروەک کایەی دەس لەسەر دەس، وەجۆش هاتن ئاکامی پەلەیەکی شێوازی نییە، بگرە لە چەشنێک دەنگەدەنگی ستوونییەوە دێ (ستوونیبوونی زمان و هەڵوەشانی)؛ لەو کاتەی هەر دەستێک (دەستێکی جیاواز) دەپەڕێتە سەر دەستێکی تر (نەک دەستێک دوای دەستێکی تر)دایە کە کونێک پێک دێ و بەکەری کایە – بەکەری دەق– دەکێشێتە نێو خۆی. بەلاّم

---

46-Jules Verne

47-Perte

48-Spéléologie

49-Signifiance

سەیر ئەوەیە (بەپێچەوانەی ئەو باوەڕەی کە دەڵێ بۆ جارڕزنەبوون دەبێ پەلە بکەی) ئەم خوێندنەوەی دووەمە کە کرداری و وردە (بەمانایەکی تایبەتی) خوێندنەوەیەکی چەسپاوە بۆ دەقی مۆدێرن، بۆ دەقی دوایی (ڕێدراو). بەشێنەیی ڕۆمانێک زۆلا بخوێننەوە، هەمووی بخوێننەوە، هێزی خوێندنەوە وەلێ دەبڕێ؛ بەپەلە و بەش بەش دەقێکی مودێرن بخوێننەوە، دەقەکە لێڵ هەڵدەگەڕێ و پێشی خۆشیتان دەگرێ (ڕێی خۆشی بەربەست دەکا). دەتانەوێ شتێک ڕووبدا، هیچ شتێک ڕوو نادا؛ چونکو ئەو شتەی لە (بۆ) زمان ڕوو دەدا، لە وتار ڕوو نادا: ئەوەی "پێش دێ"، ئەوەی "قوتار دەبێ"، کە لەبەری دوو لێوار، ڕۆچنەی سەرخۆشی لە بارستی زمانەکان دەردەکەوێ، لە کردەوەی دەربڕین، نەک لە زنجیرەی ڕستەکان: قووتنەدان، لووشنەکردن، بەڵکوو لەوەڕان، هەڵپاچین بەوردی؛ دۆزینەوی خۆلیای خویندنەوەکانی پێشوو بۆ خوێندنەوەی نووسەرانی ئەورۆ: خوینەرێکی ئەریستۆکرات[٥٠] بوون.

***

ئەگەر ڕازی بم دەقێک بەپێوەر خۆشی هەڵسەنگێنم، ناتوانم هەر لەخۆوە بڵێم: ئەوە باشە، ئەوەیان خراپە. نە پەسن بێژی نە ڕەخنە، چونکو ڕخنە هەموو کات مەبەستێکی تاکتیکی، نەریتێکی کۆمەڵایەتی، و زۆرجاریش قاپێکی خەیاڵیی بەدواوەیە. من ناتوانم بەراوردی بکەم یا بیر کەمەوە کە دەق بکرێ بگاتە پلەی بێ کەموکوڕی و ئامادەیە بچێتە نێو بازنەی کایەی هێندێک گوزارەی نموونەیی: زۆر ئەو شتەیە، بەڕادەی پێویست شتەکەی تر نییە؛ دەق (ئەو شتە بۆ ئەو دەنگەی گۆرانیش دەڵێ ڕاستە) تەنیا دەتوانی ئەو بڕیارە لە من وەرگری کە بەهێچ جۆرێک ئاوەڵناو نییە: ئەوەیە! یان هەمدیسان: بەبڕوای من ئەوەیە! ئەو " بەبڕوای من"ە نەدەروونییە، نەوجوودی نەنیچەیی ("... لە ڕاستیدا، بەردەوام پرسیارێک دێتە پێش: بەبڕوای من ئەوە چییە؟...").

---

50- Aristocratique

درەوشانەوەی[٥١] دەق (بەگشتی، بێ ئەو خاڵە دەقێک بوونی نییە) برێتییە (برێتی دەبێ) لە ویستی سەرخۆشی لەودا: ڕاست لەو جێیەی دەق لە داوا تێ دەپەڕێ، لە ڕادەی گروگاڵ دەردەچێ و لەم ڕێیەوە، هەوڵ دەدا بۆ شکاندنی دەستەڵاتی ئاوەڵناوەکان – کە دەرگەی زمانن و لە ڕێی وان، شالاوی ئیدۆلۆجی و خەیاڵ دێنە ژوورێ.

***

دەقی خۆشی: ئەو دەقەی ڕازی دەکا، پڕ دەکا، گەشکەگەیێنە[٥٢]؛ ئەو دەقەی لە فەرهەنگەوە دێ، دابڕانی لەو نییە، پێوەندی دەگەڵ چەشنێک کردەوەی ئاسوودەی خوێندنەوە هەیە. دەقی سەرخۆشی: ئەو دەقەی هەستی لەدەستچوون دەدا، دڵساردت دەکاتەوە (ڕەنگەی تا ڕادەی چەشنێک وەڕەزبوون)، بنەماکانی مێژویی، فەرهەنگی و دەروونی خوێنەر دەلەرزێنێ، پتەویی هەست و سەلیقە و بایەخەکان و بیرەوەرییەکانی؛ پێوەندی ئەو دەگەڵ زمان توشی قەیران دەکا.

بەڵام، ئەو بکەرەی ئەو دوو دەقەی لەژێر چاوە و هەوساری خۆشی و سەرخۆشی لەچنگ دایە، بکەرێکی باو نەماو و کۆنە چونکو هاوکات و بەشێوەیەکی ناکۆک بەشداری دەکا لە خۆشیپەرستی[٥٣] قووڵیی هەر فەرهنگێک (کە بەئارامی لەژێر شێوازێکی ژیان کە کتێبی کۆن بەشێکن لەو، دەچێتە ناخی ئەو) و هەروەها لە تێکشکانی ئەو فەرهەنگە: ئەم بکەرە لە پتەویی " منی[٥٤]"خۆی کەڵک وەردەگرێ (ئەوە خۆشییەکەیەتی) و بەدوای تێچوونی خۆیەتی (ئەوە کەیفەکەیەتی). ئەم بکەرە دوو جار دابەش بووە، دوو جار لاڕێ بووە.

***

51- Brio

52- Euphorie

53- Hédonisme

54- Moi

کۆمەڵەی دۆستانی دەق: ئەندامانی لەوانەیە هیچ خاڵێکی هاوبەشیان نەبێ (چونکە هەردەم یەک دەنگی لەسەر دیاریکردنی دەقەکانی خۆشی نییە) جگە لە دوژمنەکانیان: تاقمێک وەڕەزکەری هەمەجۆرە کە بەهۆی پێڕەوی لە نەریتی فەرهەنگی کۆمەڵ، یان بەهۆی عەقڵ باوەڕی سەرسەختانە (لە عاست چەشنێک " ڕێبازی ڕەها[٥٥]"ی ئەدەبیات ڕەشبینن)، یان لەبەر ئاکارناسی[٥٦] ڕامیاری، یان ڕەخنەی شاندەر یا کردەوە باوڕی گێلانە، یان گەوجێتی گاڵتەجاڕانە، یان بەهۆی هەڵوەشانی وتار یان نەمانی مەیلی ئاخافتن فەرمانی نەهێشتنی دەق و خۆشیی دەق دەدەن. کۆمەڵێکی وا جێ و ڕێی نییە و تەنیا لە بێ شوێنێکی تەواودا دەتوانێ بجوڵێتەوە؛ بەڵام لە چەشنێک کۆمەڵگەی هاوبەش دەچێ چونکو لەوێ دان بەناکۆکییەکان دەنرێ (کەوابوو مەترسییەکانی ساختەچێتی ئیدۆلۆجیک کەم دەکرێنەوە)، جیاوازی لەوێ پێڕەوی دەکرێ و کێشەکان بێ مانان (لەبەرئەوەی بەرهەمهێنەری خۆشی نین).

"با جیاوازی لە ناکاو و ناخافڵ بخزێتە شوێن کێشە." جیاوازی ئەو شتە نییە کە کێشە داپۆشێ یا نەرمی کاتەوە: جیاوازی لە ڕێی خەبات دژی کێشە بەدەست دێ و لەسەر یا لە کەناری ئەوە. کێشە شتێک نییە جگە لەباری ئاکاری جیاوازی؛ هەر جارێ (و ئەو شتە زۆر دێتە پێش) کە کێشە تاکتیکی نەبێ (یانی مەبەستی گۆڕینی دۆخێکی ڕاستەقینە بێ) دەتوانین لەودا لەدەستچوونی هەلی سەرخۆشبوون، شکستی لاڕێبوونێک بەدی بکەین کە لەژێر هێماکانی خۆی ورد و خاش دەبێ و ناتوانێ چیی تر خولقێنەر بێ: کێشە هەموو کات پڕ هێمایە، دەستدرێژی شتێک نییە جگە لە سواوترین و کۆنترین زمان. بەمل نەدان بەتوندوتیژی، لە ڕاستیدا من ناچمە ژێر باری هێماوە (لە دەقی "سادی" کە لە دەرەوەی هەر هێمایەک هەڵدەکەوێ لەبەرئەوەی دایمە و دەرهەم خۆی دەخولقێنێ و تەنیا هەر خۆی، کێشە بوونی

55- Mystique

56- Pragmatisme

نییە: تەنیا سەرکەوتن هەیە و هیچی تر). دەقم بەدڵە لەبەرئەوەی ئەو مەودا دەگمەنەی زمان هی خۆمە، مەودایەک کە لەودا هەر چەشنە"دمەقرە" (بەمانایەک کە لەنێو خێزان و ژن و مێرد هەیە) و شەڕەقسە بزر و نادیارە. دەق قەت "وتووێژ" نییە: هیچ مەترسییەکی بەدرۆ پێشاندان، دەستدرێژی، هەڕەشەو بێدەنگکردن و ململانێی نێوان ئاخافتنی تاکەکان بەدی ناکرێ؛ دەق لەنێو پێوەندی ئینسانی – ئێستا– دا، جۆرە دوورگەیەک دادەمەزرێنێ، سروشتی ناکۆمەڵایەتی خۆشی ئاشکرا دەکا (تەنیا سەرگەرمی باری کۆمەڵایەتی هەیە)، ڕاستی تەریقکەری سەرخۆشی نیشان دەدا: ئەو ڕاستییە کە بە لەبەینچوونی هەر خەیاڵێکی گوتار[٥٧]، دەتوانێ بێ لایەن بێ.

لەسەر دیمەنی دەق دیوارە چرای دیمەنی شانۆ بوونی نییە: نە لە پەشت دەق کەسێکی کارا (نووسەر) هەیە نە لە پێش ئەو کەسێکی ناکارا (خوێنەر)؛ نەبکەر (فاعل) هەیە نە کارلێکراو (مفعول). دەق هەڵوێستەکانی ڕێزمانی دەخاتە ژێر پرسیار: دەق بەوتەی نووسەری پەڕگر "ئانژێلووس سیلێسیووس[٥٨]" بڕێتییە لە چاوێکی بێ دەربەستکراو: "ئەو چاوەی من یەزدانی پێ دەبینم، هەر ئەو چاوەیە بکەر منی پێ دەبینێ."

دەڵێن زانایانی عەرەب، کاتێ باسی دەق دەکەن ئەم زاراوە جوانە بەکار دێنن: لەشی پەتی (متن). کام لەش؟ ئێمە چەند لەشمان هەیە: لەشی توێکاران و فیزیولۆجیستەکان، لەشێک کە زانست دەیبینێ و باسی دەکا: ئەوە لەشێکە کە ڕێزماننناسان، ڕەخنەگران، لێکدەران و وشەناسان باسی دەکەن (فینۆتێکست[٥٩] یا دەقی دیار). بەڵام ئێمە لەشێکی کەشمان هەیە کە تەنیا لە پێوەندییەکانی هەوەسبزوێن (شەهوانی) پێک هاتووە و لە چەشنەکەی تر جیاوازە: ئەم لەشە نەخشە و نێوێکی تری هەیە؛ دەقیش وایە: دەق شتێک نییە جگە لە پێرستێکی کراوەی چراکانی زمان (ئەم چرا زیندووانە، ئەم

57- Parole

58- Angelus Silesius

59- Phéno-texte

ڕووناکایی ناوبەناوانە، ئەو هێڵە گەڕۆکانەی وەک تۆ و لە شوێن شوێنی دەق بەتۆکمەیی چاندراون و لەلای ئێمە بەباشی جێی " ئاگری زیندوو[٦٠]"، "تۆوی هەرمانی[٦١]"، چەمکەکانی هاوبەش و گریمانە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی کۆن دەگرنەوە). ئاخۆ دەق روخسارێکی ئینسانی هەیە، مەجاز و بەرەواژی لەشە؟ بەڵێ، بەڵام بەرەواژی[٦٢] لەشی شەهوانی ئێمە. خۆشیی دەق ناگۆڕدرێتە سەر باری ئەرکی ڕێزمانیی کەی (باری ڕواڵەتی یا فێنوتێکست)، هەروەک چۆن خۆشیی لەش لە مەیلی فیزیۆلۆجیک کورت ناکرێتەوە.

خۆشیی دەق، ئەم ساتەیە کە لەشی من وەدوای بیرەکانی خۆی دەکەوێ ـ چونکو بیرەکانی لەشی من لەگەڵ بیرەکانی من یەک نین.

***

چۆن حەز لە خۆشییەکی گواستراوە[٦٣] وەرگرین (وەرەسبوونمان لە چیرۆکی خەونەکان و جێژنەکان)؟ ڕەخنەچۆن بخوێنینەوە؟ تەنیا ڕێگەیەک هەیە: چۆن من خوێنەرێکی پلە دووەمم، دەبێ هەڵوێستەکەم بگۆڕم: ئەو خۆشیی ڕەخنەییە، لە باتی ئەوەی من ڕازی بم ببمە ڕازگری- کە تەنیا دەبیتە هۆی لەکێسدانی خۆشی- من دەتوانم ببمە سەرەتاتکێکەر: بەدزی سەیری خۆشیی کەسێکی تر بکەم، لەو کاتەدا دەچمە نێو بازنەی لاڕێبوون؛ ئەو وەختە بەبڕوای من، لێکدانەوەدەبێتە دەقێک، چیرۆکێک، پەردەیەکی درز بردوو. لاڕێبوونی نووسەر (خۆشیی نووسین لە لای نووسەر بێ ئەرکە) دووبارە و سێبارە، لاڕێبوونی ڕەخنەگر و خوێنەرەکەی بێ سنوور و بەهەزارە.

دەقێک کە لەسەر خۆشی بێ، تەنیا دەبێ کورت بێ (هەروەک چۆن دەڵێن: " هەر ئەوەندەیە؟ کەمێک کورتە)، لەبەرئەوەی خۆشی تەنیا لە ڕێی ناڕاستە و خۆی داوایەک دەردەبڕدرێ (مافی خۆشیم هەیە)، ناتوانین لە دیالێکتێکی

60- semina aeternitatis

61- zopyra

62- Anagramme

63- Rapporté

پوختـەی جـووت قـۆناخی بێینە دەرێ: قـۆنـاخی "دوکسـا"[٦٤] (بیـروباوەڕی گشـتی) و قۆناخی " پارادۆکسا[٦٥]" (بردنەژێر پرسیار، ناکۆکی). قۆناغێکی سێەمیشمان کەمە کە جیاوازە لە قۆناخی خۆشی و لۆمەی خۆشی (سانسۆر کـردنی). ئەم قـۆناخـە دادەنرێ بۆ دوایی، تا ئـەو کـاتەی خـۆمـان بـەنێـوی "خۆشی" هەڵواسیوە، دەقێک کە لەسەر خۆشییە تەنیا دەتوانێ فراوانکەر بێ؛ ئەم دەقە پێشـەکـیـەک دەبێ بۆ ئەو شـتـەی قـەت نانووسـرێ. لە چەشنی بەرهەمەکانی هونەری هاوەچەرخ، کە هەر دوای دیتنیان، پێویستیی خۆیان تەواو دەکـەن (چونکو بەبینینیـان دەس بەجـێ تێ دەگـەی کـە ئەم بەرهـەمـانە ئامانجی چ مەبەستێکی وێرانکەرن: لەوان هیچ بەردەوامێکی ڕوانینی[٦٦] یان لەمگێزی[٦٧] بەدی ناکرێ)، پێشەکییەکی وا تەنیا دەکرێ دوویات ببێتەوە بێ وەی قەت خستنەڕوو و پێشکێشکردنی شتێک بێ.

***

وا نییـە کە خۆشیی دەق هەموو کات سـەرکەوتووانە، قـارەمانانە و زۆرەملێ بێ. پێویست ناکا پاڵەوانێتی بنوێنێ. خۆشی من دەکرێ زۆر چاک ڕوخساری (لاڕێبـوون بەخـۆوە بگرێ. هـەر جارێک کە من ڕێز لە گشت (دەق) ناگرم، هـەر جارێک کـە بەڕواڵەت من وەک چیلکەی سـەر ئاو بە مـەیلی خـەیاڵە خـاوەکان، تەفرەکان و تۆقاندنەکانی زمان، ئەوەندەبۆ ئەملا و ئەولا دەکێشرێم کە لە جێی خــۆم بێ جــووڵە ڕادەوەســتـم، و بەدەوری ســـەرخـۆشـێکی لاســار کــە من دەبەستێتـەوە بەدەق (بەدنیا) دەسـووڕێمەوە، لاڕێبـوون دێتە پێش. هـەر کاتێک زەمـانی کۆمـەڵایەتی یـان "سـۆسـیـۆلێکت[٦٨]" لەلای من بوونی نییـە (وەک چۆن دەڵێن: زاتم نییـە)، لاڕێبوون لە ئارادایە. نێوێکی تری لاڕێبوون "لاسـاری" یا ڕەنگە "دەبەنگی" بێ.

64- Doxa

65- Paradoxa

66- conemplative

67- Délectative

68- Sociolecte

بەڵام، ئەگەر ئەم کارە لەدەستمان هاتبا، باسی لاڕێبوون (کردن)، ئەوڕۆکە دەبوو بە وتارێکی خۆکوژانە.

***

خۆشیی دەق، دەقی خۆشی: ئەم زاراوانە لێڵ و دوو لایەنن چونکو لە زمانی فرەنسە، وشەیەک نییە کە هاوکات خۆشی (دامرکاندن) و سەرخۆشی (لەخۆچوون) بگرێتەوە. کەوابوو، لێرەدا، "خۆشی" (بێ ئەوەی بتوانین ڕێگەی لێ بگرین) جاری وایە ئاوەڵەیە بەڕووی سەرخۆشی، جاری واشە لە بەرامبەری ڕادەوەستێ. بەڵام، من دەبێ دەگەڵ ئەم لێڵییە بسازێم؛ چونکو لەلایەکەوە، هەر کاتێک دەبێ ئاماژە بەتەلاسی دەق بکەین یانی بەهەر شتێک کە لە دەروونی دەق لە ڕادەی ئەرکی کۆمەڵایەتی و هەر کردارێک (پێکهێنەر، ساختاری) تێ دەپەڕێ، من پێویستیم بە" خۆشییەکی" گشتی هەیە؛ لەلایەکی تر، من پێویستیم بە" خۆشییەکی" تایبەتی هەیە کە بەشێکی ساکارە لە "گشتخۆشی"، هەموو جارێک کە دەبێ گەشکە، دامرکان و ئاسوودەیی (هەستی تێری کە فەرهەنگ بێ دەربەست بچێتە ناوی) جیا کەمەوە لە ڕاتەکان، ڕاوەشان، لە لەکیسچوون کە تایبەتن بەسەرخۆشی. من ناچارم ئەم لێڵییە قبووڵ کەم چونکو ناتوانم وشەی "خۆشی " دابێژم لەو مانایانەی جاروبار پێم خۆش نین: من ناتوانم نەهێلم کەوشەی "خۆشی" هاوکات ئاماژە نەبێ بۆ شتێکی گشتی (بنەمای خۆشی) و بەچەشنێک بچووککردنەوە (حۆلەکان هەمیشە لەو دنیایەن بۆ خۆشیێ بچووکەکانی ئێمە"). کەوابوو، ناچارم ڕێ بدەم ڕستەی دەقەکەم لەم دژبێژییەدا بڕواتە پێش.

ئاخۆ خۆشی تەنیا سەرخۆشێکی کەمە؟ ئاخۆ سەرخۆشی ئەوپەڕی خۆشییە؟ خۆشی هەر سەرخۆشێکی بێ تینی، پێ قایل بووی ـ کلا بوو بەکۆمەڵێک چاوپۆشینی پلەپلە نییە؟ سەرخۆشی تەنیا خۆشییەکی کتوپڕ و دەستبەجێ نییە؟ شێوازی گێڕانەوەی مێژووی مۆدێرنیتە لەلایان ئێمەوە دەگەڕێتەوە بەوڵام (ئەرێ یان نا) بەم پرسیارانە. لەبەرئەوەی ئەگەر من دەڵێم لە نێوان خۆشی و سەرخۆشی تەنیا جیاوازییەکی پلەیی هەیە، مانای ئەوەیە

کە مـێـژوو سـرەوتی گرتووە: دەقی سـەرخـۆشـی شـتێک نییـە جگە لە پەرەی مەنتیقی، رێکوپێک و مێژووی دەقی خۆشی، فـەرهـەنگی پێشرەو شتێک نییە جگە لە روخسـاری پێشکەوتوو و رزگارکراوی فـەرهـەنگی پێشـوو: ئەمرۆ لە ناخی دوێنێ دێتـەدەر، رۆب گرییە[69] لەوەپێش لە فلۆبێردا هەبووە، سۆلێرس لە رابلێ[70]، و هـەمـوو تابلۆکانی نیکۆلا دو ستـال[71] لە دوو سـانتی مـێتـری چوارگۆشەی سێزان[72]دا. بەڵام ئەگەر بەپێچەوانە لەو بڕوایەدا بم کە خۆشی و سـەرخـۆشی دوو هێـزی هاورێکن کـەقـەت پێک ناگـەن و نێـوانیـان تـەنیـا کێشـەیەک بەنێوی "لێک دابڕان[73]" هەیە، ئەو کات دەبێ تەواو وای دانێم کە مێـژوو، مـێـژووی ئێمـە بێ سرەوت و نائارامـە، بگرە رەنگە ژیرانەش نەبێ و ئەوە کـە دەقی سـەرخـۆشی لـەم مـێـژوویەدا بەردەوام وەک کـارێکی ناشـیـرین (وەک شـــتـــێکی ســـەقـــەت) خـــۆی دەبێ و دایمـە شـــوێنی (دا)بڕانێک و پەسـەندکرانێکە (و نەک گەشـانەوەیەک) و بکەری ئەم مـێـژوویە (ئەم بکەرەی مـێـژوویەی کە منم لە نێـوان ئەوانی تر)، بـێ ئەوەی بتـوانێ هاوکـات چێـژ لە ئاســەواری رابردوو وەرگـرێ و بەرەوتێکی دیالێکتـیکی جـوانی لێکدانەوە، پشـــتـــیـــوانی ئـاســـەواری نوێ بێ، هـەمـــوو کـــات چەشـنێک" دژبێـــژێکی زیندوو[74]"یە: بکەرێکی دابەشـبـوو، کە لە رێی دەقەوە هاوکات لە پتـەویی[75] "منـی" خۆی و شکانی سەرخۆش دەبێ.

تەنانەت ئـەوەتا دەروونـتوێژیش ئامێـرێکی نارِاسـتـەوخـۆمـان دەداتێ بۆ لە بەرامبـەر یەک دانانی دەقی خۆشـی و دەقی سـەرخۆشی: خـۆشـی "واتەنی[76]"

69- Robbe-Grillet

70- Rabelais

71- Nicolas de Stael

72- Cézanne

73- Incommunication

74- Contradiction vivante

75- Consistance

76- Dicible

یە بەڵام سەرخۆشی شیاوی وتن نییە.

سەرخۆشی "نا–واتەنی[77]"یە، قەدەخەیە. لەو بارەوەیە دەتانگەڕێنمەوە بۆ وتەکانی لاکان[78] (ئەو شتەی دەبێ پێی ڕازی بین ئەوەیە کە سەرخۆشی لەو کەسەی هەروا لەخۆوە قسە دەکا قەدەخەیە یا باشترە بڵێین سەرخۆشی تەنیا بەتوێکڵ دەوترێ...) و لوکلێر[79] ("ئەو کەسەی دەبێژێ، بەوتنەکەی سەرخۆشی لە خۆی قەدەخە دەکا، و هەر بەم جۆرە، ئەو کەسەی چێژ دەگرێ هەر جۆرە پیت و هەر وتەیەکی شیاو لەنێو بێ سنووری هەڵوەشاندنەوەیەکدا قوم دەکا کە ڕێزی لێ دەگرێ.)

نووسەری خۆشی (و خوێنەرەکەی) بەواژە[80] ڕازییە؛ بەدەس هەڵگرتن لەسەرخۆشی، ئەو مافی و توانایی دەربڕینی (سەرخۆشی) هەیە: واژە خۆشییەکەیەتی؛ وەک هەموو ئەوانەی زمانیان خۆش دەوێ (و نەک گوتار) ئەو خولیای وشەیە، هەموو زمان پاراون، نووسەران، نامەنووسان، زماناسان؛ کەوابوو دەکرێ باسی دەقی خۆشی بکرێ(هیچ گفتوگۆیەک لەسەر هەڵوەشانەوەی سەرخۆشی لە ئارادا نییە): ڕەخنە هەموو کات لەسەر دەقی خۆشییە نەک لە سەر دەقی سەرخۆشی: فلۆبێر، پرووست، ستاندال[81] بەتێروتەسەلی لێکدانەوەیان لەسەر دەکرێ؛ ڕەخنە ئەو کات لەمەڕ دەقی پشتگیر باسی سەرخۆشییەکی بێهوودە، سەرخۆشییەکی پێشوو یا داهاتوو دەکا: ئێوەش دەیخوێننەوە، من خوێندوومەتەوە: ڕەخنە هەردەم مێژوویی یا ڕوو لە داهاتووە: کاتی ئێستای بەرچاو[82]، نواندنی سەرخۆشی لەو قەدەخەن؛ کەوابوو، بابەتێک کە بەردەوام حەزی لێیەتی فەرهەنگ یا کولتوورە

77- Indicible

78- Lacan

79- Leclaire

80- Lettre

81- Stendhal

82- Constatif

کە هەموو شتێکی ئێمەیە جگە لە ئێستەمان.

دەگەڵ نووسەری (دەقی) سەرخۆشی (و خوێنەرەکەی)، دەقێکی چەتوون و نەشیاو دەس پێ دەکا. ئەم چەشنە دەقە بەدەر لە خۆشی، بەدەر لە ڕەخنەیە، مەگین تووشی دەقێکی سەرخۆشی تر بووبێ: ئێوە ناتوانن "لەمەڕ" دەقێکی وا بدوێن، بگرە تەنیا دەتوانن "دەگەڵی" بدوێن، لە چەشنی ئەو، بێنە نێو جەرگەی دەقێکی ژێگرتووی شەیدا، بۆ دەربڕینی شێتانەی بۆشایی سەرخۆشی (و نەک بۆ دووپاتکردنەوەی ماخۆلیانەی واتای خۆشی).

***

هێندێک ئەفسانە دەیانەوێ پێمان بسەلمێنن کە خۆشی (و بەتایبەت دەقی خۆشی) بیرێکی ڕاستڕەوانەیە. ڕاستڕەوەکان بەجوولەیەک هەر شتێک دابڕاو لە واقیع، وەرەزکەر و رامیارییە پاڵیان پێوەنا بۆ لای چەپەکان و خۆشیشیان بۆ خۆیان هێشتەوە: بەخێر هاتن بۆ نێو ئێمە، ئێوە کە سەرەنجام هاتنە نێو خۆشیی ئەدەبیاتەوە! لەلای چەپەکانیش، بەهۆی باوەڕی ئەخلاقی[٨٣] (و بەلەبیرکردنی سیگارەکانی مارکس و برێشت[٨٤]) شک دەکە نەهەر چەشنە"پاشماوەی خۆشیپەرستی[٨٥]" و بەسووکی دەگرن. لەلای ڕاستەکان، خۆشی دژ ڕووناکبیران و قەشەکان دەخوازرێ: ئەوە هەمان ئەفسانەی کۆنەپەرستانەی " دڵ لە بەرامبەر مێشک، هەست لە بەرامبەر عەقل و " ژیان" (گەرموگوڕ) لە بەرامبەر" بیری ناواقیع" (ساردوسڕە): مەگەر کلۆد دوبووسی[٨٦] لە ئامۆژگارییەکی بێ هیوایانەدا ناڵێ هونەرمەند دەبێ ساکارانە هەوڵ بدا خۆشی (لەلای خوێنەر) بخوڵقێنێ؟ لەلای چەپڕەوەکان، زانست، ڕەوشت، پەیمانبستن و خەبات لە بەرامبەر "خۆشیی ساکار" (ئەی ئەگەر زانستیش خۆش و بەلەزەت بایە چی؟) دادەنرێ. هەردوو لا ئەو بیرە

83- Morale

84- Brecht

85- Résidu d'hédonisme

86- Claude Debussy

سەیرەیان هەیە کە دەڵێ خۆشی شتێکی ساکارە، بۆیە بەهی خۆیانی دەزانن یان بەسووکی دەگرن. بەڵام، خۆشی " هۆیەکی پێکهێنەر"ی دەق نییە، پاشماوەیەکی سادە نییە؛ خۆشی نەبەستراوەتە بەمەنتیقێکی عەقڵ و هەست؛ خۆشی لارێبوونێکە (لادانێکە)، شتێک کە هاوکات شۆڕشگێڕانە و ناکۆمەڵایەتییە کە هیچ کۆمەڵێک، هیچ نەریتێکی فکری و هیچ شێوە ئاخافتنێکی تاکی ناتوانێ وەئەستۆی خۆی بگرێ. دەکرێ بڵێین خۆشی شتێکی بێ لایەن و بێ ڕەنگە؟ دەبینین کە خۆشی دەق ریسواکەرە: نەک لەبەرئەوەی نا ئەخلاقییە، بگرە بەهۆی ئەوەی بێ شوێن و بابەتە[٨٧].

***

ئەم هەموو بەزمە زمانێ لەناو دەقدا بۆ چییە؟ ئاخۆ تەنتەنەی زمان بەشێکە لە سامانی ناپێویست، لە وردەخەرجیی بێهوودە، لە بەفیڕۆچوونێکی بێ مەرج؟ ئاخۆ ئاسەوارێکی مەزنی خاوەنی تایبەتمەندی خۆشی (بۆ نموونە بەرهەمەکانی پرووست) دەچێتە خانەی هێندێک پێکهاتەی وەک سێ قووچەکەی میسر؟ ئاخۆ ئەورۆکە، نووسەر جێگری پاشماوەیی دروێشی سواڵکەر[٨٨]، ڕەبەنی چۆلنشین[٨٩] و قەلەندەری (بوودایی) سەر تاشراوە[٩٠]: بێ ئیش و کار، بەڵام نادراو؟ ئاخۆ لە چەشنی کۆمەڵەی لایەنگرانی بوودایی[٩١]، جەماوەری نووسەریش، با هەر بیانوویەکیش بۆ بوونی خۆیان بێننەوە، تەنیا کۆمەڵگەی سوودخواز بەخێویان دەکا، نەک لەبەر ئەو شتەی نووسەر بەرهەمی دێنێ (نووسەر بەرهەمهێنەر نییە) بگرە لەبەر ئەو شتەی دەیسووتێنێ؟ زیادە لە پێویست بەڵام نەک بێ کەڵک؟

مۆدێرنیتە هەوڵێکی بەردەوامی داوە بۆ لێوڕێژکردنی گۆڕینەوە[٩٢]

87- Atopique

88- Mendiant

89- Moine

90- Bonze-

91- Sangha

92- Echange

(مبادله): مۆدێرنیته گەرەکێتی (بەخۆ هەڵاواردن له ڕاگەیاندنی گشتی) له بەرامبەر بازاڕی (فرۆش و کڕینی) ئاسەوارەکان، له بەرامبەر نیشانە (بەبەدەرکردنی مانا و له ڕێی شێتی) و له بەرامبه زایەندی ڕێ پێدراو[٩٣] (له ڕێی لاڕێبوون که سەرخۆشی له مەبەستی زاوزێکردن[٩٤] جیا دەکاتەوە) خۆ ڕاگرێ. بەڵام، ئەوە ئاو بەبێژینگدا کردنه: گۆڕینەوە بەڕاهێنانی ئەو شتەی وێ دەچێ حاشای لێ دەکا، هەموو شتێک دەقۆزێتەوە: گۆڕینەوە بەدەستوبرد دەق وەردەگرێ، دەیخاتە نێو جەغزی وردەخەرجیی بێ کەڵک، بەڵام یاسایی: بەم جۆرە دەق دیسان دێتەوە ناو بازنەی ئابووریی گشتی (ئەگەرچی تەنیا باری دەروونیشی بێ): لێرەدا بێکەڵکی دەقەکەیە کە بەکەڵکە، هەروەک دیارییەک. به وتەیەکی تر، کۆمەڵگە لەسەر باوی دابەشبوون دەژی: لێرە دەقێکی بەرز، ڕەها له هەر سوودخوازێک، لەوێ شتێکی بازرگانی کە بایەخەکەی... سروشتی خۆڕایی (ناپێویستی) ئەوە. بەڵام کۆمەڵگە بەهیچ جۆرێک لەم دابەشبوونە تێ ناگا: کۆمەڵگە لەلاڕێبوونی تایبەتیی خۆی ئاگەدار نییە: فرۆید دەڵێ: " دوو لایەنی کێشە بەشی خۆیان هەیە. خۆ هەوەس مافی خۆیەتی ئارەزووی بشکێنێ، ڕاستەقینەش (واقیع) ئەو ڕێزەی شیاوێتی وەردەگرێ". بەڵام له هەمان کات فرۆید دووپاتی دەکاتەوە کە" هەروەک دەزانین تەنیا مەرگ خۆڕاییيە". ناپێویستی دەق تەنیا له خۆهەڵوەشاندنەوەی دایە: نەنووسین، چیی تر نەنووسین، مەگین دایمەبتقۆزنەوە.

***

ڕابواردن دەگەڵ ئەو کەسەی خۆشت دەوێ و بیرکردنەوە له شتێکی تر: بەم جۆرەیە کە من باشترین هزرم هەیە و بەچاکترین شێوە ئەو شتەی پێویستە بۆ کارەکەم دەخوڵقێنم. بۆ دەقیش هەر وایە: ئەگەر دەق بتوانێ ناڕاستەوخۆ من گوڕایەڵی خۆی بکا، باشترین خۆشی بەمن دەدا؛ ئەگەر بێتوو کاتی خوێندنەوەی دەق، ناچاربم سەرم هەڵێنم و شتێکی تر ببیستم. وا نییە کە من

93- Sexualité

94- Reproduction

بەناچار گیروّدەی[٩٥] دەق بم. خوێندنەوەکەم دەکرێ سووکبارانە، فرەچەشن (ئاوێتە)، ناسک، یا کەم تا زۆر گێژانە بێ: جووڵەی خێراخێرای سەر، وەک باڵندەیەک کە هیچ نابیسێ لەو شتەی گوێمان داوەتێ، کە گوێ داوەتە ئەو شتەی ئێمە نایبیستین.

***

سۆز[٩٦]: بۆچی دەبێ دەگەڵ سەرخۆشی نەگونجاو بێ (من بەهەڵە سۆزم بە تەواوەتی لەلای هەستیاری لە ڕادەبەدەر و لێکدانەوەی چەوتی ئەخلاقییەوە دەدیێ)؟ سۆز تەمومژێکە لەسەر لێواری بوورانەوە: شتێکی چەوت، لەژێر گەلێک ڕوخساری گونجاو لەگەڵ نەریتی کۆمەڵگە؛ ڕەنگە نارێکترین فەوتانە، چونکو پێچەوانەی پێڕەوی گشتییە کە گەرەکێتی بەسەرخۆشی ڕوخسارێکی چەسپاو بدات: بەهێز، توندوتیژ، پوختەنەکراو: شتێکی حەتمەن بەباهوو، جەڕاو، نێرە[٩٧]. دژ بەپێڕەوی گشتی: قەت وینەی سەرخۆشی هەڵت نەخەڵەتێنێ؛ لە هەر شوێنێک تێکچوونی ئەوین بێتە پێش، دەبێ دان بەبوونی سەرخۆشی دابنێین (سەرخۆشی پێش وەخت، دواکەوتوو، بەسۆز،... هتد): ئەوین – خولیا وەک سەرخۆشی؟ سەرخۆشی لە چەشنی ژیریتی (کاتێک، دوور لە هەر جۆرە دەمارگیرێک، دەگاتەپلەی تێگەیشتن لەخۆ؟)

***

هیچ ناکرێ: وەرەزبوون شتێکی ساکار نییە. هەر وا ناتوانێ بە تووڕەیی دەربڕینێک یا لە کۆڵخۆکردنەوەیەک خۆت لە وەرەزبوون (لە ئاسەوارێک، دەقێک) ڕزگار بکەی. هەروەک چۆن خۆشیی دەق پێویستی بەبەرهەمهێنانێکی ناڕاستەوخۆ هەیە، هەر واش وەرەزبوون ناتوانێ بەهیچ جۆرێک شتێکی لە ناکاو و لەخۆوە بێ: وەرەزبوونی ڕاست و ڕەسەن بوونی نییە: ئەگەر لە ڕوانگەی خۆم، دەقی– زۆر بڵەوەرەزم دەکا لەبەرئەوەیە کە من

95- Captivé

96- Emotion

97- Phallique

پێم خۆش نییە داوا بکەم. بەلاّم ئەگەر پێم خۆش بایە (ئەگەر ئیشتیایەکی زگماکیم هەبایە)؟ وەڕەزبوون دوور لە سەرخۆشی نییە: وەڕەزبوون برێتییە لە سەرخۆشیی بینراو لە ڕۆخەکانی خۆشی.

***

هەرچەندە چیرۆکێک بەشێوازێکی جوان و بەنەزاکەت، دوورەپەرێزانە و بەستەزمانانە و بەئاهەنگێکی براوە بگێڕدرێتەوە، بەهەمان ڕادە وەرگەڕاندنی، ڕەش نواندنی و خوێندنەوەی بەراوەژووی (چیرۆکەکانی مادام دۆ سێگور[98] لەخوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی مارکی دۆساد) ساناترە. ئەم بەراوەژووکردنە، کە بەرهەمهێنانێکی پەتییە، زۆر بەباشی خۆشی دەق پەرە پێ دەدا.

***

لە " بووار و پێکوشە[99]"ی فلۆبێردا ئەم ڕستەیەم خوێندەوە کە زۆرم بەکەیف بوو: " کەوڵ و مەلافە و دەسماڵ کە لەسەر تەنافێکی ڕەق بەقولاپ بەندبوون، بەباری ستوونیدا هەڵواسرابوون." لێرەدا من وردبینێکی لە ڕادەبەر، چەشنێک ڕاستنواندنی شێتانەی زمان، جۆرێک شەیدایی وەسف (کە لە دەقەکانی ڕۆب گرییەشدا بەرچاو دەکەوێ) دەچێژم. لێرەدا ئێمە (ڕوودانی) ئەو دژوێژێ دەبینین: زمانی ئەدەبی هەڵتەکاندراو، بەجێماو، پشتگوێخراو، بەو ڕادەیەی کە خۆی دەگەڵ زمانی" پالاّوتە"، زمانی گەوهەری، زمانی ڕێزمانی (هەڵبەت ئەم چەشنە زمانە تەنیا بیرۆکەیەکە) جووت دەکا. ئەم ڕاستنواندنەی باسمان کرد ئاکامی چوونەسەری وردبینی نووسەر نییە، هەروەها بەرزبوونەوەی عاستی ڕەوانبێژیش نییە، وەک ئەوەی شتەکان پلە پلە چاتر وەسف بکرێن، بەڵکو ئەو ڕاستنواندنە ئاکامی گۆڕانی هێمایە: سەرمەشقی وەسف ئیدی نەدەربڕینی وتاربێژانە ("وێنەکێشانێک" لە ئارادا نییە) بگرە چەشنێک هونەری دەستکردی فەرهەنگ نووسینە (وشەدانانە).

***

98- Mme de Ségur

99- Bouvard et Pécuchet

دەق شـتێکی تەلیسـماوییە[١٠٠] و ئەو تەلیسـمە حەزی لەمنە. دەق لە ڕێی کـۆمـەڵێک پەردەی نادیار و تەڵەکـەی هەڵـبـژێراو پـەسـەندم دەکـا: وشـەکـان، سەرچاوەکان، ڕوونبێژی،... هتد، و هەمـوو کات ئەوی تریانی دانەر، وێڵ و ون لە جـەرگـەی دەق (نـەک لە پشت دەق وەک خـوالەی پشت دەزگـاکـانی تەختەشانۆ) ئامادەیە.

دانەر، وەک دامەزراوە مردووە: کەسـایەتی (پێناسـە) مەدەنی، ئەوینداری و ژیاننامەی ئەو لەناو چووە، ئەو کـەسـایەتییە بـێ بەشکراو لە هەمـوو شـتێ، ئیـدی ئەو دەسـەڵاتە باوکانەی مـێژووی ئەدەبیـات، زانسـتگا و ڕای گشـتی ئەرکی چەسپاندنی و نوێکردنەوەی چیرۆکەکەی پێ سپێردرابوو نەماوە: بەڵام لە دەقـدا، تا ئەندازەیەک من حـەزم لە دانەرە، پێـویسـتـم بەسـیـمـای هەیە (سیمایەک کە نە وێنەی ئەوە نە تیشکی ئەو) هەر وەک چۆن ئەویش پێویستی بەمنە (هەڵبەت نەک " بۆ زۆربڵەیی").

***

سـیسـتـەمە ئیدۆلـۆجیکییـەکان چیـرۆکن (بەیکون ڕەنگە کوتبـای وەک " سێبەری شـانۆ[١٠١]"ن)، ڕۆمـانن- بەڵام ڕۆمانی کلاسیک کە خاوەنی گەڵاڵە، قـەیران و کـەسـایەتیی چاک و خراپن (هەڵبـەت ڕۆمـانچیـرۆک[١٠٢] شـتـێکی جیاوازە: نەخشـەیەکی بێ پێکهاتە، هێندێک شکڵی بەربڵاو: هەروەک مایای هیندۆکـان[١٠٣]). هەر چیـرۆکـێک لەسـەر زاراوەیەکی کـۆمـەڵایەتـی واتا سـۆسیـۆلێکت دامەزراوەکە دەگەڵی هاوتوخـمـە: چیرۆک بریتییە لەو ڕادەیە لە پـتـەویی زمـانێک کـاتێک ئەو زمـانە بەشـێـوەیەکی دەگـمـەن، چینێکی ئـاینی (قـەشـەکـان، ڕووناکبیـران، هونەرمەندان) هەڵدەبژێرێ و دەیدۆزێتـەوە بۆ وەی هەموو ئەندامانی ئەو چینە پێی قسە بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

100- Fétiche

101- Fantômes de théâtre

102- Le romanesque

103- Maya

" هەر گەلێک لەسەر سەری خۆی ئاسمانێکی وا لە چەمکی بەوردی دابەشبووی هەیە و لەبەر پێویستی حەقیقەت داوا دەکا کە لەمەودوا بۆ هەر چەشنە چەمکی مەزن تەنیا دەبێ لە ئاسمانی ئەو و نەک لە شوێنێکی تر بگەڕێی" (نیچە): ئێمە هەموومان لەنێو راستی زمانەکاندا گیرمان خواردووە، یانی لە ناوچەیی بوونیان و راکێشراوینەتە نێو ململانەیەکی سەیر کە لەمەر جیرانێتیی وان بڕیاردەرە، چون هەر زارێک (هەر چیرۆکێک) بۆ زاڵبوون بەسەر وانی تر خەبات دەکا؛ ئەگەر بۆ خۆی دەستەڵاتدار بێ، خۆی لق و پۆ داوێتە نێو جەرگە و هەموو ڕۆژێکی ژیانی کۆمەڵایەتی، دەبێتە بیر و بروای گشتی، شتێکی سروشتی: دەبێتە زمانی بەناو ناڕامیاریی سیاسەتمەداران، کاربەدەستانی دەوڵەت، زمانی ڕۆژنامەکان، رادیۆ و تەلەڤزیۆن، زمانی ئاخافتن؛ بەڵام بگرە لە دەرەوە و دژی دەستەڵات، ململانی سەرلەنوێ هەڵدەداتەوە، زاراوەکان لەت لەت دەبن و دەگەڵ یەکتر دەکەونە کێشە. چەشنێک بیردۆزی بێ بەزەییانەی بابەتەکان[104] بریار لەسەر ژیانی زمان دەدا؛ زمان هەموو کات لە شوێنێکەوە دێ، زمان شوێن و بابەتی شەڕ و شەڕەنگێزییە.

پێی وا بوو جیهانی زمان (لۆگۆسفێر[105]) کێشەیەکی زۆر گەورەی نەگۆڕە لە نێوان پارانۆیاکان[106]دا. تەنیا ئەو سیستەمانە (چیرۆکەکان، زارەکان) دەمێننەوە کە تا ئەو ڕادە داهێنەر بن کە ئاخرین سیما بەرهەم بێنن، سیمایەک کە دوژمن لەژێر وشەیەکی (زاراوەیەکی) نیمچەزانستی، نیمچەئەخلاقی دیاری بکا، چەشنێک دەرگەی گرۆڤەر کە هاوکات مەودا دەدا سەرنج بدەی، شی بکەیەوە، شەرمەزار بکەی، بێزاریت دەربڕی، و دەست بەسەر دوژمن دابگری، بەکورتی و بەکوردی دەردی سەگی بدەیەی. هێندێک ئیدۆلۆجی نەمازە هەر لەم چەشنەن: زاری مارکسیستی کە هەر دژایەتییەک

104- Topique

105- Logosphère

106- Paranoïa

چینایەتی دەبینێ؛ گوتاری دەروون توێژانە کە هەر حاشاکردنێک وەک دان پێدانان لەلقاو دەدات؛ گوتاری مەسیحی کە هەر مل نەدانێک وەک داواکردن دادەنێ،... هتد. پێی سەیرە بۆ کە زمانی دەستەڵاتی سەرمایەداری، لە ڕوانینییەکەمدا خاوەنی روخسارێکی ئەوتۆ لە سیستەم نەبێ (لەودا، نەیاران هەردەم لانی کەم ئەگەر نەڵێین وەک گەندترین ڕەگەز، جگە لە"خاپێندراو[١٠٧]" و " بەرفەرمان[١٠٨]"، هتد، لەقەڵەم نەدراون)؛ پاشان لێی حاڵی بوو کە پاڵەپەستۆی زمانی سەرمایەداری پارانویایی، سیستەماتیک، بەڵگەیی و دەربڕاو نییە؛ بگرە چەشنێک ژاراویکردنی بێ ئامانە، بیر و بڕوایەک، شێوازێکی ناوشیارە: بەکورتی، بریتییە لە ئیدۆلۆجی لەماکی دا.

بۆ وەی ئەم سیستەمە زارەکیانە ئیدی چیی تر نەمانتۆقێنن یا تووڕەمان نەکەن، هیچ چارەیەک نییە جگە لەوەی یەکێک لەوان هەڵبژێرین: دەنا، ئەی من، من چی و ئەگێرەو کیشەیەم لەچی؟

بەڵام دەق، ئەگەر نەڵێین لە بەکارهاتنی (لە مەسرەفی)، لانی کەم لە بەرهەمهاتنی، شتێکی بێ شوێنە. دەق زار یا چیرۆک نییە، سیستەم لەودا سڕڕێژە، هەڵوەشاوەیە، (ئەم سڕڕێژبوونە، ئەم لەبەریەکچوونە، واتەخوازییە[١٠٩]). لەو بێ شوێنییە[١١٠]، دەق بارودۆخێکی سەیر وەردەگرێ و دەیداتە خوێنەرەکەی: خوێنەرێک کە هاوکات دەرەوشار و هێمنە. لە شەڕی زمانەکان، دەکرێ ساتی ئارامیش هەبێ و ئەو ساتانە دەقن ("یەکێک لە کەسایەتییەکانی بێرتۆلد برێشت دەڵێ: "شەڕ ڕێگە لە ئاشتی ناگرێ.. شەڕیش هێندێک کاتی هێمنی هەیە... لە نێوان دوو پێکدادان، دەتوانێ بوتڵێ ئابوجۆکەت بەسەر داکەی...") نێوان دوو شەڕەقسە، دوو خۆنیشاندانی سیستەمەکان، خۆشیی دەق هەموو کات شیاو و مومکینە، نە وەک

107- Intoxiqués

108- Téléguidés

109- Signifiance

110- Atopie

پشـوودانێک، بگرە وەکو بەشی نەگونجاوی - دابڕاوی - زمانێکی تر، وەک نواندنی کارئەندامزانێکی جیاواز[١١١].

لە زمانەکانی ئێمەدا، هێشتاش چەشنێک قارەمانێتی لەڕادەبەدەر هەیە؛ لە چاکترینیان دا (مەبەستم لێرەدا زمانی "ژۆرژ باتای"یە) بەرزکردنەوەی هێندێک وتە و لە کۆتاییدا، چەشنێک قارەمانییەتی نەهێنگر هەیە. بەپێچەوانە، خۆشیی دەق (سەرخۆشیی دەق) وەک سڕینەوەی لە ناکاوی بایەخی شەڕەنگێزی و پاڵەوانبازی، توێک فڕێدانی[١١٢] کاتی چنگەکانی نووسەر، ڕاوەستانی "دڵ[١١٣]" (دلێری) یێتی.

دەقێک، کە سروشتی لە زمانە، چۆن دەتوانێ لە دەرەوەی زمانەکان بێ؟ چۆن دەتوانێ زارەکانی جیهان دەربڕێ بێ وەی پەنابەرێتە زارێکی کۆتایی کە زارەکانی تر لە ڕووی ئەو بگێڕدرێنەوە و بووترێنەوە؟ هەر کە نێوێک لێ دەنێم، نێوێکم لێ دەنێن: لە کێشمەکێشی نێوەکان گرفتار بووم. دەق چۆن دەتوانێ لە شەڕی چیرۆکەکان و زارە کۆمەلایەتییەکان[١١٤]" خۆی دەرباز کا"؟ لە ڕێی کاری هێدەکی لاوازکردن. لە پێشدا، دەق ئاسەواری هەر جۆرە سەرزمانێک دەسڕێتەوە و بەم هۆیەوەیە کە دەقە: لە پشت ئەو شتەی دەیڵێ هیچ دەنگێک (زانست، ئامانجی مەزن، دامەزراوەی کۆمەلایەتی) نییە. پاشان، دەق بەتەواوی، هەتا ڕادەی ناکۆکی دەگەڵ خۆی، بابەتی وتاری خۆی، سەرچاوەی زمانی خۆی ("ژانر"ی خۆی) دەڕووخێنێ: دەق " بریتییە لەچەشنێک کۆمیک[١١٥] کە وەپێکەنینمان ناخا"، پلارێک کە نامانگرێ، شادێکی بێ گیان، بێ سەرسامی (ساردووی)، وتەی وەرگیراو بێ دانانی کەوانە. لە دواییدا، دەق دەتوانێ، ئەگەر پێی خۆش بێ، هێرش بەرێتە سەر پێکهاتەکانی بنەڕەتی

111- Physiologie

112-Desquamation

113- Cur

114- Sociolecte

115- Comique

زمـانی خـۆی (سـۆلێـرس): وشـەکـان (وشـەداتاشـینی زۆر و زەبەند، وشـەی درێژکراو[١١٦]، پیتنووسیکردن[١١٧])، ڕستەسـازی (ئیدی هیچ ئاسـەوارێک لە پێکهـاتەی مـەنتـیـقی و ڕسـتـە نابینی). مـەبەست ئاشکراکـردنی دۆخـێکی فەلسـەفیی تازە لـە کەرەسـەی زمـانییە، لە ڕێی گۆڕانی توخمی (و نەک ئیدی تەنیا لە ڕێی گۆڕانی شـێواز)؛ ئەو دۆخە بێ وێنەیە، ئەم کانزا داگیرساوە، بێ سـەرچاوە و بێ پێـوەندی، لەو کـاتـەدا، نەک زمـانێکە، بگرە لە زمـانـەوەیە، گەرچی هەڵوەشاوە، گاڵتەپێکراو و پلارتێگیراو بێ.

خۆشیی دەق گـوێ ناداتە ئیدۆلۆجی. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم چاو نەترسییە لەبەر ئازادیخـــوازی نییە، بگرە بەهۆی لاڕێبوونە: دق و خوێندنەوەی، هەردوو دابەشـــکراو و جیـــاوازن. ئەو شـتەی سـەرڕێژە، شکاوە، یەکەتیی ئەخلاقییە کە کۆمـەڵگە لە هەر بەرهەمێکی ئینسانی دەوێ. خـوێندنەوەی دەقێک (دەقی خـۆشی) وەک فـرینی مـیـشـێـک لە بارسـتـایی وەتاغـێک دایە: بەئانیـشک وەشاندنی خێراخێرای بەهەڵە دیاریکەر، سـەرقاڵ و بێ کەڵک: تێپەڕبوونی ئیدۆلۆجی بەسـەر دەق و خـوێندنەوەدا وەک سـوورهەڵگەڕانی دەموچاوێکە (لە ئەویندا، بۆ هێندێک کـەس ئەو سـوورهـەڵگەڕانە هەوەسـبـزوێنە)؛ هەر نووسـەرێکی دەقی خۆشی ئەم سوورهەڵگەڕانە گەوجانەی دەگەڵە: (بالزاک، زۆلا، فلۆبێر، پرووست، ڕەنگە تەنیا مالارمێ[١١٨] کە زاڵە بەسەر لەشیدا جیا بکرێتـەوە): لـە دەقی خـۆشی، هێـزە ناکـۆکـەکـان ئیـدی نەک لە حـاڵەتی سـەرکـوتکران، بگـرە لە دۆخـی گـۆڕان دان: هیچ شـتـێک بەڕاسـتی دژ بەیەک نییـە، هـەموو شـتێک کۆیە. بەنەرمی بەسـەر شـەوی کۆنەپەرسـتـدا تێ دەپەڕم: بۆ نموونە، لە ڕۆمانی " وەچەخستن[١١٩] " ئێمیل زۆلا دا، ئیدۆلۆجی زۆر زەق و بەتـایبـەت چەسـپـۆکـە: سـروشـتـخـوازی، خـێـزان ویسـتـی،

116- Mots-tiroirs

117- Translitération

118- Mallarmé

119- Fécondité

کۆلۆنیالیزم[١٢٠]. بەڵام بەو حاڵەش درێژە بەخوێندنەوەی کتێبەکە دەدەم. ئاخۆ ئەم وەرگەڕاندنە شتێکی ئاساییە؟ ڕەنگە تا ڕادەیەک پێمان سەیر بێ کە بکەر، بەچ کارامەییەکی کارگێڕانە دابەش دەبێ و خوێندنەوەکەشی ناکۆک دەبێ، و بەم چەشنە مل ناداتە پەتای نرخاندن، و دژی مەجازی ڕەزامەندی ڕادەوەستێ: ئاخۆ دەکرێ خۆشی بێلایەنمان کا؟

هێندێک کەس دەقێکی (هونەرێکی، نیگارکێشێکی) بێ سێبەریان دەوێ، براوە لە" ئیدۆلۆجی زاڵ"؛ بەڵام ئەو کارەیانی ویستنی دەقێکی بێ بەر، بێ بەهرە، دەقێکی نەزۆک (لەم بارەوە بڕوانە ئەفسانەی ژنی بێ نیسێ[١٢١]). دەق پێویستی بە سێبەری خۆی هەیە. ئەم سێبەرە برێتییە لە نەختێک ئیدۆلۆجی، نەختێک وێناکردن، برێک بکەر: تارمایی کان، بۆشایی کان، شوێن پێ کان، هەورە پێویستەکان: هەر تێکدانێک دەبێ لایەنی تارێک و ڕوونی خۆی بەرهەم بێنی)

(زۆر باوە دەڵێن: " ئیدۆلۆجی زاڵ"). ئەمە زاراوەیەکی نەگونجاوە، چونکو مەگەئیدۆلۆجی چییە؟ بەوردی برێتییە لە بیرێک کەزاڵە: ئیدۆلۆجی تەنیا دەتوانێ زاڵ بێ. هەر بەو ڕادەیەی کە باسکردن لە" ئیدۆلۆجی چینی دەستەڵاتدار" دروستە چونکو چینێکی ژێر دەست هەیە، هەر بەو ڕادەیەش قسەکردن لە" ئیدۆلۆجی دەستەڵاتدار" نابەجێیە چونکو شتێک بەنێوی ئیدۆلۆجی ژێردەست بوونی نییە: لەلای ژێردەستەکانەوە، هیچ شتێک نییە، هیچ ئیدۆلۆجێک، جگە (کە هەڵبەت ئەوش ئاخرین پلەی لەخۆ نامۆبوونە[١٢٢]) لەو ئیدۆلۆجییەی کە ناچارن (بۆ دەربڕینی هێما، یانی بۆ ژیان) لەچێنی بەسەریان زاڵبوودا وەربگرن. خەباتی کۆمەڵایەتی ناکرێ لە کێشەی دوو ئیدۆلۆجی ڕکەبەردا کورت بکرێتەوە: ئەو شتەی لێرەدا باسی دەمەقاڵەکەیە، وەرگەڕانی هەر چەشنە ئیدۆلۆجێکە.

***

---

120- Colonialisme

121- Femme sans Ombre

122- Aliénation

دۆزینەوەی بوارەکانی خەیاڵی زمان[١٢٣] بەوردی: وشە وەک یەکانێکی تایبەت، ماکێکی[١٢٤] سیحراوی؛ گوتار وەک ئامێر یا دەربڕی بیر؛ "نڤیسار[١٢٥]" وەک بەیانی گوتار؛ ڕستە وەک پێوانەیەکی ژیربێژانە، تەواو کراو؛ هەیا کورتهێنان یان نەویستنی زمان وەک هێزێکی سەرەتایی، خۆکرد، کردەوەخواز. هەموو ئەو بەرهەم دەستکردە هونەرییانە[١٢٦] بوارەکانی خەیاڵی زانست وەئەستۆی خوێ دەگرێ (زانست وەک بواری خەیاڵ): زمانناسی بەباشی ڕاستی لەسەر زمان دەردەبڕێ، بەڵام تەنیا لەو شتەکە: "هیچ ساویرێکی ئاگا ئەنجام نەدراوە": بەهەرحاڵ، ئەوە هەمان پێناسەی بواری خەیاڵە: بێ ئاگایی دەروونی ناوشیار.

سەلماندنی ئەو شتانەی تەنیا بەهەڵکەوت و لووتبەرزانە دراونەتە پاڵ زانستی زمان یا زۆرجار لێی درێغ کراوە، کاری یەکەم و زۆر پێویستە: نیشانەناسی[١٢٧] (شێوازناسی[١٢٨] یا ڕەوانبێژی[١٢٩] بەوتەی نیچە)، ڕاهێنان، کردەی ئەخلاقی، "تین و جۆش"(دیسان هەر نیچە). کاری دووەم بریتییەلەدانانەوەی ئەو شتە لەنێو زانست کە دژێتی: واتە دەق. دەق، یانی زمان بێ بواری خەیاڵ، ئەو شتەی زانستی زمان نییەتی تا بتوانێ گرینگی گشتی ئاشکرا بێ (و نەک تایبەتمەندی تێکنیک خوازانەی ئەو). هەر شتێک زمانناسی بەئاستەم ڕێگەی پێ دەدا یا بەتەواوی ڕەتی دەکاتەوە (وەک زانستی پەسەندکراو و سەلمێنراو بەپێی ئەزموون) گوزارەخوازی، سەرخۆشی، ئەوانەیە کە بەڕاستی دەق لە بوارەکانی خەیاڵی زمان جیا دەکاتەوە.

---

123- Imaginaires du langage

124- Monade

125- Ecriture

126- Artefact

127- Sémiologie

128- Stylistique

129- Rhétorique

هیچ " بیرورِایەک[١٣٠]" لەمەر خۆشی دەق مومکین نییە؛ تەنیا پشکنینێک کە کورتی دێنێ). بەڵام، سەرەرِای هەموو کۆسپەکان، دەق سەرخۆشم دەکا[١٣١].

بەلایەنی کەم چەند نموونەیەک بێنمەوە؟ هەرەوەزێکی گەورە بێننە بەر خەیاڵتان: هەموو ئەو دەقانەی بەهەڵکەوت کەسێک پێی خۆش بوون (لە هەر شوێنێکەوە بێن) وەکو دەکەین و ئەو کۆما دەقە[١٣٢] (پەیکەرە[١٣٣]، پرِ بەپێستێتی) پێشان دەدەی، هەروەک چۆن دەروونتوێژی لەشی هەوەسبزوێنی مرۆڤی خستووەتە بەرچاومان. هەڵبەت کارێکی ئەوتۆ مەترسی ئەوەی لێ دەکرێ کە ئاکامەکەی تەنیا شرۆڤەی ئەو دەقە هەڵبژێردراوانەبێ؛ رِەنگە چەشنێک دووفاقەبوونی ناچاری گەلاڵەکە بێتە پێش: خۆشی، چۆن بەزمان دەرنایە، دێتە سەر هێڵی گشتی بزوێنەرەکان[١٣٤] کە هەڵبەت هیچیان برِاوە نین: (ئەگەر لێرە چەند نموونەی خۆشیی دەقتان بۆ دێنمەوە، ئەو کارە هەموو کات رِابەرە، بەشێوەیەکی زۆر شل و شەوێق بەرِێوە دەچی و قەت رِێکوپێک نییە). بەکورتی، کارێکی وا ناکرێ بنووسرێتەوە. من تەنیا دەتوانم بەدەوری بابەتێکی ئاوا بسوورِێمەوە- و کەوای لێ هات، چاترە ئەم کارە بەخێرایی و تەنیایی ئەنجام دەم تا ئەوەی بەهەرەوەز و تا ماوەیەکی دوور و درێژ؛ وا باشترە واز لەوە بێنم کە لە بایەخ، کە بەردی بناخەی سەلماندنە، تێپەر بم بۆ بایەخەکان کە لە رِاستیدا دیاردەی فەرهەنگین.

وەک درووستکراوێکی زمان، نووسەر هەردەم لەنێو شەرِی چیرِۆکەکان (زارەکان[١٣٥]) گرفتارە، لەو نێوەدا، ئەو تەنیا ئامرازی یارییە چونکو زمان

130- Thèse

131- Eppure si gaude!

132- Corps textuel

133- Corpus

134- Motivations

135- Parler

کـە پێکهـێنەرێتی (نڤـیـسـار) هـەمـوو کـات بێ شـوێنە[١٣٦]؛ تەنیـا بەهۆی فـرەمـانایی (قـۆناخی سـەرەتایی نڤیـسـار)، بەڵێنـی شـەرەنگێـزی گـوتارێکی ئەدەبی هەر لە دەسـپێکەوە جێی گومانە. نووسـەر دایمە لەسـەر خاڵی کوێری سـیسـتـەمەکاندا وێڵـە: جۆکێری[١٣٧] قومـارە، هێزێکی خواییـە[١٣٨]، پلەی سـیـفـرە، پەڕی سـووتاوی بریجە[١٣٩]: پێویست بۆ مـانا (لە خـەباتدا)، بەڵام خـۆی بێ بەش لە مـانایەکی چەسپاو؛ پێگەی، بایەخی (لە گۆڕینەوەدا) بەپێی بزاوتەکانی مێژوو و زەبرەکانی تاکتیکی خەبات دەگۆڕدرێ: هەموو شتێکیان لێ دەوێ و هـیـچـیـشـیـان لێ نـاوێ. خـۆی بەدەرە لـە گـۆڕینـەوە، نوقـمـی بێ قازانجییە، وەک زەینی[١٤٠] زێنی بوودایی، بێ مەیلە لە وەرگرتنی هیچ شتێک جگە لە سـەرخۆشی لاڕێکەری وشـەکان (بەڵام سـەرخۆشی قەت وەرگرتن نییە: هیچ شـتـیـک لە سـاتۆری[١٤١]، لە فـەوتانی جیـا ناکاتەوە). شـتێکی سـەیر و نەگونجاو (پارادۆکس): ئەم خۆڕاییبوونەی نڤیسار (کە لە ڕێی سەرخۆشی لە مـەرگ نـێـزیکە)، هـەڵبـەت نووسـەر لەسـەری بێـدەنگە: نووسـەر لـێـوی هەڵدەقرچێنێ، ماسـوولکەکانی کرژ دەکا، نکووڵی لە هەر چەشنە لاڕێبوونێک دەکا و سـەرخـۆشی دەمکوت دەکا: زۆر دەگـمـەنن ئـەو نووسـەرانەی هـاوکات دژی سـەرکوتی ئیدۆلۆجیک و دەمکوتی لیبیدو[١٤٢] (هەڵبەت ئەو دەمکوتەی کە ڕووناکبیر قورساییەکەی دەخاتەسـەر ملی خۆی: سـەر زمانی خۆی) خەبات بکەن.

***

136- Hors-lieu

137- Joker

138- Mana

139- Bridge

140 -Mushotoku

141- Satori

142- Libido

خوێندنەوی دەقێک لە گێڕانەوەی ستاندال (کە هی ئەو نییە[١٤٣])، دەقی پرووستم بەتەواوی وردەکارییەکانی وەبیر دێنێتەوە. مەترانی لێسکارس[١٤٤] کچی خوشکەزای قەشەی یاریدەدەری بەهێندێک وشەی بەحورمەت بانگ دەکا (خۆشکەزای خونچیلانەم، یارەکەم، ئەسمەرە جوانەکەم، ئای بەتامەکەم!) کە ئاراستەکانی "ماری ژنێستێت[١٤٥] " و" سێلێست ئالبارە[١٤٦]" دوو ژنە نامەبەرەکەی "گراند هۆتیلی[١٤٧]" شاری بالبێکم[١٤٨] لە هەمبەر وەگێڕ وەبیر دێننەوە (شەیتانە سەرشینە، تەشقەڵەباز، ئای هەرزەکاری! ئای جوانچاکی!)

لە جێیەکی تر، بەڵام بەهەمان شێوە، لە فلۆبێردا، دارسێوە شکۆفەدارەکانی نورماندی[١٤٩] لە ڕووی پرووستەوە دەخوێنمەوە. من بڵاوی ڕێژەکان[١٥٠]، هەڵگەڕانەوەی ڕەچەڵەکەکان دەچێژم و لامسەرلاییەک کە دەقی پێشین لە دەقی پاشین، هەڵدەیەنجێ. بۆ دەردەکەوێ کە ئاسەواری پرووست، بەلایەنی کەمەوە لەلای من سەرچاوەیە، زانیاریی گشتی لەسەر جیهانە،[١٥١] نواندنی ئەندازەیی (هەندەسی)[١٥٢] و هێمایی هەموو گەردوونناسی ئەدەبییە هەروەک چۆن نامەکانی مادام دۆسێوینیە[١٥٣] بۆ نەنکی وەگێڕ، یا ڕۆمانەکانی

---

(١٤٣) چەند پارچە لە ژیانی ئاتاناز ئۆژێ، لە چاپدانی خوشکەزاکەی. لە کتێبی بیرەوەرییەکانی گەشتیارێک، لاپەڕەکانی ٢٣٨-٢٤٥. تاندال، سەرجەمی بەرهەمەکان، چاپەمەنی کالمان لێوی، ١٨٩١)

144- Lescars

145- Marie Geneste

146- Céleste Albaret

147- Grand Hôtel

148- Balbec

149- Normand

150- Formule

151- Mathésis

152- Mandala

153- Mme de Sévigné

سوارچاکی[١٥٤] (شوالیەیی) بۆ دۆن کیشۆت، هتد، بایەخێکی وایان هەبوو؛ ئەوە بەهیچ جۆرێک ماناکەی ئەوە نییە کە من پسپۆری پرووست بم: پرووست، ئەو شتەیە کە بۆ لام دێ، نەک من بانگی بکەم؛ بۆ من دەستەڵات نییە، تەنیا یادێکی بازنەییە[١٥٥]. و لە ڕاستیدا، بەیناو-دەق هەر ئەوەشە: نەلوانی[١٥٦] ژیان بەدەر لە دەقی بێ سنوور ـ چ دەقی پرووست بێ، یا ڕۆژنامە، یا شاشەی تەلەڤزیۆن: کتێب مانا دەدا، ماناش ژیان.

***

ئەگەر بزمارێک لە دارێک ڕاکەی، دارەکە، بەپێی ئەوەی لە کام شوێنەوە تێی ڕادەکەی، خۆی ڕادەگرێ: لەو بارەدا دەڵێن کە دار هاوبەر (ئیزۆترۆپ[١٥٧]) نییە. دەقیش هاوبەر نییە: لێوارەکان و درزەکانی پێشبینی ناکرێن. هەروەک چۆن زانستی فیزیک (هاوچەرخ) دەبێ دەگەڵ تایبەتمەندی نائیزۆترۆپی هێندێک ئاقار و دۆرمادۆر ڕابێ، هەر واش، دەبێ شیکردنەوەی پێکهاتەیی (نیشانەناسی) بچووکترین خۆڕاگری (لە عاست لێکدانەوە) و نەخشەی نارێکی دەمارەکانی دەق لە بەرچاو بگرێ.

***

هیچ شتێک لە پێوندی ڕاستەوخۆ دەگەڵ خۆشیدا نییە (وتەی لاکان لەبارەی مارکی دوساد). بەڵام، بۆ نووسەر، ئەو شتە بوونی هەیە؛ هەڵبەت زمان[١٥٨] نییە، بگرە زبانە[١٥٩]، زبانی دایک. نووسەر ئەو کەسەیە کە دەگەڵ لەشی دایکی کایە دەکا (بڕواننە وتەکانی پلەینێت[١٦٠] لەمەڕ لۆتریئامۆن[١٦١]

154- Chevalerie

155- Souvenir circulaire

156- Impossibilité

157- Isotrope

158- Langage

159-Langue

160- Pleynet

161-Lautréamont

و ماتیس[١٦٢]): بۆ پەرستنی، ڕازاندنەوەی، یان بۆ کوتکردنی و گەیاندنی بۆ عاستی ئەو شتەی چیی تر شکڵی لەشی پێوە نەبینم: دەڕۆم تا پلەی سەرخۆشبوون لە تێکچوونی ڕووخساری زبانی دایک، و ڕای گشتی دەنگی توندیی نارەزایەتی بەرز دەکاتەوە چۆن پێی خۆش نییە کە "ڕوخساری سروشت بشێوێندرێ".

***

هەر دەڵێی بەبڕوای باشلار[١٦٣]، نووسەران قەت شتێکیان نەنووسیوە: لە ڕێی برانێکی سەیر نووسەران تەنیا دەخوێندرێنەوە. باشلار بەم جۆرە توانی ڕەخنەیەکی پەتی خوێندەوە دامەزرێنێ و ئەو ڕێبازەی لەسەر بناخەی خۆشی دامەزراندووە: دەچینە نێو مەشقێکی هاوچەشن (خلیسک، گەشکەدار، هەوەسبزوێن، یەکپارچە، دڵخۆشکەر) و ئەو مەشقە تەواو ڕازێمان دەکا: خوێندنەوە–خەیاڵ بردنەوە[١٦٤]. دەگەڵ باشلار، شیعر (وەک مافی ساکاری پچڕان لە ئەدەبیات، لە خەبات) گشتی مۆری خۆشی پێوە دەدرێ. بەڵام، هەر کە ئاسەوار چووە ژێر باری چەشنەکانی نڤیسار، خۆشی جێرەی دێ و سەرخۆشی چەکەرە دەکا و باشلار لێمان دوور دەبێتەوە.

***

زمان سرنجی من بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ لەبەرئەوەی هەستم بریندار دەکا یان گیرۆدەی خۆیم دەکا. ئەوە، ڕەنگە، هەوەسبزوێنیکی چینایەتی بێ؟ بەڵام کام چین؟ چینی بورژوازی؟ ئەم چینە هیچ سەلیقەیەکیان لە زماندا نییە، زمان لە ڕوانگەی وان بگرە ئیدی شتێکی کەشخە کە هۆی هونەری ژیان (مەرگی ئەدەبیاتی "مەزن") بێ نییە بەڵکوو تەنیا ئامێرێک یان دیمەنێکە (ڕستەناسی). چینی ڕەمەکی؟ لە کن ئەم چینە هیچ چەشنە چالاکیی ئەفسوونی (سیحراوی) یا شاعیرانە لە ئارادا نییە: ئیدی هیچ ئاسەوارێک لە

162-Matisse

163- Bachelard

164- Lire-rêver

کارناواڵ و جێژنی جەماوەری نابینی، هیچ یارییەک لەگەڵ وشەکان ناکرێ: کۆتاییخوازەکان و سەردەمی زاڵبوونی کلێشەکانە کە فەرهەنگی وردە-بورژوازی دایسەپاندوون. (هەموو کات وا نییە کە چینی بەرهەمهێنەر زمانی دەربڕینی دەور، هێز و وزەی ئەخلاقی خۆی هەبێ). ئاکام: بڕانی پشتگیری لە یەکتر، نەمانی هاوسۆزی[١٦٥] – کە لە شوێنێک زۆر بەهێز و لە شوێنێکی تر بەتاڵە و هەر بوونی نییە. ڕەخنەی هزری گردکەر[١٦٦]: هەر دەزگایەک لە پێشدا زمانی یەکگرتوو ڕێک دەخا، بەڵام پێویست نییە ڕێز لە گشت بگیرێ).

دوورگەیەکی بچووک دەمێنێتەوە: دەق. لەززەتەکانی چینی تایبەت، چینی بەرزی ڕووناکبیر؟ خۆشی ڕەنگە لە ئارادابێ، بەڵام باسێک لەسەرخۆشی نییە.

بۆم دەرکەوتووە کە لە فەرهەنگی گشتیدا (کە دەبێ لە فەرهەنگی جەماوەری جیا بکرێتەوە، هەروەک ئاو لە ئاور) هیچ واتەخوازییەک (هیچ سەرخۆشییەک) پێک نایە، چونکو نموونەی ئەو فەرهەنگە تاکی وردە بورژوایە. ئەوە شتێکی تایبەت بەناکۆکی (مێژوویی) ئێمەیە کەواتەخوازی (سەرخۆشی) لەنێو چارەیەکی دووفاقەیی لە ڕادەبەدەر پەنای گرتووە: یا لەناو کردەوەیەکی چینایەتی بەرز (ئاکامی هێزلێبڕانی فەرهەنگی بورژوایی) یا لەنێو بیرێکی خەیاڵی (بیری فەرهەنگێک کە لە داهاتوودا لە ناخی شۆڕشێکی ڕادیکاڵ، بێ وێنە و چاوەڕواننەکراو هەڵدەقوڵێ و نووسەری ئەورۆ تەنیا شتێکی لەبارەیەوە دەزانێ: ئەوە کە وەک مووسای نەبی[١٦٧] ناچێتە ڕیزی).

تایبەتمەندی ناکۆمەڵایەتی سەرخۆشێ. سەرخۆشی فەوتانی کتوپڕی مەیلی پێکەوژیان لەنێو کۆمەڵە، بەڵام، سەرەڕای ئەوە، ئاکامەکەی هیچ کاردانەوەیەکی لەسەر بکەر (خۆیەتی، دەروونیەت)، شەخس، تەنیایی نییە: هەموو شتێک، بەتەواوی دەفەوتێ. ئەوپەڕی ناخی نهێنی، پەردەی ڕەشی سینەما.

---

165- Empathie

166- Illusion totalisante

167- Moïse

هەموو شیکردنەوە کۆمەلایەتی و ئیدۆلۆجیکێکان لەمەڕ تایبەتمەندی هیوابڕانە و دڵساردکەرەوەی ئەدەبیات کۆکن (هەڵبەت ئەو روانگەیە برێک لە ژیری و تێگەیشتوویی وان کەم دەکاتەوە): بۆ ئەم بۆچوونانە، ئاسەواری ئەدەبی لە ئاخرێکەی بەردەوام لەلایان دەستەیەکی کۆمەلایەتی ناهۆمێد یان بێ هێز دەنووسرێ کە بەهۆی دۆخی مێژوویی، ئابووری و سیاسی لە دەرەوەی بازنەی خەبات هەڵکەوتووە؛ لەم ڕوانگەیەدا، ئەدەبیات دەربڕینی ئەو ناهومێدییە. هەڵبەت ئەم ڕێبازە شیکارییانە ئەودیوی نقیسار کە زۆر سرنجڕاکێشە، دەخە نەپشتگۆی (ئەوەش شتێکی ئاساییە چون ئەم ڕێبازانە برێتین لە هێندێک ڕوانگەی هیرمینوتیک کە تەنیا لە شاندراو[168] دەگەڕێن): ئەویش سەرخۆشییە کە دەتوانێ، بەدرێژایی سەدەکان بتەقێتەوە، دوور لە هێندێک دەق کە هەڵبەت بۆ هەڵکوتن بەبالای رووگرژترین و بێ فەڕترین ڕێبازی فەلسەفی نووسراون.

ئەو زمانەی من بۆ خۆم (لە دەروونی خۆم) قسەی پێ دەکەم هی سەردەمی من نییە؛ زمان بەهۆی سروشتی، جێی گۆمانی ئیدۆلۆجیکە؛ کەوابوو، من دەبێ دژی خەبات بکەم. من بۆیە دەنووسم چون ئەو وشانەم ناوێن کە لە ڕێی داشکاندن دەیاندۆزمەوە. لە هەمان کاتیشدا، ئەم پێش دوایەمین زمانە، زمانی خۆشیی منە: شەوانێکی دوور و درێژ زۆلا، پرووست، ژوول ڤێرن، کونتی مۆنت کریستۆ[169]، بیرەوەرییەکانی گەشتیارێک[170] و جاری واشەژولیەن گرین[171] دەخوێنمەوە. ئەمە خۆشیی منە، بەلام سەرخۆشیم نییە: بەختی هاتنی سەرخۆشی تەنیا بەدەرکەوتنی شتێکی تەواو تازە و نو بەستراوەتەوە، چونکو تەنیا نۆت و نوێ دەتوانی دەروونی ئاگا بورووژێنێ (لاوازی کا) (کارێکی سووک و هاسانە؟ هەرگیز. لە دە جار، نۆ جاری، شتی نۆت و نۆی تەنیا قالبی لە پێش داڕێژراوی نوێگەرییە).

168- Signifié

169- Comte de Monte-Cristo

170- Les Mémoires  d'un Touriste

171- Julien Green

شتی تازە مۆدە نییە، بایەخە، بناخەی هەر ڕەخنەیەکە: نرخاندنی جیهان لەلایەن ئێمەوە، بەلایەنی کەمەوە هەروەک لە کن نیچە دەیبینین، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دژایەتی نێوان بەرز و نزمدا نییە، بگرە لە بەربەرەکانی کۆن و نوێ دایە (شەهوانێتی شتی نوێ هەر لە سەدەی هەژدەوە دەستی پێ کردووە: گۆڕانێکی درێژخایەن کە بەڕێوەیە). بۆ هەڵاتن لە تەرەیی کۆمەڵگەی ئێستێ، تەنیا ئەو ڕێیە هەیە(١٧٢): هەڵاتن بەرەو پێشەوە: هەر زمانێکی کۆن دەستبەجێ دەکەوێتە ژێر دۆخێکی نالەبار و هەر زمانێک هەر کە تووشی دووپاتبوونە بێ، کۆن دەبێ. بەهەرحاڵ، زمانی ئانکراتیک(١٧٣) (زمانێک کە بەپشتگیری دەسەڵات درووست دەبێ و بڵاو دەبێتەوە) بەپێی پێگەی زمانی دووپاتکردنەوەیە؛ هەموو دامەزراوە فەرمییەکانی زمان لە ڕاستیدا ماشێنی کاوێژ و دووپاتکردنەوەن: قوتابخانە، وەرزیش، ئاگەداری بازرگانی، ئاسەواری جەماوەری، گۆرانی، هەواڵ، دایمە هەر یەک پێکهاتەیە، یەک مانا و زۆرجار هێندیک وشەی یەکسان دووپات دەکەنەوە؛ کلێشە ڕاستێکی ڕامیاری و ڕوویێکی زەقی ئیدۆلۆجییە. لە بەرامبەردا، شتی تازەیانی سەرخۆشی (فروید: " لە مرۆڤی باڵغ دا، تازەبوون هەردەم مەرجی سەرخۆشییە.")، ڕووی ئێستای هێزەکانە ئاکامی ئەو شتەیە: لەلایەک، نزمبوونەوەی گشتی (بەهۆی دووپاتکردنەوە زمان)– نزمبوونەوەیەک بەدەر لە سەرخۆشی بەڵام نەک بەردەوام لە دەرەوەی خۆشی لەلایەکی تر، گوژمێک(١٧٤) (لە پەڕاوێز و دەرەوەی ناوەند) بەرەو شتی تازە– گوژمێکی شێتانە کە ڕەنگە تا هەڵوەشانەوەی وتار بچێتە پیش: هەوڵێک لەباری مێژویی بۆ دووبارە خستنەڕووی سەرخۆشی دەمکوت کراو لەژێر قورسایی کلێشەدا.

بەربەرەکانی (وەک بکوژی هەر بایەخێک) وا نییە کە هەموو کات لە نێوان دوو دژی دێرین و دیاریکراو (ماتێریالیسم و ئیدیالیسم، ڕیفۆرمخوازی و

172- Fuite en avant

173- Encratique

174- Emportement

شۆڕش،... هتد) بێ؛ بەربەرەکانی بەردەوام و لە هەموو شوێنیک لە نێوان هەڵاوێردن[١٧٥] (استثنا) و ڕێسا[١٧٦] دایە. ڕێسا یانی زێدەگاڤی، هەڵاوێردن یانی سەرخۆشی. بۆ نموونە، هێندێک جار، دەکرێ لە هەڵاوێری عارفەکان پشتگیری بکرێ. هەموو شتێک جگە لە ڕێسا (گشتێتی، کلێشە، زاری تاک[١٧٧]: زمانی پتەو و قایم).

بەڵام، دەتوانین شتێک بڵێین کە تەواو بەپێچەوانەی ئەو قسانە بێ (هەڵبەت من بانگەشەی وا ناکەم): دووپاتبوونە خۆی دەبێتە هۆی سەرخۆشی. نووسراوەکانی هۆزناسی[١٧٨] نموونەی زۆرمان پێ دەدەن: ریتمی توندی ماخولیایی[١٧٩]، ویردەکان، ڕێو ەسمە ئاینییەکان، نێمبۆتسو[١٨٠] یا پاڕانەوەی بودایی،... هتد: چەنپاتەکردنەوەی زۆر، یانی لەخۆچوون، چوونە نێو خاڵی سیفری مەبەست. بەڵام شتێک هەیە: بۆ وەی دووپاتکردنەوە هەوەسبزوێن بێ، دەبێ بەپێی شێوازێکی ڕاست و دەقاودەق بێ، و لە فەرهەنگی ئێمەدا، دووپاتکردنەوەی ئاوا ئاشکرا (لە ڕادەبەدەر) ناشاز[١٨١] دەبێ و پاڵی پێوە دەنرێ بەرەو هێندێک شوێنی پەراوێزی مۆسیقا. شکڵی نارەسەنی فەرهەنگی جەماوەری برێتییە لە دووپاتبوونەوەیەکی بێ شەرمانە: ناوەرۆکەکان، پێکهاتە ئیدۆلۆجیکێکان، سڕینەوەی ناکۆکییەکان دووپاتە دەکرێنەوە، بەڵام روووە ڕواڵەتییەکان دەگۆڕن و شکڵێ جۆراوجۆری دەدەنێ: هەموو کات پەرتوکی هەمەڕەنگ، بەرنامەی تەلەڤزیۆنی جیاواز، فیلمی تازە، ڕووداوەکان، بەڵام، مانا کە هەر یەکە و ناگۆڕێ.

بەگشتی، وشە دەتوانێ بەدوو مەرجی دژبەیەک کەهەردووکیان

175- Exception

176- Règle

177- Idiolecte

178- Ethnographique

179- Rythmes obsessionnels

180- Nembutsu

181- Excentrique

زیادەڕەوانەن، هەوەسبزوێن بێ: ئەگەر وشە زیاتر لە ڕادەی پێویست دووپات بێتەوە، یان بەپێچەوانە، ئەگەر بەهۆی نوێبوونی چاوەڕوان نەکراو و شەق و تێراو بێ (لە هێندێک دەقدا، وشەکان دەدرەوشێنەوە، ئەوانە تاقمێک دیاردەی سەرقاڵکەر و بێ جێن – زۆریش گرینگ نییە کە خۆنوێنانەبن؛ بۆ نموونە، من خۆم ئەو ڕستەیەی لایبنیتزم[١٨٢] زۆر پێ خۆشە: " دەتکوت کاتژمێرە باخەڵێکان کاتەکان بەهێزێکی کاتنوێن[١٨٣] نیشان دەدەن، بێ هیچ پێویستییەک بەچەرخ و عەقرەبە، یان دەتکوت ئاشەکان دانەوێڵە تەنیا بەسیفەتی هارین[١٨٤] لێ دەکەن، بێ پێویستی بەشتێک کە لە بەرداش بچێ"). لە هەردوو باردا، سروشتی سەرخۆشییەکە، شوێنکردن، تۆمار، وەستانی لە ناکاو: ئەو شتەی خەتی لێ دراوە، هاڕاوە یان ئەوەی شەق دەبا، دەتۆقێ.

کلێشە، یانی وشەی دووپاتە، بەدەر لە هەر ئەفسوونێک، هەر تین و جۆشێک، وەک ئەوەی ئەو شتە زۆر ئاسایی بێ، وەک ئەوەی ئەو وشەیەی دووپات دەبێتەوە، هەر جارێ بەهۆگەلێکی جیاواز گونجاو و بەجێیە، ئەوەی لاسایی دەکرێ وەک لاسایی هەست پێ نەکرێ: وشەی بەردەوام گەنج کە بانگەشەی پتەویی دەکا و ئاگای لە پێداگریی خۆی نییە. نیچە ئەو تێبینییەی داوە کە"حەقیقەت" شتێک نییە جگە لە قایمبوونی خوازەکۆنەکان. دەی باشە، کەوابێ، کلێشە ڕیگەی ئێستای " حەقیقەتە"، خاڵێکی دیار کە نەخشی داهێنراو دەگۆڕێتەسەر ڕووی پەسەندکراو و بەستراوەی شاندراو. (وا چاکە لە بیری زانستێکی نوێ زمانناسی دابین؛ ئەم زانستە ئیدی نەک لە سەرچاوەی وشەکان (ئیتیمۆلۆجی[١٨٥])، یا بلاو بوونەوەیان (وشەناسی)، بەڵکوو لە پێشکەوتەکانی پتەوبوونیان، چڕبوونیان بەدرێژاییی وتاری مێژوویی

182- Leibniz

183- Horodéictique

184- Fractive

185- Etymologie

دەكـۆڵێـتـەوە؛ زانسـتـێكی وا، هەڵبـەت، ڕووخـێنەر دەبـێ و شـتـێك زیاتر لە سەرچاوەی مێژوویی حەقیقەت دەردەخا: یانی سروشتی ڕەوانبێژانە و زمانی حەقیقەت).

گومانڕەشی لە عاست كلێشە (پێوەندیدار بە سەرخۆشیی وشەی نوێ یا وتاری هەراسانكەر) بنەمایەكە بۆ ناسەقامگیری بێ ئەندازە كە ڕێز لە هیچ شتێك ناگرێ (هیچی ناوەرۆكێك، هیچ هەڵبژاردنێك). هەر كە پێوەندی دوو وشە شتێكی ئاسایی بێ، تووشی هێڵنج دەبم. و هەر وەختێك شتێك ئاسایی بێ، جـێی دیلم: ئەوە سـەرخـۆشـیـیـە. بێـزارییـەێكی بێ كـەڵك؟ لە كورتەچیرۆكەكەی ئێدگار ئالەنپۆ[١٨٦]، "مۆسیو والدێمار[١٨٧]"، كە لە گیانەڵا دایە و هیپنۆتیز كراوە، لە خەوی موگناتیسیدا، بەهۆی دووپاتكردنەوەی ئەو پرسیارانەی ئاراستەی كراوە گیان دەر دەبا ("مۆسیو والدیمار، خەوتووی؟")؛ بەڵام ئەو لە ژیان مانەوەیە لەوزە بەدەرە: مردنی بەدرۆ، مردنی سامناك، ئەو شتەیە كە كۆتایی نییە، دوایی نایەت (" بەخاتری خوا!– زووكەن–! زووكەن!– بمخەنە خەوەوە_ یا دەنا زوو كەن! –زوو كەن هەڵم هەستێنن زوو!– چەند جارم پێ كوتن كە مردووم!). كلێشە، یانی نەشیاوی هێڵنج هێنەری مردن.

لە بواری ڕووناكبیریدا، هەڵبژاردنی ڕامیاری وەستانی زمانە كەوابوو، سەرخۆشیێكە. بەڵام، زمان، هەیا لەژێر رووی زۆر پتەوی خۆیدا (كلێشەی ڕامیاری) دەس پێ دەكاتەوە. ئەو زمانە، دەتوانی بێ هێلنجدان، قووتی دەی.

سەرخۆشییەكی تر (لایەنی تر): ئەم سەرخۆشی یە بریتییە لە سڕینەوەی ئەو شتەی بەڕواڵەت ڕامیارییە و ڕامیاریكردنی ئەو شتەی بەڕواڵەت ڕامیاری نییە. بەڵام، نا، ڕاوەستن، تەنیا شتێك ڕامیاری دەكرێ كە دەبێ ڕامیاری بێ و بڕایەوە.

***

---

186- Edgar Allan Poe

187- monsieur Valdemar

پووچ باوەڕی[١٨٨]: " ئامانجە بەرزەکان یەکتر سووک دەکەن." ئەوە ساتێکی ناسەقامگیر و هەڕەشەلێکراوە، چوون، بایەخی بەرزی تر، پێش ئەوەی، بایەخەکانی پێشوو برووخێن، هۆگری ئەوەن بەسر ئەوانی تر زاڵ بن؛ کاری دیالێکتیک تەنیا بەستنەوەی بابەتی چەسپاوی یەک لە دوای یەکە بەیەکترەوەیە؛ بۆیە لە ناخی ئانارشێسمیدا، چەشنێک کپکردن بەدی دەکرێ. کەوابوو، چۆن دەکرێ کەموکورتی هەر بایەخێکی بەرز بسەلمێنرێ؟ لە ڕێی تەوس هاویشتن؟ تەوس بەردەوام لە شوێنێکی چەسپیو و بێگۆمان دەست پێ دەکا. توندوتیژێ؟ ئەوە بۆ خۆی بایەخێکی بەرزە کە زۆریش بەیاسا و دەستوورە. سەرخۆشی؟ بەڵێ، بەمەرجێک نەوترێ سەر بەبیروباوەڕێکە. ڕێکوپێکترین پووچ باوەڕیش ڕەنگەلەژێر دەمامک دابێ: تا ڕادەیەک، پووچ باوەڕی لە نێو دامەزراوەکان، وتارە نەریتییەکان و مەبەستە[١٨٩] ڕواڵەتییەکان دایە.

***

"ئا "[١٩٠] پێم دەڵێ بۆی قبووڵ ناکرێ کە دایکی هەرزە بێ _ بەڵام ئەگەر بابی ئەو کارە بێ قەی ناکا؛ پاشان دەڵێ: شتیکی سەیرە، نا؟ بەڵام نێوێک بەسە بۆ وەی ئیدی پێی سەیر نەبێ: ئێدیپ[١٩١]! بەبڕوای من " ئا" تەواو لە دەق نێزیکە، چونکو دەقیش نێوەکان نادرکێنێ– یان ئەو نێوانەی هەن هەڵیان دەگرێ؛ نایڵێ (یان بەچ مەبەستێکی گوماناوی؟): مارکسیسم، برێشتیسم[١٩٢]، سەرمایەداری، ئیدەئالیسم، فەلسەفەی "زێن[١٩٣]"، هتد؛ نێو نایەتە سەر لێو، دابەش دەکرێ بە هێندێک کردار، هێندێک وشە کە ئیدی نێو نین. بەچوون بەلێوارەکانی دەربڕین، لە ناخی زانیاری لەسەر جیهان[١٩٤] کە

188- Nihilisme

189- Finalité

190- A.

191- dipe

192- Brechtisme

193- Zen

194- Mathésis

نایەوێ دەگەڵ زانست وەک یەک دانرێ، دەق نێولێنان هەڵدەوەشێنێ و ئەو هەڵوەشانەیە کە لە سەرخۆشی نێزیکی دەکاتەوە.

لە دەقێکی کۆندا کە بەم زووانە خوێندمەوە (بەشێک لە ژیانی قەشەکان لە گێڕانەوەی ستاندال) زنجیرەیەک خواردەمەنی نێونراوم دی: شیر، نان و روون، پەنیر بەسەرشیر "شانتیی[195]"، مرەبای "بار[196]"، پرتەقاڵی "ماڵت[197]"، دیسێری تووت فەرەنگی. ئاخۆ ئەوەش خۆشی نیشاندانێکی پەتییە (کە تەنیا خوێنەرێکی چڵێس هەستی پێ دەکا)؟ بەڵام من زۆر شیر و ئەو هەموو خۆراکە شیرنەم پێ خۆش نییە و زۆر کەم خۆم خەریکی وردەکاری ئەم ژمانە دەکەم. شتێکی تر ڕوو دەدا کە ڕەنگە پێوەندی بەمانای وشەی "نیشاندان[198]" وە هەیە. کاتێک، لە گفتگۆیەکدا، کەسێک شتێک بەبیسەرەکەی نیشان دەدا، تەنیا ئاخرین بارودۆخی ڕاستیی ئەو شتەیانی، باری نەگۆڕی نێو ئەو پێشان دەدا. ڕەنگە هەر واش بێ کاتێک ڕۆماننووسێک بە_ نموونەهێنانەوە، بەنێو بردن و ناساندنی خواردەمەنی (بەلەقەڵەمدانی وەک شتێکی سەرنجڕاکێش) ئاخرین بارودۆخی شتەکە بەخوێنەردا دەسەپێنێ کە ئیدی ناکرێ لەو تێپەڕ بێ یا بگەڕێتەوە دواوە (کە هەڵبەت ئەو شتە ئەو ناوانەی لە پێشدا باسمان کرد ناگرێتەوە: مارکسیسم، ئیدەئالیسم،... هتد). ئەوەیە! ئەم دەنگە دەبێ نەک وەک وتەیەکی زۆر زیرەکانە، بگرە تەنیا وەک سنوورداربوونی نێولێنان، وەک بەستراوەبوونی هێزی خەیاڵ لە بەرچاو بگیرێ. بەگشتی، ڕەنگە دوو جۆر ڕاستینوێنی (ڕێئالیسم) هەبێ: جۆری یەکەم "هەڵکەوتەکان" (ئەو شتانەی دەسەلمێنرێن، بەڵام نابینرێن) لێک دەداتەوە، جۆری دووەم، بەئاشکرا باسی واقیعییەت دەکا (ئەو شتەی دەبینرێ و ناسەلمێنرێ)؛ ڕۆمان کە دەتوانێ ئەم دوو چەشنە

195- Chantilly

196- Bar

197- Malte

198- Représentation

ڕیئالیسمە تێکەڵ کا، لایەنی دیاری " هەڵکەوتەکان[١٩٩]" لە کلکی خەیاڵی واقیعییەت[٢٠٠] گرێ دەدا: سەرسامی لەوەی کە لە ساڵی ١٧٩١ وەک ئەرۆکە لە قاوەخانەکانمان، خەڵک "ساڵادی پرتەقاڵ بەعارەقی نەیشەکەر"یان خواردووەوە: " دەسپێکی لایەنی دیاری مێژوو و لاساری شت (پرتەقاڵ، عارەقی نەیشەکەر) بۆ گۆڕانی دۆخی خۆی[٢٠١].

***

دەڵێن لە دوو فرەنسەیی، یەکیان کتێب ناخوێنێتەوە؛ نیوەی فرەنسە بێبەشە_ خۆی بێبەش کردووە– لە خۆشیی دەق. هەر چۆنێک بێ، ئەم شوورەیییە نەتەوەیییە تەنیا لە گۆشەنیگای مرۆڤییەوەیە کە داخی بۆ دەخورێ، هەر دەڵێی، بەپشتکردن بەکتێب، فرەنسایییەکان تەنیا واز لە سامانێکی گیانی و مەعنەوی و بایەخێکی بەرز دەهێنن. باشتر ئەوەیە کە مێژووی ڕەش، گەوجانە و کارەساتباری هەموو ئەو خۆشییانە بنووسین کەکۆمەڵگەکان دژی وەستاون یا وازیان لێ هێناون: چەشنێک تاریکبوونی خۆشی بەرچاو دەکەوێ.

هەرچەند ئێمەخۆشیی دەق دەخەینە بواری بیردۆزییەکەی و نەک بواری کۆمەڵناسییەوە (ئاکامەکەی وتارێکی تایبەتە، کە بەڕواڵەت لە هەر چەشنە کارتێکەری نەتەوەیی یا کۆمەڵایەتی بێ بەشە)، بەڵام هۆی ئەو شتە تەنیا تەرەبوونێکی[٢٠٢] ڕامیارییە: وەدەرنانی خۆشی (و سەرخۆشی) لە کۆمەڵگەیەک کە دوو جۆر ئەخلاق لەسەری کاریگەرن: یەکیان ئەخلاقی زۆرینە، یانی ئەخلاقی ڕەمەکێتی، ئەوی تر، ئەخلاقی تاقمی یانی ئەخلاقی زەبروزەنگ (ڕامیاری و/یان زانستی). دەڵێی بیری خۆشی ئیدی دڵی کەس

199- Réel

200- Réalité

201- Etre-là

202- Aliénation

شـاد ناکا؛ کـۆمـەڵگەی ئێـمـە هاوکـات لەسـەرخـۆ و توندوتیـژ دێتـە بەرچاو؛ بەهەرحاڵ، ساردوسڕە[٢٠٣].

***

مـەرگی باب زۆر خـۆشی لە ئەدەبیات دەسـتـێنێتـەوە. ئەگەر باب ئاسـەواری نەمێنێ، گێڕانەوەی چیرۆک بەکاری چی دێ؟ ئاخۆ هەموو چیرۆکێک ناچێتەوە سەر ئێدیپ؟ ئاخۆ گێڕانەوە، بەردەوام برێتی نییە لە گەڕان بەدوای ڕەچەڵەکی خۆ، دەربڕینی ناکۆکی دەگەڵ یاسا، چوونەنێو دیالێکتێکی دڵنەرمکردن و ڕق ئەسـتـووری؟ ئەورۆکە هـەم گرێی ئێدیپ و هەم چیرۆک یەک جێ پێکەوە فڕێ دەدەن: نەخـۆشـەویسـتی، نەترسـان، نەگـێڕانەوە لە ئارادا نـین. وەک چیرۆک، گـرێی ئێـدیپ بـەلایەنی کـەمـەوە کەڵکێکی هـەیە: بـەکەڵکی نـووسـینی ڕۆمـانی جـوان و گـێـڕانەوەی لـەباری چیـرۆک دێ (ئـەوەم دوای دیتنی فـیلمی "کـچی شـار[٢٠٤] "ی مۆرنۆ[٢٠٥] نووسی).

زۆر خـوێندنەوە هـەن کە لارێکەرن و چەشنێک دابەشـبوون وەخـۆ دەگـرن. هەروەک چۆن منداڵێک دەزانێ کە دایکی کیری نییە و لە هەمان کاتیش پێی وایەهەیەتی(ئابوورییەک کە فروێد قازانجەیەک سەلماندووە)، هەرواش خوێنەر بەردەوام دەتوانێ لە خـۆی پرسـیار کا: چاک دەزانم کە ئەوانە هەمـوو وشـەن، بەلام لە هەمان کاتیشدا... (هەسـتم دەبزوێ هـەر دەڵێی ئەو وشـانە واقیـعێک ڕادەگەیەنن). خوێندنەوەی تراجیک لە هەموو خوێندنەوەیەک چەوتترە: چێژ لە گێڕانەوەی چیرۆکێک وەردەگرم کە ئاخرییەکەی دەزانم دەبێتە چی: دەزانم و نازانم، لە عـاست خۆم بەجۆرێک دەجـوولێمـەوە هـەر دەڵێی نازانم: باش دەزانم کـە دەمـامکی ڕووی ئێـدیپ ئاخـرییـەکـەی هەڵدەمـاڵدرێ، کـە دانـتـۆن[٢٠٦] لە گـیـوتین دەدرێ، بـەلام لە هەمـان کـاتدا... سـەبـارەت بەچیـرۆکی دراماتیک

203- Frigide

204- City Girl

205- Murnau

206- Danton

(شانۆیی) کە ئاخرییەکەی نازانین دەبێتە چی، نەوعێک لاچوونی خۆشی و پێشکەوتنی سەرخۆشی لە ئارا دایە (ئەورۆکە، لە فەرهەنگی جەماوەریدا، چەشنێک مەسەرەفی زۆری" بەرهەم و هۆنەری شانۆیی (شانۆگەری[٢٠٧])"بەرچاو دەکەوێ، سەرخۆشیی کەمە).

***

نێزیکی (یەکبوونی؟) سەرخۆشی و ترس. ئەوەی بەرهەڵستی ئەو لێک نێزیکبوونەوەیە دەکا، هەڵبەت ئەو بیرە نییە کەترس هەستێکی ناخۆشە_ بیرێکی سواو، بگرە ئەو هزرەیە کە ترس تا ڕادەیەک هەستێکی پڕ لە شوورەیییە؛ ترس فرێدراوی هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکانە (تا ئەو جێیەی بزانم تەنیا هابێزە کە دەڵێ: " تەنیا خولیای ژیانم ترس بووە.")؛ شێتیش لە ترس هەڵدێ (جگە ڕەنگە لە شێتی باونەماو: وەک " ئۆرلا"[٢٠٨]ی مۆپاسان[٢٠٩])؛ شتێکە کە نایەلێ ترس مۆدیرن بێ: ترس حاشا لە یاساشکاندنە، جۆرێک شێتێکە بەوشیارێکی تەواو دەستی لێ هەڵدەگری. بکەرێک کە تووشی ترس بووە، بەهۆی هەڵکەوتێکی کۆتایی، هەموو کات بکەر دەمێنێتەوە؛ زۆر زۆرەکەی، دەچێتە بازنەی دەروون پەریشێوە (لەو حاڵەتەدا باسی "دڵەخورپە" دەکرێ، وشەیەکی بەرز، وشەیەکی زانستی، بەڵام ترس دڵەخورپە نییە).

هەموو ئەو هۆیانە ترس لە سەرخۆشی نێزیک دەکەنەوە: ترس نەهێنێکی تەواوە، نەک لەبەرئەوەی " شیانی دان پیانان نییە (هێشتا لەسەردەمی ئێمەش، کەس ئامادە نییە دان بەترس دابنێ)، بەڵکوو لەبەرئەوەی کە ترس، بەدابەشکردنی بکەر و لە هەمان کاتیشدا بەساغ هێشتنەوەی، تەنیا هێندێک شاندەری (دال) لەیەکچووی بەدەستەوەیە: زمانی وڕێنە لەو کەسە قەدەخەیە کە شایەتی هەڵچوونی لەناخێتی. "ژۆرژ باتای دەیکوت " من بۆیە دەنووسم

207- Dramatiques

208- Horla

209- Maupassant

شێت نەبم" ماناکەی ئەوەیە کە ئەو شێتی دەنووسی؛ بەڵام کێ دەتوانێ بڵێ "من دەنووسم بۆ وەی نەترسم"؟ کێ دەتوانێ ترس بنووسێ (ئەوە بەمانای گێڕانەوەی نییە)؟ ترس نەنقیسار دەردەکا، نە زۆری لێ دەکا و نەتەواو کەرێتی: لە ڕێی چەسپاوترین ناکۆکییەکان، هەردووکیان دەگەڵ یەک دەژێن-بەڵام بەجیا.

(ئێمە باسی ئەو دۆخە ناکەین کە نقیسار دەبێتە هۆی ترس).

***

شەوێک کە لەسەر کورسیی میخانەیەک خەونۆچکە دەیبردمەوە، هەر وەک کایەیەک، هەوڵم دەدا هەموو ئەو زمانانەی دەیانبیستم بژێرم: موسیقاکان، وتووێژەکان، دەنگی چواربەندەکان و پەرداخەکان، زنجیرەیەک ستێریۆفۆنی (دەنگی دوولایی) کەمیدانێکی شاری تانژە[٢١٠] (کەسێویرۆ ساردوی وەسفی کردووە) شوێنێکی نموونەی (بیستنی) ئەو دەنگانەیە. لە ناخی منیشدا ئەو شتە کەوتبووە قسە (هەموومان ئەو شتە دەزانین) و ئەو وتەیە کە پێی دەڵێن " دەروونی" زۆر لە دەنگەدەنگی مەیدانەکە دەچێ، لە جۆرێک دابەشبوونی پلەیی دەنگە نزمەکان کە لە دەرێوە بۆم دەهاتن: ئیدی من خۆم ببوومەوە شوێنێکی گشتی، بازاڕێک؛ لە دەروونی مندا، وشەکان، نیمچە هەڤۆکەکان و وردەفۆرمووڵەکان[٢١١] دەهاتن و دەچوون، و تەنیا ڕستەیەکیش پێک نەدەهات، وەک ئەوەی ئەم تایبەتی بەشێک بێ لە یاسای ئەو زمانە. ئەو وتەیە کە هاوکات زۆر پوختە و ژیاری و زۆر کێویلەیی بوو، نەوازە وشەیی و پەراگەندە بوو؛ لە ڕێی تەوژمی ئاشکرای، ئەم زمانە لە ناخی مندا زنجیرەیەکی پچڕاو[٢١٢] بەڵام دیاریکراوی دروست کردبوو: ئەم نا-ڕستەیە بەهیچ جۆرێ ئەو شتە نەبوو کە هێزی بەڕستەبوونی تێدا نەبێ یا تەنیا پێش ڕستەیەک بووبێ؛ ئەو نارستەیە برێتی بوو: لەو شتەی بۆ هەموو کات و

---

210- Tanger

211- Syntagmes

212- Discontinu

بەشێوەیەکی بەرز لە دەرەوەی ڕستەیە. کەوابوو، زماننناسی هەمووی کەم تا زۆریک دەڕووخا، زماننناسی کە تەنیا بڕوای بەڕستەیە و بەردەوام بایەخێکی لە ڕادەبەدەری داوەتە ڕستەسازی گوزارەیی (وەک قالبی تەرزێک ژیربێژی، شکڵی جۆرێک عەقڵانیەت)؛ ئەو قسەلۆکە زانستییەم وەبیر دەهاتەوە: هیچ چەشنە ڕێزمانی وتەیبوونی نییە (ڕیزمانی ئەو شتەی دەوترێ، قسەی پێ دەکرێ، نەک ئەو شتەی دەنووسرێ و وەک دەسپێک، رێزمانی فرەنسی زارەکی). ئێمەیان داوەتە دەست ڕستە (لەوێشەوە، دەست داڕشتنی ڕستە و ڕستەبازی).

ڕستە پێکهاتەیەکی پلەیی هەیە: ڕستەداگری هێندێک ملکەچبوون، شوێنکەوتوویی و دەسەڵاتداری ناوەخۆییە. بۆیە ڕستە پێگەیەکی پێگەیشتوو و بێ کەمایەسی هەیە: پێکهاتەیەکی پلەیی چۆن دەتوانێ کراوە بمێنێتەوە؟ ڕستە شتێکی تەواو کراوە؛ بەکورتی، ڕستە ئەو زمانەیە کە تەواو و بێ کەموکوڕییە. لەو بوارەدا هەڵبەت، کردەوە دەگەڵ بیردۆزی (تێئۆری) جیاوازی زۆرە. بیردۆزی (چۆمسکی[٢١٣]) دەڵێ کە ڕستە بێ پایانە (بەشێوەیەکی بێ پایان پەرەسێنە[٢١٤]) بەڵام کردەوە ناچارمان دەکا هەمیشە ڕستە تەواو کەین. "هەر چالاکییەکی ئیدۆلۆجیک خۆی لەژێر سیمای هێندێک ڕستە نیشان دەدا کە لەباری داڕشتن تەواو کراون". ئەو قسەیەی ژولیا کریستێڤا[٢١٥] با لەباری پێچەوانەکەشی وەرگرین: هەر ڕستەیەکی تەواوکراو لە مەترسی ئەوەدایە ئیدۆلۆجیک بێ. لە ڕاستیدا، ئەوە توانایی تەواوبوونەکە شارەزایی داڕشتنی ڕستە مسۆگەر دەکا و وەک لێزانینێکی هەرە بەرز کە بەزەحمەتێکی گران وەدەس هاتووە، کار دەکاتە سەر بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە. مامۆستا (قوتابخانە، زانستگا) کەسێکە ڕستەکانی تەواو دەکا. سیاسەتمەدار لە کاتی وتووێژی ڕۆژنامەوانی ئاشکرا هەوڵێکی زۆر دەدا تا

---

213- Chomsky

214- Catalysable

215- Julia Kristeva

کۆتاییەک بۆ ڕستەکەی بدۆزێتەوە: ئەی ئەگەر قسەکەی ناتەواو بمێنێ؟ ڕەنگە هەموو ڕێسەکەی ببێتەوە خوری! ئەی نووسەر؟ ڤالێری[٢١٦] دەیکوت: " نووسەر لە مێشکیدا ڕستە دروست دەکا نەک وشە". ڤالێری لەبەرئەوەی نووسەر بوو ئەو شتەی دەکوت. نووسەر بەو کەسە نالێن کە بیری، سۆزی یا خەیاڵی لە ڕێی ڕستە دەردەبرێ، بگرە نووسەر ئەو کەسەیە کە بەبیری ڕستە دروست دەکات: نووسەر بیریاری – ڕستە[٢١٧]یە (یانی، نە تەواو بیرکەر، نەتەواو دارێژەری ڕستە).

خۆشی دەق شتێکی زۆر فەرهەنگییە (ڕۆشنبیرییە). بەرهەمی دەستکردی ڕەوانبێژان، ڕێزماناسان، زماناسان، مامۆستایان، نووسەران، دایک و باوکان، ئەو بەرهەمە هونەرییە دەسکردە، کەم تا زۆر وەک گەمەیەک لاساییی دەکرێتەوە. گەمە بەشتێکی نایاب دەکرێ، شتێک کە زماناسی بەباشی داکۆکی لەسەباری نەگونجاوی (پارادوکسی) دەکا: بەشێوەیەکی نەگۆڕ خاوەن پێکهاتە، بەڵام بێ ئەندازە شوێنی نوێبونەوە، شتێک وەک گەمەی شەترەنج.

مەگەر ئەوەی بۆ هێندێک کەسی لاڕێبوو، ڕستە لەشێک بێ؟

***

خۆشیی دەق. نووسەرە کلاسیکەکان. فەرهەنگ (هەرچی فەرهەنگ زۆرتر بێ، خۆشی زۆرتر و ڕەنگینتر دەبێ). هۆش. گاڵتە. ناسکی. نەشەو گەشە. شارەزایی. ئاسایش: هونەری ژیان. خۆشی دەق دەکرێ بەکردەوەیەک (بێ هیچ مەترسی سەرکوتکران) پێناسە بکرێ: شوێن و کاتی خوێندنەوە: ماڵی، شاری دوور لە پێتەخت، ژەمێکی نێزیک، چرایەک، خێزان لەو جێیەی دەبێ ببێ، یانی نەدوور نەنێزیک (پرووست لەو وتاغەی بۆنی زەمبەقی لێ دەهات) هتد. بەهێزبوونی بێ ئەندازی "من (لە ڕێی خەیاڵ)؛ زەینی ناوشیاری بێدەنگکراو. خۆشی وا دەکرێ بەیان بکرێ: بۆیە ڕەخنە دێتە کایە.

---

216- Valéry

217- Pense-Phrase

دەقـەکـانـی سـەرخـۆشی. خـۆشـی پچـڕپـچـڕ؛ زمـانـی پس پس؛ فـەرهـەنگی پچـــڕپـچـــڕ. ئـەو دەقـــانـە لەو شــتـــەدا لاڕێکـەرن کـە بـەدەر لە هـەر چەشـنە مـەبەسـتێکی ڕێ تێ چـوون- هـەیا مـەبەسـتـی خـۆشی (سـەرخـۆشی ناچار بەخۆشیت ناکا؛ تەنانەت دەتوانێ بەڕواڵەت بێزارت کا). هیچ بیانوویەک خۆی ناگـرێ، هیچ شـتێک دووبارە بنیـات نانرێتـەوە، هـیچ شـتێک دیسـان بەرهەم ناهێنرێتەوە. دەقی سـەرخـۆشی بەتەواوی تـێ نەپەڕە. بەڵام، لاڕێبـوون تەنیـا ناتوانێ پێناسـەی سـەرخـۆشی بـێ؛ ئەوە دوا ئاسـتی لاڕێبـوونەکە پێناسـەی سەرخۆشی دیاری دەکا: ئاستێک کە دایمە شوێنگۆڕکێ دەکا، بەتاڵە، بزۆزە، پێشبینی ناکرێ. ئەو دوا ئاستە سـەرخۆشی دەستـەبەر دەکا: لاڕێبوونێکی مـامناوەندی هەردەم پڕە لە یاری هێندێک مـەبەسـتـی نزمـتـر: ئـیـحـتـوبار، ڕاگەیاندن، ڕقەبەرایەتی، وتاردان، خۆنواندن،... هتد.

هەموو کەس دەتوانێ شایەدی بدا کە خۆشیی دەق شتێکی مسۆگەر نییە: هیچ شتێک نایسەلمێنێ کە جاریکی تر هەر ئەو دەقەی خۆمان پێ خۆش بێ؛ خـۆشیی دەق خـۆشـییـەکی قرچۆکە، هێندێک شت وەک سـروشتی مـرۆڤ، خووخدە، و بارودۆخ وردەکوتی دەکا، خۆشـییەکی لەرزۆکە (بەدەست هاتوو لەڕێی نزایەکی بێدەنگ کە ئاراستـەی تاسـە دەکرێ تا هەست بەچاکی بکا و ئەو تاسـەیە دەتوانێ هەڵوەشـێتـەوە)؛ بۆیە، نـاکرێ، باسی ئەم جـۆرە دەقە لە ڕوانگەی زانسـتی تەجـرەبەیی[٢١٨] بکەین (بڕیاردانی بەپـێـوەری زانسـتی ڕەخنەیە: خۆشی وەک بنەمای ڕەخنەیی وەبەرچاو دەگرێ).

سەرخۆشی دەق لاواز و لەرزۆک نییە، بگرە زۆر لەوە خراپترە: زووڕەسە. لە کـاتی خـۆیدا نایە، بەسـتـەی هیچ چەشنە گـەیینێک نـیـیـە. هەمـوو شـتـێک بەجـارێک هەڵدەچێ. ئەو هـەڵچـوونە لە نیگارکێشـیـدا زۆر ڕوونە، هەڵبـەت لە نیگارکێشیی ئەوڕۆکەدا: هەر کە تێی گـەیشـتی، بنەمای فـەوتان ناکاریگەر دەبێ، دەبێ بچێ سـەر شـتێکی کـە. هەموو یارێکە، هەمـوو سـەرخـۆشێکە لە نیگای یەکەم ڕوو دەدا.

---

218- Science positive

دەق کەسێکی بێ نەزاکەتە (دەبێ کەسێکی بێ نەزاکەت بێ) کە قوونی نیشانی باوکی سیاسەت دەدا.

***

بۆچی لە بەرهەمی مێژوویی، چیرۆکی، ژیاننامەیی چەشنێک خۆشی دیتنی نیشاندانی "ژیانی رۆژانە"ی سەردەمێک، کەسایەتییەک لە ئارادایە (بۆ هێندێک کەس وەک من) ؟ خۆهەڵقوتان لە ورد بەوردی شتەکان هۆی چییە: خشتەی کاتی، خوو و خدەکان، ژەمەکان، خانووکان، پۆشاک، هتد؟ ئاخۆ ئەوە زەوقی خەیاڵی بۆ "واقیع"ە (هەیا زەقبوونی " ئەو شتە ئاوا بوو")؟ ئاخۆ ئەوە خەیاڵ بۆ خۆی نییە کە لە ئارەزووی "وردەکاری"، دیمەنێکی هۆردەک و خۆیی دایە کە لەودا من دەتوانم بەهاسانی جێگیر بم؟ بەگشتی، ئاخۆ تاقمێک " دەروون شێواوی هەژار" (خوێنەری لەو چەشنە) هەن کە بە شانۆیەکی تایبەتی سەرخۆش دەبن: نەک بەشانۆی مەزنی، بگرە بەشانۆی ڕەمەکێتی (بۆ مەگەر خەون و خەیاڵی ڕەمەکیمان نییە؟).

بەم جۆرە، ناشێ بیر بکەینەوە کە شتێک ناسکتر و ئاساییتر لە تۆمارکردنی" کەش و هەوای ئێستا" (کەش و هەوای ئەو دەم) هەبێ؛کەچی، چەند رۆژ لەوە پێش، دەمویست "ئامیەل[٢١٩]" بخوێنمەوە، تووڕە بووم لەوەی کە بڵاوکەرەوەی ئەو پەرتوکە کە کابرایەکی داوێنپاکە (دیسان یەکێک لەوانەی ڕێگە لە خۆشی دەگرن) پێی وا بوو کاری چاکی کردووە و هاتبوو لە"یاداشتەکانی رۆژانە" ئەو بەشانەی پێوەندی بەژیانی رۆژانە، کەش و هەوا و کەنارەکانی "گۆلی ژێنێو[٢٢٠]" بوو هەڵاواردبوو و تەنیا هێندێک تێبینی ئەخلاقی بێ تامی هێشتبووەوە: کەچی تەنیا شتێک کە ماوەتەوە و کۆن نابێ، هەر ئەو کەشەیە نەک فەلسەفەی ئەخلاقی ئامیەل.

***

219- Amiel

220- lac de Genève

وا وێ دەچێ کە هونەر لەباری مێژوویی و کۆمەڵایەتی خۆی خسبێتە مەترسی. بۆیە، هونەرمەندیش بۆ خۆی هەوڵ دەدا بێرووخێنێ.

بەڕای من، ئەو هەوڵە سێ شکڵی هەیە: هونەرمەند دەتوانێ بچێتە سەر بوارێکی تر: ئەگەر نووسەرە، ببێتە سینەماکار، نیگارکێش، یان بەپێچەوانە، ئەگەر نیگارکێش یان سینەماکارە، بێ وتاری ڕەخنەیی دوور و درێژ لەسەر سینەما و نیگارکێشی بنووسێ، و یان بەئەنقەست هونەر بێنێتە ڕادەی ڕەخنە. هەروەها دەشتوانێ دەست لە نقیسار هەڵگرێ، مل بۆ "نووسیاری[٢٢١]" دانەوێنێ، خۆی بکاتە زانیار، بیردۆزی ڕووناکبیر، بۆ هەموو کات و تەنیا هەر باسی بابەتی ئەخلاقی بکا کە لە هەر چەشنە هەست پرستی زمان خاوێنکراوەتەوە. لە ئاخرێکەی، دەتوانێ هەر بەتەواوی خۆی بێ سەروشوێن بکا (نوقم بێ)، چیی تر نەنووسێ، کار و پێشە و حەز و هیوای بگۆڕێ.

کلۆڵی لەوەدایە کە ئەو رووخانە هەردەم ناتەواوە؛ یان لە دەرەوەی هونەر هەڵدەکەوێ، هەر لەبەرئەوەش پێوەندییەکی بەبابەتەکەوە نییە، یان ڕازی دەبێ لە چوارچێوەی کردەی هونەریدا بمێنێتەوە بەڵام زۆر زوو بۆ مەبەستی تر دەیقۆزنەوە (هونەری پێشڕەو، ئەو زمانە سەربزێوەیە کە لە ئامانجی سەرەکی خۆی لادەدرێ). نالەباری ئەو دۆخە لەوە سەرچاوە دەگرێ کە رووخانی وتار زاراوەیەکی دیالێکتیک نییە، بەڵکو زاراوەیەکی واتەییە: ئەم رووخانە بەئاسانی خۆی دەخاتەپاڵ ئوستوورەی مەزنی نیشانەناسی یانی " لە بەرامبەر (ڕەش لە بەرامبەر سپی)؛ کەوابوو، رووخانی هونەر مەحکوومە بەوەی تەنیا شکڵی دژبەیەک و ناکۆک وەخۆ گرێ (ئەوانەی وا دقاودەق دژی بیر و بڕوای گشتین): هەردوو لایەنی ئەو تەوەرە ئاخرێکەی وەک دوو هاودەس پێکەوە نووساون: ڕێککەوتنێکی پێکهاتەیی هەیە نێوان شکڵی ڕەخنەگر و شکڵی ڕەخنەلێگیراو.

---

221- Ecrivance

(بەپێچەوانە، مەبەستم لە رووخاندنی ناسک ئەوەیە کە راستەوخۆ خوازیاری رووخان نییە، خۆ لەو تەوەرە لادەدا و لە زاراوەیەکی تر دەگەرێ: زاراوەیەکی سێیەم کە لە هەمان کاتدا، زاراوەیەکی پێکهاتوو لە چەند شتی تر نییە، بگرە زاراوەیەکی نامۆ و بێ پێشینەیە. نموونەیەک؟ رەنگە زۆرژ باتای نموونەیەک بێ: لە رێی ماتریالیسمێکی چاوەروان نەکراو کە لەودا گوناح، پارێزگاری، قومار، هەوەسبزوێنی نەشیاو... هتد، شوێنی خۆیان هەیە، زاراوەی ئیدەئالیستی دەبەزێنێ؛ بەم جۆرە، باتای لە بەرامبەر شەرم و حەیا، نەک ئازادی جینسی، بگرە پێکەنین دادەنێ.)

***

دەق خۆشی هەموو کات ئەو دەقە نییە کە خۆشی بگێرێتەوە، دەقی سەرخۆشی هەرگیز ئەو دەقە نییە کە سەرخۆشی دەگێرێتەوە. خۆشی نیشاندان پێوەندی بەبابەتەکەیەوە نییە: لەمەر دەقی پۆرنۆگرافی دڵنیا نین (کە دەقی خۆشی یان سەرخۆشی بێ). بەکەڵک وەرگرتن لە زاراوەی گیانەوەرناسی[٢٢٢] دەڵێین کەشوێنی خۆشیی دەق پێوەندی لاساییکەر و نموونە (پێوەندی لاسایی) نییە، بگرە تەنیا پێوەندی خاپێنراو[٢٢٣] و لاساییکەرە[٢٢٤] (پێوەندی مەیل، بەرهەمهێنان).

جگە لەوە، دەبێ نێوان دەرکەوتن[٢٢٥] و شاندان[٢٢٦] جیاوازی دابنێین.

دەرکەوتن برێتی دەبێ لە شێوەی ئاشکرابوونی لەشی هەوەسبزوێن (بەهەر پلە و شێوازێک بێ) لە چوارچێوەی دەقدا. بۆ نموونە: نووسەر دەتوانێ لە دەقدا خۆی نیشان دا (ژۆنێ[٢٢٧]، پرووست)، بەلاّم نەک لەژێر چەشنەکانی

222- Termes zoologiques

223- Dupe

224- Mime

225- Figuration

226- Représentation

227- Genêt

ژیاننامەی ڕاستەوخۆ (شتێکی وا لە قەوارەی لەش تێپەڕ دەبێ، مانایەک دەدا بەژیان، چارەنووسێک دادەڕێژێ). یا دیسان: دەکرێ مەیل و ئارەزوو بدرێ بەکەسایەتییەکی ڕۆمان (لە ڕێی چەند هەوەسی کەم خایەن). یا لە کۆتاییدا: دەق بۆ خۆی وەک پێکهاتەیەکی گەلاڵەدار و نەک لاساییکەرەوە، دەتوانێ بەشکڵێ لەش خۆی دەرخا، لەشێکی دابەش بوو بەشتێ هەوەس هەڵسێنەر، بەشوێنی هەوەسبزوێن (ئێرۆتیک). هەمووی ئەو جووڵانە بەڵگەن بۆ بوونی وێنەی دەق کە بۆ سەرخۆشی خوێندنەوە پێویستە. هەروەها، و زیاتر لە دەق، فیلم بەدڵنیایی لەداهاتوو وێنایی دەبێ (بۆیە بەڕاستی هەڵدەگرێ فیلمێکی وا ساز بکرێ) – ئەگەرچی هیچ شتێکیش نیشان نەدا.

بەلاّم سەبارەت بەشاندان دەبێ بڵێین کە برێتی دەبێ چەشنێک دەرکەوتنی ڕێ لێگیراو، ئاخنراو بە مانای تر جگە لە واتەی مەیل[228]: شوێنی گەلێک بیانوو (واقیع، ئەخلاق، لەڕاستچوون، ڕوونی، حەقیقەت... هتد). ئەوەش دەقێک کە نموونەی شاندانێکی پەتییە: باربێ دۆرێویلی[229] لەبارەی "کچی دەست لێ نەدراوی مێملینگ"[230] ئاوا دەنووسێ: " چەق ڕاوەستاوە، شێوەی وەستانی ستوونییە. مرۆڤی پاک ڕاستن. ژنی داوێنپاک بەبەژن و بالاّ و جووڵە دەناسرێنەوە؛ ژنی هەوەس هەڵسێن بەقوونەخشکە دەڕۆن، خاو و شلن و (لە ڕۆیشتن دا) دادێنەوە، هەر دەڵێ خەریکن بکەون."

ئەوەشتان بەڕێکەوت پێ بڵێم کە شێوازی شاندان توانێوێتی هەم هونەرێک (ڕۆمانی کلاسیک) و هەم "زانستێک" (بۆ نموونە، دەسخەتناسی[231] کە لە ڕێی نەرمی پیتێک بڕیار دەدا کە خەتنووسەکە بوودەڵەیە) دروست کا و لەبەرئەوە، ڕەوایە بێ هیچ پێچوپەنایەک بڵێین کە ئەو "زانستە" یەکسەر ئیدۆلۆجیکە (بەهۆی بەرینی مێژوویی ماناکەی). هەڵبەت زۆرجار هەڵدەکەوێ

---

228- Désir

229- Barbey d'Aurevilly

230- La  vierge de Memling

231- Graphologie

کە شاندان خودی مەیل وەک بابەت لاسایی هەڵبژێرێ؛ بەڵام وەختی وا، ئەو مەیلە قەت لە چوارچێوە، لە تابلۆ ناچێتە دەر؛ لە نێوان کەسایەتییەکان دا لە هاتووچۆدا دەبێ؛ ئەگەر وەرگرێکیشی هەبێ، ئەو وەرگرە لە دەروونی چیرۆکدا دەمێنێتەوە (لە ئاکام دا، دەتوانێن بێژین کە هەر هێماناسییەک کە مەیل لەنێو رووی دەرەکی کەسایەتییەکان قەتیس بکا، هەر چەندەش نوێ بێ، لە ڕاستیدا هێماناسی شاندانە. شاندان، ئەوەیە: ئەو کاتەی شتێک لە چوارچێوە نایەتەدەر، دەرباز نابێ: لە تابلۆ، لە پەڕتوک، لە پەردە.

لە جێیەک باسی خۆشی دەق دەکەی، هێشتا قسەکە لە زارت نەهاتووەتە دەر، دەسبەجێ دوو ژاندارمە (مڵۆزم) دەگە نەسەرت: ژاندارمی ڕامیاری و ژاندارمی دەروونتوێژی: بێ کەڵکی و/یان تاوانباری، خۆشی کارێکی تەوەزەلانەیان بێ سوودە، بیرێکی چینایەتی یا خەیاڵێکی خاوە.

نەریتێکی کۆن، یەکجار کۆن: خۆشی پرستی کەم تا زۆر لەلایەن هەموو ڕێبازە فەلسەفییەکان دەمکوت کراوە؛ ویستی خۆشی پرستی تەنیا لەکن هیندێک فەیلەسووفی پەراوێزکراو، ساد، فووریە[232] دەبینرێ؛ بەلای نیچە، خۆشی پرستی چەشنێک ڕەشبینییە. خۆشی بەردەوام بێ هێوا کراوە لە بەئەنجام گەیشتن، شکێنراو و هێز لێبڕاوە، بەقازانجی هێندێک بایەخی بەهێز و بەرز: حەقیقەت، مەرگ، پێشکەوتن، خەبات، شادی... هتد. ڕەقەبەری سەرکەوتووی خۆشی مەیلە: هەمیشە باسی مەیلمان بۆ دەکەن، قەت باسی خۆشی ناکەن؛ دەڵێن مەیل پێگەیەکی زانستناسانەی هەیە، خۆشی نییەتی (نا). دەڵێی کۆمەڵگە (هی ئێمە) سەرخۆشی بەجۆرێک ڕەت دەکاتەوە (ئاخرێکەی دەیخاتە پشتگوێ) کە تەنیا دەتوانێ هێندێک تێوری زانیاری لەسەر یاسا (و وەبەر ڕەخنەدانی) بەرهەم بێنێ، و نەک هەرگیز نەبوونەکەی، یا باشترە بڵێین بێ بایەخبوونەکەی. بەردەوامی فەلسەفی مەیل شتێکی سەیرە (لەو ڕوانگەوە کە قەت دانەمرکاوە): ئاخۆ ئەو وشەیە چەشنێک " بیری چینایەتی" ناگەیەنێ؟ (گریمانی بەڵگەیەکی زۆر کاڵوکرچ، بەڵام جێی سرنج:

232- Fourier

"جەماوەر" نازانن مەیل چییە، تەنیا لە خۆشی دەگەڕێن).

کتێبی ناسراو بە "هەوەسبزوێن یا ئێرۆتیک" (مەبەست ئەو کتێبانەیەکە بەشێوازی ئەورۆیی دەنووسرێن، بۆ وەی مارکی دۆساد و چەند کەسی تر لەو بازنەیە هەڵاوێرین) زیاتر لەوەی دیمەنی هەوەسبزوێن نیشاندەن، چاوەڕوانێکەی، ئامادەکرانەکەی و هەڵچوونەکەی نیشان دەدەن؛ هەر لەبەر ئەو تایبەتییە کە ئەم پەرتوکانە" وەجۆش هێنەرن"؛ و کاتێک دیمەنەکە خۆی نیشان دەدا، بەشێوەیەکی ئاسایی نائۆمێدی و پووکانی ویست دێتە پێش. بەواتەیەکی تر، ئەوانە کتێبی مەیلن نەک هی خۆشی. یان فێڵبازانە، خۆشی بەو جۆرەی دەروونتوێژی دەیبینێ نیشان دەدەن. هەمان مەبەست لەولا و ئەملا دەڵێ کە ئەوانە هەمووی زۆر دڵساردکەرەوەن.

(دەبێ بەنێو بینای بەشکۆی دەروونتوێژیدا تێپەڕین و نەک ئەوەی بەقەراغیدا بڕوێن، وەک شەقامە خۆشەکانی شارێکی زۆر گەورە کە دەتوانی تێیاندا یاری بکەی، خەیاڵ بتباتەوە... هتد: دەروونتوێژی چیرۆکێکی خەیاڵییە.)

دەڵێن چەشنێک عیرفانی دەق هەیە. هەموو هەوڵەکە، بەپێچەوانە، بریتییە لە لەش بە بەرداکردنی خۆشیی دەق، بەگۆڕینی دەق بەمەبەستێکی خۆشی وەک شتانی تر. واتە: یان نزیککردنەوەی دەق لە" خۆشییەکانی" ژیان (چێشتێک، باخێک، ژوانیک، دەنگێک، ساتێک... هتد) و پێوەستکردنی بەپێرستی ئارەزووەکانی لەشی، یان کردنەوەی کونی سەرخۆشی، قەڵشتی گەورەی فەوتانی خۆیەتی لە ڕێی دەق، و یەککردنی ئەو دەقە دەگەڵ پەتیترین ساتەکانی لاڕێبوون و شوێنە نهێنییەکانی. ئەوەی گرینگە، تەختکردنی مەیدانی خۆشییە، هەڵوەشاندنی دژایەتی ساختەیی نێوان ژیانی کرداری و ژیانی ڕوانینە. خۆشیی دەق لە ڕاستیدا داخوازێکە دژی جیاکردنەوەی دەق؛ چونکو ئەو شتەی دەق، لە ڕێی تایبەتمەندی نێوەکەی دەیلێ، هەموو لابوونی خۆشییە، دەگمەنی سەرخۆشییە.

بیری پەرتوکێک (دەقێک) کە لەودا، بەخۆییترین شێواز، پێوەندی نێوان

هەموو سەرخۆشییەکان بهۆنرێتەوە، بتەنرێ: سەرخۆشییەکانی "ژیان" و سەرخۆشییەکانی دەق، کتێبێک کە لەودا، وەبیرهێنانەوەیەکی یەکسان خوێندنەوە و بەسەرهات دەقۆزێتەوە.

جوانناسی یەک[٢٣٣] (ئەگەر لە بایەخی ئەم وشەیە زۆر کەم نەکرابێتەوە) بێنە بەرچاوت کە تا ئاخر (بەتەواوی، لە ڕەگوڕیشەوە، لە هەموو لاوە) لەسەر خۆشیی بەرخۆر (مەسرەفکەر[٢٣٤]) دامەزرابێ، هەر کەسێک بێ، لە هەر چین و توێژێک بێ، بێ لە بەرچاو گرتنی فەرهەنگ و زمان: ئاکامەکانی مەزن بگرە ڕەنگە جەرگبڕبن (بڕێشت جوانناسێکی ئەوتۆی لە خۆشی دەست پێ کردبوو؛ لە نێوان هەموو پێشنیازەکانی ئەوە لە هەموویان زیاتر لە بیر کراوە).

***

خەیاڵ ڕێدەر، پاڵپشت، هەڵگر و ئاشکراکەری ناسکێکی یەکجار زۆری هەستەکانی دەروونی، بگرە جاری واشە میتافیزیکییە، پوختەترین مانای پێوەندیەکانی مرۆڤ، جیاوازی پالاوتە، زانستێکی شارستانیی یەکجار بەرز، بەکورتی مەنتقێکی بەئاگا لکاو بە ناسکێکی بێ وێنەیە، کە تەنیا شەونخوونی کێشانێکی زۆر دەتوانێ وەدەستی بێنێ. بەکورتی، خەیاڵ هەر شتێک کە لە دەروونی مندا نامۆ، بێگانە نییە، وەقسە دەخا: بەسەرهاتێکی ناشارستانی هۆنراو بەهێندێک هەستی ڕەوشت جوان و شارستانی (بەم جۆرە، خەیاڵ دەبێتە هۆی شارستانیەتی).

دەقی سەرخۆشی زۆرجار ئەم ڕێژەیە لە جیاوازی نیشان دەدا (ئێدگار پۆ)؛ بەڵام دەشتوانێ ڕوویکی پێچەوانەوە خۆ گرێ (هەرچەند بەهەمان ڕادە دابەش بووبێ): بەسەرهاتێکی زۆر ڕوون بەهێندێک هەستی نەشیاو ("مادام ئێدواردا[٢٣٥]" نووسراوی ژۆرژ باتای).

***

233- Esthétique

234- Consommateur

235- Mme Edwarda

نێوان خۆشیی دەق و دامەزراوەکانی دەق چ پێوەندییەک دەکرێ هەبێ؟ زۆر کەم. بیردۆزی دەق خۆی خوازیاری سەرخۆشییە، بەڵام داهاتووی وەک دامەزراوەکەمە: ئەو شتەی بیردۆزی دەق بنیاتی دەنێ، بەئەنجام گەیشتنی راستەقینەی، هەڵکشانی، هێندێک مەشق و کردەوەیە (کردەوەی نووسەر)، بەهیچ جۆرێک زانست، ڕەوشت، لێکۆڵینەوە، یا فێرکردن نییە؛ بەهۆی ئەم بنەمایانە، ئەو بیردۆزییە تەنیا دەتوانی بیریار یا مەشقکەر[٢٣٦] (نووسیار[٢٣٧]) پەروەردە کا و نەک هەرگیز پسپۆڕ (ڕەخنەگر، لێکۆڵەر، مامۆستا، خوێندکار). تەنیا تایبەتی بەپێویست سەر-زمانی[٢٣٨] هەر چەشنە لێکۆڵینەوەیەکی دامەزراوەیی نییە کە کۆسپ دەخاتە سەر ڕێی نووسینی خۆشیی دەق، بگرە هەروەها ئەو ڕاستییە کە ئێمە ئێستا کە ناتوانین زانستێکی راستەقینەی گووران دروست کەین (تەنیا ئەو زانستە دەتوانێ خۆشی ئێمە کۆکاتەوە بێ ئەوەی بەجلی چاودێری ئەخلاقی دای پۆشێ): " ئێمە بەرادەی پێویست وردبین نین تا سەرنج بدەینە تێپەڕبوونی لەوانەیە ڕەهای گووران؛ "نەگۆڕ" تەنیا بەهۆی ئەندامە ناڵەبارەکانی لەشمانە کە شتەکان لە هێندێک گەڵاڵەی هاوبەش کورت دەکەنەوە، لە حاڵێکدا هیچ شتێک بەم شکڵە بوونی نییە. دارێک لە هەر ساتێک شتێکی تازەیە؛ ئێمە داکۆکی لەسەر رووی دەکەین چوون ناتوانین لە ناسکی جووڵەیەکی ڕەها بگەین."(نیچە).

دەق ڕەنگە دارێک بێ کە بەهۆی ناڵەباری ئەندامەکانمان نێوێکی (کاتیمان) لێ ناوە. ئێمە لەبەر نەبوونی وردبینی بووینەتە زانستیار.

واتەخوازی چییە؟ یانی مانایەک کە خۆشی پرستی بەرهەمی هێناوە.

***

ئەوەی لەملا و ئەملا بۆی دەگەڕێن، ئەوەیە کە دەیانەوێ بیردۆزێکی بکەری

---

236- Praticien

237- Scripteur

238- Méta-linguistique

ماتێریالیستی بسەلمێنن. ئەم گەڕانە دەتوانێ بەسێ دۆخدا تێپەڕبێ: لەپێشدا، دەتوانێ، بەهەڵبژاردنی ڕێگەیەکی کۆنی دەروونناسانەبێ بەزەیانە ڕەخنە بگرێ لەو خەیاڵەخاوانەی دەوری بکەری خەیاڵییان گرتووە (ئامۆژگاریکەرانی کلاسیک لەم چەشنە ڕەخنەیەدا بێ هاوتابوون)؛ پاشان - یا لەهەمان کات- دەتوانێ دوورتر بڕوا، دابەشبوونی سەرسوڕهێنەری بکەر قبووڵ کا، بکەرێک کە وەک شوێنی گەڕاوگەڕی وەسف دەکرێ، گەڕی سیفر و گەڕی سڕینەوەی (ئەوە بۆ دەق جێی سەرنجە لەبەرئەوەی سەرخۆشی، بێ ئەوەی بتوانێ شتێک لە دەقدا بدرکێنێ، مووچڕکی هەڵوەشانەوەی خۆی بەسەردا تێپەڕ دەکا)؛ لە دواییدا، ئەم گەڕانە دەتوانێ بکەر وەک شتێکی گشتی بنوێنێ ("ڕوحی 'فرەلایەن'، "ڕوحی مر")- ئەوە بەمانای جەماوەریکردنی و کۆمەڵایەتیکردنی نییە؛ یان دیسان، دەگەڕێییەوە بۆ دەق، خۆشی، سەرخۆشی: "مافی ئەوەت نییە بپرسی ئەی کێ لێکی دەداتەوە؟ ئەوە لێکدانەوەیەکە بۆ خۆی وەک شکڵێک لە ویستی دەستەڵات، وجوودی هەیە (نەوەک "بوونێک"، بەڵکوو وەک ڕەوتێک، گوورانێک)، وەکو خولیایەک" (نیچە).

ئەو کاتەیە کە ڕەنگە بکەر بگەڕێتەوە، نەوەک خەیاڵ، بگرە وەک چیرۆکێک. جۆرەخۆشییەک هەڵدەکێشرێ لە شێوازی خۆ وەک تاک دانان، لە داهێنانی ئاخرین چیرۆک، کە دەگمەنترینە: چیرۆکی پێناسە(٢٣٩). ئەم چیرۆکە ئیدی وەهمی یەکگرتوویی نییە؛ بەپێچەوانە، شانۆی کۆمەڵایەتییەکە لەودا ئێمە لایەنی فرەشێوەیی خۆمان نیشان دەدەین: خۆشی ئێمە تاکییە، بەڵام خۆیی و شەخسی نییە.

هەر جارێ هەوڵ دەدەم دەقێک شی بکەمەوە کە خۆشی بەمن داوە، ئەوە "خۆیەتی(٢٤٠)" خۆم نییە کە دەیدۆزمەوە، بگرە(٢٤١) " تاکی " خۆمە، بەشێکی بنەڕەتی کە لەشی من پێک دێنێ، جیا لە لەشەکانی تر و ژان یان خۆشی

239- Le fictif de l'identité

240- Subjectivité

241- Individu

دەداتێ: ئەوە لەشی سەرخۆشیمە کە دەدۆزمەوە. ئەو لەشی سەرخۆشییە هەروەها بکەری مێژوویی منە؛ چونکو لە دوای تێکەڵبوونی زۆر وردی هێندێک هێمانی[٢٤٢] ژیاننامەیی، مێژوویی، کۆمەڵناسانە و دەروون پەرێشە (پەروەردە، شکڵ گرتنی منداڵی، چینی کۆمەلایەتی... هتد) کە من یاری دژبەیەکی خۆشی (فەرهەنگی) و سەرخۆشی (نافەرهەنگی) ڕێک دەخەم و وەک بکەرێک کە ئێستا لە شوێنی خۆی نییە، کە یان زۆر زوو یان زۆر درەنگ هاتووە (وشەی "زۆر" لێرە نەئاخ و داخ دەگەیەنێ نەسووچێک نەنەگبەتی بگرە تەنیا سەرنج ڕادەکێشێتە سەر شوێنێکی بەتاڵ): بکەری باونەماو، وێڵ و سەرگەردان.

دەتوانین چەشنێک نموونەناسی[٢٤٣] خۆشییەکانی خوێندنەوە- یان خوێنەرانی خۆش بێنینە بەرچاو؛ ئەم نموونەناسییە کۆمەڵناسانە نابێ، چونکو خۆشی سیفەتی بەرهەم یان بەرهەمهێنان نییە؛ ئەم نموونەناسییە تەنیا دەکرێ دەروونتوێژانە بێ، چونکو پێوەندی دەروون پەرێشی خوێنەر بەشکڵی وەزارەیی[٢٤٤] دەق دابین دەکا. خوێنەری "فتی شیست[٢٤٥]" خۆی دەگەڵ دەقی کوتکراو، پارچەپارچەبوونی و تەوەرگیراوەکان، ڕستە قالبییەکان، پیتە چاپییەکان و دەگەڵ خۆشی وشە ڕێک دەخا. خوێنەری خولیایی[٢٤٦] حەزی لە واژە دەبێ، لە زمانی ناسەرەکی و دەست لێبردراو (دەستبەتاڵ)، سەرزمانەکان (ئەم پۆلە هەموو زماننناسان، هێمانناسان و پسپۆڕانی وشەی کۆن لێک خڕ دەکاتەوە: هەموو ئەو کەسانەی کەلکەلەی زمانیان هەیە). خوێنەری پاڕانۆیا[٢٤٧] دەقی پڕ پێچوپەنا، بەسەرهاتی بەڵگەخواز، سارستەی پڕ لە یاری و یاسا و ڕێسای شاراوە بەرخۆر

242- Elément

243- Typologie

244- Forme hallucinée

245- Le féticiste

246- L'obsessionnel

247- Le paranoïque

(مەسرەف) دەکا یا بەهەرم دێنێ. بەڵام خوێنەری هیستێریک[٢٤٨] (کە تەواو پێچەوانەی خوێنەری خولیاییە)، ئەو کەسەیە کە زۆر گەوجانە باوەڕ بەو شتانە دەکا دەق دەیڵێ، دێتە نێو کایەی بێ بناخە و ناڕاستی زمان، ئیدی بکەری هیچ نیگایەکی ڕەخنەیی نییە و خۆی داوێتە نێو دەق (کە هەڵبەت ئەو خۆهاویشتنە زۆر جیاوازە لە خۆدانەپاڵ دەق).

***

تێکست[٢٤٩] (دەق) بەمانای پارچەی چنراو[٢٥٠]ە؛ بەڵام لە حاڵێکدا تا ئێستێ، ئەو پارچەیە وەک بەرهەمێک، وەک پەردەیەک وەبەرچاو گیراوە کە لە پشت ئەو، بەشێوازێکی کەم تا زۆر شاراوە، مانا (ڕاستی) خۆی حەشار داوە، ئیمە ئەوڕۆکە، لەناو ئەو چنراوە، داکۆکی لەسەر ئەو بیرە بزۆکە دەکەین کە دەق لە ڕێی نەخشێکی تێک هاڵاوی بەردەوام لەمەڕ خۆی درووستی دەکا و کاری لەسەر دەکا؛ بکەر کە لەناخی ئەو چنراوە- ئەو تێکستە هۆنراوە – بزر بووە، هەڵدەوشێ وەک جاڵجاڵۆکەیەک کە لەنێو دەردانەکانی دروستکەری جۆڵاتەنەی خۆی دەتوێتەوە. ئەگەر ئیشتیامان لە وشەداڕشتن بێ، دەتوانین بیردۆزی دەق وەک جۆرێک هیفۆلۆجی[٢٥١] (هیفۆس یانی تەنراو و داوی جاڵجاڵۆکە) پێناسە بکەین.

هەرچەندە بیردۆزی دەق واتەخوازی بەتایبەت (بەو واتەیەی ژولیا کریستێڤا بەو وشەیەی داوە) وەک شوێنی سەرخۆشی دیاری کردووە، هەرچەن پێی لە بایەخی هاوکات هەوەسبزوێن و ڕەخنەیی مەشقی دەق ناوە، بەڵام ئەو پێشنیارانە زۆرجار لە بیر کراون، دەمکوت و بێدەنگ کراون. سەرەڕای ئەوە، ئاخۆ ماتێریالیسمی ڕادیکاڵ کە ئەو بیردۆزییە هۆگرێتی، بێ هزری خۆشی و سەرخۆشی دەشێت؟ ئاخۆ ماتێریالیستی دەگمەن وەک ئێپیکور[٢٥٢]،

248- L'hystérique
249- Texte
250- Tissu
251- Hyphologie
252- Epicure

دیدرۆ[٢٥٣]، ساد و فووریە هەر کام بەشێوازی خۆیان، خۆشی پرستی[٢٥٤] ئاشکرا نەبوون؟

بەڵام، جێگەی خۆشی دەق لە بیردۆزی دەقدا مسۆگەر نییە. هەڵبەت رۆژێک لە رۆژان هەست بەو پێویستی دەکرێ کە پێچی بیردۆزی برێک شل کرێ، گوتار و زمانی تاکی کە هەر دووپات دەبێتەوە و قایمتر دەبێ بترازێ، و بکەوێتە بەر شاڵاو و تەکانی پرسیارێک. خۆشی ئەم پرسیارەیە. وەک نێوێکی بێ بایەخ و شوورەیی (ئەورۆکە کێ بێ پێ کەنین بەخۆی دەڵێ خۆشی پرست؟) خۆشی دەتوانێ پێشی گەڕانەوەی دەق بۆ ئەخلاق و راستی بگرێ : بەئەخلاقی راستی: خۆشی دەق شتێکی ناڕاستەوخۆ و دەتوانین بڵێین "ڕەت پێدەر"ە، بێ ئەو بیردۆزی دەق دیسان وەک سیستەمێکی تەوەرەیی، وەک فەلسەفەیەکی مانای لێ دێتەوە.

***

هەرچەن باسی هێزی هەڵپەسێرانی خۆشی بکەی کەمە: ڕاهێلانێکی[٢٥٥] ڕاستەقینەیە، ڕاگرتنێکە کەلەدوورەوە هەموو بایەخە پەسەندکراوەکان (پەسەندکراوی خۆی)، لە جووڵە دەخا. خۆشی نەنێر نەمێوە (لارێترین شکڵی مرۆڤی دەست لێ وەشاو[٢٥٦]).

یا بەلایەنی کەمەوە ئەو شتەی خۆشی هەڵی دەپەسێرێ، بایەخی شاندراوە: " دارمێس[٢٥٧]، کابرایەک کە لەبەرئەوەی گوللەی بەپاشاوە ناوە، ئێستێ دادگایی دەکرێ، خەریکی نووسینی بیرو بڕوای ڕامیاریی خۆیەتی...؛ ئەوەی لەژێر پێنووسی دارمێس زۆر دووپاتە دەبێتەوە، وشەی" ئاریستۆکراسی[٢٥٨]"یەکە

253- Diderot

254- Eudémonistes

255- époché

256- Démoniaque

257- Darmès

258- Aristocratie

ئەوە وەک " هاریستۆکراسی[٢٥٩]" دەینووسێ. ئەم وشەیە، بەم شێوەی نووسراوە، گەلێک مەترسیدارە..." هوگۆ زیادەڕۆیی شاندەری زۆر بەدڵە؛ ئەو دەزانێ کە ئەم ڕەحەتبوونە ڕێنووسییە لە" هزرەکانی" دارمێسەوە دێ: هزرەکانی یانی بایەخەکانی، بڕوای رامیاری، نرخاندنێک کە بەیەک جووڵە چەند کاری پێ دەکا: نووسین، نێولێنان، گۆڕینی ڕێنووس و ڕشانەوە. بەڵام، نامیلکەی (جنێو) ڕامیاری دارمێس دەبێ چەن وەرەزمان کا.

خۆشیی دەق ئەوەیە: بایەخێک کە گەیشتووەتە پلەی بەرزی شاندەر.

***

ئەگەر خەیاڵی پێکهێنانی جوانناسێکی خۆشی دەق گونجاو بایە، پێویست بوو ئەو شتە بخرێتە نێوی: نقیسار بەدەنگی بەرز[٢٦٠]. ئەم نقیسار دەنگییە (کە دەگەڵ وتە[٢٦١] زۆر جیاوازە)، کرداری نییە، بەڵام ڕەنگە هەر ئەو شتە بێ کە ئارتۆ[٢٦٢] پێشنیازی کردبوو، و ئەورۆکە سۆلێرس داوای دەکا. وای دانێین هەیە و باسی بکەین.

لە زەمانی زۆر کۆن، ڕەوانبێژی بەشێکی دەگرتەوە کە لە بیرکراوە و شرۆڤەکارانی کلاسیک سانسۆریان کردووە: ئاکسیۆ[٢٦٣]، تاقمێک یاسا و ڕێسا کە مەبەستیان ڕێگەدانە بە دەربڕینی لەش: ئەو شتە لە ڕاستیدا چەشنێک شانۆی دەربڕین بوو، "وتاربێژ - شانۆکار[٢٦٤]" هەستی ڕق هەستان، بەزەیی... هتد، خۆی (بەجووڵەکانی لەشی) "دەردەبڕی". بەڵام "نقیسار بەدەنگی بەرز" دەربڕینی[٢٦٥] نییە، بگرە دەربڕین دەخاتە ئەستۆی

259- Haristaukrassie

260- L'écriture à haute voix

261- Parole

262- Artaud

263- Actio

264- Orateur-comédien

265- Expressif

دەقی دیار[٢٦٦] و نیشانەکانی ئاسایی پێوەندیکردن؛ نقیسار بەدەنگی بەرز پێوەندی هەیە بە "دەقی نادیار[٢٦٧]"، بەواتەخوازی؛ هەڵگری ئەم نقیسارە نەک دەنگ گۆڕانی[٢٦٨] کتوپڕ و پڕسۆز، بەرز و نزمکردنەوەی[٢٦٩] نارەسەنی دەنگ و جەختی[٢٧٠] پەسنبیژانە بگرە "زبری[٢٧١]" دەنگەکە ئاوێتەیەکی هەوەس هەڵسێنەلە نەوا[٢٧٢] و زمان، و کەوابوو، ئەویش دەتوانێ، هاوشانی زمانپاراوی[٢٧٣] بابەتی هونەرێک بێ: هونەری بەڕێوەبردنی لەش (هۆی گرینگبوونیشی لە شانۆی رۆهەڵاتی دووری ئاسیا لێرەوە سەرچاوە دەگرێ). بە لەبەرچاوگرتنی دەنگەکانی زبان، نقیسار بەدەنگی بەرز "دەنگزانی[٢٧٤]" نییە بەڵکو "دەنگی[٢٧٥]"یە؛ مەبەستی ڕوونی پەیامەکان، نیشاندانی سۆزەکان نییە، ئەو شتەی بەدواوەیەتی (لە ڕوانگەی سەرخۆشییەوە) هێندێک روداوی ناسەرەکی غەریزییە، زمانی مەخمەری پێستە، دەقێک کە لەودا بتوانی گوێت لە زبری گەروو بێ، لەتوێخی نەبزوێنەکان، لە چێژی بزوێنەکان، زنجیرەیەک دەنگی لەشی قووڵ: پێوەسبوونی لەش، زبان، نەک مانا، نەک زمان. چەشنێک هونەری مێلۆدی دەتوانێ بیرۆکەیەکمان بداتێ لەو نقیسارە دەنگدارە، بەڵام لەبەرئەوەی مێلۆدی مردووە، ڕەنگە ئەوڕۆکە ئەم جۆرە نقیسارە بتوانین زۆر بەهاسانی لە سینەمادا بدۆزینەوە. لە ڕاستیدا، هەر ئەوەندە بەسە کە سینەما لە زۆر نێزیکەوە، دەنگی وتە وەخۆگرێ (بەکورتی، ئەوە پێناسەی گشتیکراوی "زبری" نقیسارە) و لەباری مادی و حیسی، هەناسە، درشتی، نەرمایی

266- Phéno-texte

267- Géno-texte

268- Inflexion

269- Intonation

270- Accent

271- Grain

272- Timbre

273- Diction

274- Phonologique

275- Phonétique

لێوەکان، بەکورتی بوونی لمبۆزی ئینسانی (با دەنگ و نڤیسار وەک لمبۆزی حەیوانێک تازە، نەرم، بەناسکی زبر و لەرۆک بن) بگەیەنێتە گوێ بۆ وەی بتوانێ شاندراو دوور خاتەوە و لەشی ئەکتەری نەناس بهاوێتە نێو گۆی من: گڕناڵ گرناڵە، قرچەقرچی دێ، لاوێنەرە، خشەخشی دێ، دەبڕێ، سەرخۆشە.

## پاشکۆی وەرگێڕ بۆ هێندێک وشە و نێوی تایبەت

ئێدگار ئالەن پۆ (1809-1849) ( Edgar Allan Poe): شاعیر و چیرۆکنووسی ئەمەریکایی کە ئاسەواری هەرە مەزنی بەنێوی " حەقایەتە سەمەرەکان" پڕە لە خەیاڵی سەیر، تاریک و دڵتەنگکەر.

ئانتۆنەن ئارتۆ (1896-1948) (Artaud): شاعیر، وتارنووس، شانۆنووس و شانۆکاری فرەنسایی. کارەکان و بیردۆزیکانی ئارتۆ پەرەپێدەری چەشنێک شانۆی تەجرەبی و سەرپێیین. کتێبەکەی بەنێوی " شانۆ و دوانەکەی"، خاڵیکی وەچەرخانە لە بیردۆزیکانی شانۆ لە سەدەی بیستەم.

ئێپیکور(Epicure 270 -341ی پێش زاین): فەیلەسووفی مەزنی یۆنانی کە ڕێبازەکەی لەسەر گەڕان بەدوای بەختەوەری دامەزراوە. مرۆڤ دەتوانی بەکەڵک وەرگرتن لە هێندێک گەوهەری ئەخلاقی وەک دۆستی و هاوکاری بەو ئامانجە بگا. هەروەها ئێپیکۆر دەڵی هەموو کەس، چ ژن بێ یا پیاو، فەقیر بێ، دەوڵەمەند یا کۆیلە، مافی بیرکردنەوەی فەلسەفی هەیە.

بابێل (Babel): بەپێی کتێبی پیرۆز، کوڕانی حەزرەتی نووح ویستیان بۆ گەیشتن بەتاقی عاسمان لەشاری بابێل بورجێکی زەلام بەرز کەنەوە، بەلاّم یەزدان لە ڕێی تێکەڵکردنی زمانەکان، ئەم هەولاّنەی پوچەڵکردووەتەوە. و ئەوەش، لەباری ئۆسگورە و دینەوە، کۆتایی پێکەوەبوون ئینسانەکان و یەکبوونی زمانە.

ژۆرژ باتای (Bataille): نووسەری مەزنی فرەنسایی (١٨٩٧–١٩٦٢) کە کێشەی ئێرۆتیسم (هەوەسبزوێنی) و پەرژین شکاندن دەخاتە جەرگەی لێکدانەوەی فەلسەفی و چیرۆکەکانی. بەدرێژەپێدانی ڕێبازی هیگێل، باتای دەیسەلمێنی کە مرۆڤ، سەرەڕای هێندێک یاسا کە ژیانی خۆی پێ ڕێک دەخا، ناتوانێ لە خولیای سروشت خۆی رزگار کا. ئەو خولیایە لە مەرگ و زایەندێتیدا خۆی دەنوێنێ کە دوو هۆی تێکدەر و دژ بەژیانی کۆمەڵایەتین و تابوو و قەدەخە لەسەریان قوورسایی دەکا. هێندێک کتێبی باتای برێتین لە: لاسکۆ یان لەدایکبوونی هونەر (١٩٥٥)، ئیرۆتیسم (١٩٥٧)، قەشە"س" (١٩٥٠)، مادام ئێدواردا (١٩٣٧).

ژوول باربێ دۆرویلی(1808-1889) (Barbey d'Aurevilly): نووسەری فرەنسایی. ئاسەوارەکانی لەڕاستیدا زۆر ڕەسەنن و نێوان ڕۆمانتیسم و سەمبۆلیسم هەڵدەکەون. کۆمەڵە کورتەچیرۆکی "بەسەرهاتە شەیتانییەکان" ژیانی نەجیمزادەکان و ئاغاکانی وڵات لە بەرواری دووەمی سەدەی نۆزدەدا دەگێڕنەوە.

گاستۆن باشلار(1884-1962) (Bachelard): فەیلەسووف، زانستناس، وتارنووس و ڕەخنەگری فرەنسایی. کارەکانی لەسەر بواری خەیاڵ و مادە دەبێتە خوڵقانی چەشنێک دەروونتوێژی چوار هۆی پێکهێنەر (عناصر اربعە) لە ئەدەبیاتدا. هێندێک لە ئاسەوارەکانی برێتین لە: دەروونتوێژی ئاگر (١٩٣٨)، ئاو و خەیاڵات(١٩٤٢)، هەوا و خەونەکان(١٩٤٣)، خاک و خەیاڵەکانی ویست (١٩٤٨).

بێرتۆلت برێشت(1898-1956) (Brecht): شاعیر و شانۆنووسی ئاڵمانی. جوانناسی هونەری و بیری سیاسیی ئەو شانۆی سەدەی بیستێ خستووەتە ژێر کارتێکەری خۆی. بەرهەمە مەزنەکانی برێتین لە: بەرزبوونەوەی بەر هەڵستەنی ئارتوور و ئویی(١٩٤١)، دایکە بوێر و منداڵەکانی(١٩٣٩)، ژیانی گالیلە (١٩٣٨، ١٩٤٤، ١٩٥٦).

فرانسیس بەیکن(Bacon): فەیلەسووفی پایەبەرزی ئینگلیسی (١٥٦١-١٦٢٦) کە بەشێوەیەکی نوێخوازانە، پێشکەوتنی مرۆڤ و زانست پێکەوە گرێ دەدا و چەشنێک پۆلێنکردنی زانستەکان پێشنیاز دەکا. هەروەها، پەرەپێدەری هێندێک بیری تەجرەبە خوازانەیە (ئەزموونی).

مارسلین پلەینێت (1933)( Pleynet): شاعیر، چێرۆکنووس و وتارنووسی فەرەنسەیی و یەکێک لەئەندامەکانی گۆڤاری " تێل کێلّ" (Tel Quel). مامۆستای جوانناسییە لەقوتابخانەی بەرزی نەتەوەیی هونەرەجوانەکانی پاریس.

نوام چامسکی (1928 )(Chomsky): زمانناس و ڕامیاری ئەمریکایی، دامەزرێنەری ڕێزمانی زایشی گەردانی کەبریتییەلەچەشنێک پەیڕەوی لێکدانەوەی زمان. ئەم پەیڕەوەشۆڕشێکی لەبواری زمانناسی خوڵقاندووە.

ژۆرژ دانتۆن (1759-1794)(Danton): ڕامیاری فەرەنسەیی لە سەردەمی شۆڕشی مەزن. دوای سەرکەوتنی شۆڕش بووەوە سیاسەتمەدارێکی شۆڕشگێڕ و وەزیری داد. لە بەرامبەر رۆبێسپییەر و هاوڕێیانی کەکۆمارێکی یەکسانخوازیان دەوێ، دانتۆن هۆگری کۆمارێکی بورژواییە و دژی سیاسەتی تۆقاندن و تیرۆر ڕادەوەستێ. لە ساڵی ١٧٩٤ بێ ئەوەی بتوانێ لە خۆی بەرگری بکا، لە گیوتین درا.

کلۆد دوبووسی (1862-1918) (Claude Debussy) مۆسیقاناس و ئاوازدانەری ئەمپرێسیۆنیستی فرەنسایی. لەباری هارمۆنی و ریتمەوە نۆگەری نواندووە موسیقای کلاسیکی سەدەی بیستەم زۆر لەژێر کارتێکەری ئەو دایە. ئاسەوارە ناسراوەکانی برێتین لە: زەریا، پێلێئاس و مێلیساندر.

نیکۆلا دوستال (1914-1955) (Nicolas de Staël): وێنەکێشی فرەنسەیی بەڕەگەز ڕووسی کە تابلۆ ئابسترەکانی دوای شەڕی دووەمی جیهانی

سەرنجی ڕەخنەگرانی هونەری ڕاکێشا.

دێنی دیدرۆ (1713-1784 ) (Diderot): فەیلەسووف و نووسەری مەزنی فەرەنسایی، سەرپەرشتیاری گەلاڵەی گەورەی ئەنسیکلۆپێدی یا دائیرەتولمەعاریف و یەکێک لەنوێنەرانی بزووتنەوەی فەلسەفیی ڕووناکبیری. هەروەها دیدرۆ دانەری چەندان شاکاری ئەدەبییە وەک "برازای ڕامۆ"، "ژاکی قەزاوقەدەری".

فرانسوا ڕابلێ (1483-1553) (Rabelais): نووسەری مەزنی فەرەنسایی کە بەرهەمەکانی، بەهۆی بایەخی زمانی و فکرییەوە، پێکهاتەیەکی ئەدەبی سەیرمان پیشان دەدا کە خەیاڵ و ڕاستی تێکەڵ دەکا لە شوێن و کاتێک کە بەدەر لە ڕادەی باوەڕپێکرانن. " پانتاگرۆوێل" و "گارگانتوا" دوو بەرهەمی هەرەمەزنی ڕابلێن کە گوزارشت لە بیری ئۆمانیستی و مرۆڤخوازانەی نووسەر لە سەردەمی ڕۆنێسانس دەکەن.

ئالەن ڕۆب گری یێ (1922-2008) (Alain Robbe-Grillet): نووسەر و سینەماکاری فەرەنسایی و پێشەوای بزووتنەوەی ڕۆمانی نوێ. یەکەمین ڕۆمانی کە قەوارەیەکی نیمچەپولیسی هەیە، بەنێوی "پاکونەکان" لە ڕاستیدا دووبارە نووسینەوەی ئەفسانەی ئێدیپی یۆنانییە. ناسراوترین ڕۆمانی ڕۆب گری یێ "دڵ پیسی" یە کە لە ڕاستیدا دەتوانین وەک " پەردەکرکرە" ش مانا بکەینەوە چۆن وشەی " Jalousie" لە زمانی فەرەنسە ئەو مانایەش دەدا و وەگێڕی چیرۆک مێردێکی دڵ پیسمان نیشان دەدا کە لە پشت پەردەی ژووریکەوە دەڕوانێتە ژنەکەی و دۆستەکەی.

ژان ژۆنێ (1910-1986) (Genêt): نووسەر و شانۆنووسی فەرەنسایی کە لە ڕۆمان و بەرهەمی تێئاتری خۆیدا، گیرۆدەیی خۆی بۆ دوو بابەتی خراپە و مەرگ دەنوێنێ. هێندێک لە کارەکانی بریتین لە:

قەرەواشەکان (١٩٤٧)، قولەڕەشەکان (١٩٥٩)، ناوبەندەکان(١٩٦١).

ساد (Sade) یان مارکی دوساد: نووسەری فەرەنسایی(١٧٤٠-١٨١٤) رووخێنەری ئەخلاقی کە لە هێندێک لە ئاسەوارەکانی بەتایبەت "ژوستین یا چارەڕەشێکانی پاکی "، خەونەکانی لاڕێبوونی جینسی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی. زیاتر لە سی ساڵ یانی نیوەی تەمەنی خۆی لە بەندیخانە تێپەڕ کرد. هێندێک وشە وەک "سادیسم"، سادیک"، "سادیست" لەنێوی مارکی دوسادەوە دێن.

ستاندال (Stendhal) (1783-1842): نووسەری زۆر ناسراوی فەرەنسا، نێوی راستەقینەی " ئانری بەیل"ە و خەڵکی شاری گرۆنۆبلە. دوو ئاسەواری مەزنی برێتین لە" سوور و ڕەش" و " دێری پارم". ستاندال پێشەنگی "رێئالیسمی دەروونی" یە.

سێڤێرۆ ساردوویی (Severo Sarduy): نووسەری هاوچەرخی کووبایی.

فیلیپ سۆلێرس (Philippe Sollers) (لەدایکبووی ساڵی ١٩٣٦): نووسەر و وتارنووسی فەرەنسەیی و بەڕێوەبەری سەرەکی گۆڤاری پێشرەوی "تێل کیڵ (Tel Quel)". بیرۆکەی و شۆڕش دوو تەوەرەی ئەم کۆوارەن کە دەبێتە شوێنی دەربڕینی بیروڕای هۆگرانی ڕەخنەی نوێ وەک رۆلان بارت، ژاک دێریدا، لاکان، ژولیا کریستۆڤا، میخائیل باختین و ڕواڵەتخوازانی رووسی. سۆلیرس چەندان ڕۆمانیشی بڵاو کردووەتەوە وەک: پارک (١٩٦١)، کارەسات (١٩٦٥)، یاساکان (١٩٧٢)، بەحەشت (١٩٧٤)، ژنان (١٩٨٣)، دڵی رەها (١٩٨٧)، جێژنەلەوێنیز (١٩٩١)، نهێنی (١٩٩٣).

پۆل سێزان (Cézanne) (1839-1906): وێنەکێشی ئەمپرێسیۆنیستی فرەنسەیی کە وەک پێشرەوی هونەری وێنەکیشی مۆدیرنناس دەکرێ.

مادام دۆ سێگور یان کۆنتێس دۆ سێگور (Mme de Ségur) (1799-1874): ژنەنووسەری فرەنسەیی بەڕەچەڵەک ڕووس کە نێوی راستەقینەی

"سۆفی رۆستۆپچین"ە. دانەری بەتایبەت چیرۆکی منداڵانە. نێزیکەی بیست رۆمانی بڵاو کردووەتەوەکە هێندێکیان زۆر ناسراون: کیژۆڵەی نموونە (١٨٥٩)، چارەڕەشێکانی سۆفی (١٨٦٤)، سەرمازەڵە(١٨٦٥)

ئانژێلووس سیلێسیووس (Angelus Silesius ) (1624-1677): شاعیر و زانای ئاینی ئەڵمانی. ئاسەواری سەرەکی ئەو بەنێوی " حاجی فریشتە" بەرهەمێکی مەزنی ئەدەبیاتی ئەڵمانییە و پێک هاتووە لە١٥٠٠ بەیت کە هەر کامێکیان بیرێکی ئاینی تێدایە و تەوەرەی هەموو بابەتەکانیش یەکە: گەیشتن و پێوەسبوونی روح بەیەزدانی مەزن.

مادام دۆ سێوینیە (Mme de Sévigné) (1626-1696): ژنە نووسەری فرەنسەیی کە لە نامەگۆڕینەوەکانی دەگەڵ کچەکەی(٧٦٩ نامە لە ساڵی ١٦٧١ تا ساڵی ١٦٩٦) باسی دیوانی پاشا و کۆڕە ئەدەبییەکانی پاریس دەکا. نامەکانی مادام دۆسێوینیە، لەباری ئەدەبییەوە، یەکێکن لە مەزنترین ئاسەوارەکانی سەدەی حەڤدەی فرەنسا.

فرانسیسکانیسم (Franciscanisme): رێبازی ئاینی سەن فرانسواداسیس (Saint François d Assise). فیرقەی فرانسیسکەنەکان وێ دەچی لە ساڵی ١٢٠٨ زاینی دامەزرا تابێ بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکانی ئینجیل لە رێی ژیانی سواڵکەری و دەروێشانە.

گووستاو فلۆبێر (Flaubert)(1880-1821): نووسەری فرەنسەیی، دانەری شاکاری " مادام بۆڤاری" و یەکێک لە مامۆستایانی رێبازی رێئالیسم. فلۆبێر، وەک ستاندال، زۆلا و بالزاک لە ریزی نووسەرانی هەرە مەزنی فرەنسا و جیهان دایە. رۆمانی " پەروەردەکردنی هەست" فلۆبێری کردووەتە باوکی رۆمانی مۆدیرن و زۆر نووسەر لە پرووستەوە تا نووسەرانی بزووتنەوەی رۆمانی نۆی خۆیان قەرزداری ئەو دەزانن. هێندێک لە ئاسەوارەکانی فلۆبێر: مادام بۆڤاری

(١٨٥٧)، پەروەردەکردنی هەست (١٨٦٩)، سالامبۆ (١٨٦٢)، بووڤار و پێکووشێ (١٨٨١)، سێ چیرۆک (١٨٧٧)

شارل فوریە (1772-1837 ) (Fourier): فەیلەسووف و ئابووریناسی سۆسیالیستی فرەنسەیی. فەلسەفەی فوریەیان "فوریەریسم" دەڵێ کۆمەڵگە دەبێ بەشێوەی کۆبوونەوەی چەند کۆمەڵە خەڵکی هاوبیر و هاومەبەست لە چوارچیوەی هاوکاری ئابووری بەڕێوە بچێ.

پۆل ڤالێری (1871-1945) ( Valéry): شاعیر و وتارنووسی فرەنسەیی کە مەبەستی سەرەکی برێتی بوو لە بیرکردنەوەی لەسەر کار و ئەرکی زەین و هزری مرۆڤ. لەباری شیعرییەوە، درێژەپێدەری ڕێبازی سەمبۆلیستەکان، بەتایبەت مالارمێیە. "گۆڕستانی دەریایی" و "پارکی لاو" دو شیعری ناسراوی ڤالێرین. لە"شەوێک دەگەڵ مۆسیۆ ئێدمۆن تێست"(١٩١٩)، ڤالێری کەسایەتییەک بەنێوی "مۆسیۆ تێست" نیشان دەدا کە هەموو گیانی مێشک ("تێست" لە زمانی لاتین بەمانای "سەر"، " کەللە" یە) و فکر و هۆشە چونکو بۆ خۆی ئاگای لە هەڵسوکەوتەکانی فکر و هزرێتی.

ڤان گینێکن (1877-1945) (Van Ginneken): زمانناسی هۆلەندی، مامۆستای زمان و وێژەی هۆلەندی، زمانناسی بەراوردی زمانەکانی هیندۆئۆروپایی و سانسکریت لە "زانستگەی کاتۆلیکی نیمێگ"

ژوول ڤێرن (1828- 1905) (Jules Verne): نووسەری فرەنسایی، خاوەنی نزیکەی هەشتا ڕۆمان و پێشڕەو لە چیرۆکی زانستی – خەیاڵی. هێندێک لە ئاسەوارەکانی برێتین لە: سەفەر بۆ ناخی زەوی (١٨٦٤)، بیست هەزار فەرسەخ لەژێر دەریا(١٨٧٠)، دوورگەی پڕ لە ڕاز(١٨٧٤)، منداڵەکانی کاپیتان گرانت (١٨٦٧)، گەڕانی دنیا لە هەشتا ڕۆژ دا (١٨٧٣)، میشێل سترۆگۆڤ (١٨٧٦)

ژولیا کریستێڤا(1941 )(Julia Kristeva): ڕەخنەگر، وتارنووس و ڕۆماننووسی

فرەنسـەیی بەڕەچەڵەک بوڵغاری. یەکێکە لە پێشڕەوانی نیشـانەناسی و هێماناسی لە فرەنسا.

ژولیـەن گـرین (1900-1998) (Julien Green): نووسـەری کـاتۆلیکی فـرەنسـەیی بەڕەچـەڵەک ئەمــەریکایی. بابەتی ســەرەکی ڕۆمــانەکــانی ســێ شـتن: ئەخـلاق، دین و زایـەندێتی (سکسـوالیـتێ). هێندێک لە بەرهـەمـەکانی (کـە گــەلێک زۆرن): مـۆن سـینێـر(١٩٢٦)، ئادریـین مـۆرزۆرا(١٩٢٧)، لێـویاتان (١٩٢٨). ئاخـرین ڕۆمـانـی بەنێوی" لاوێتیی نەمـر"(١٩٩٨) باسـی ئاسوودەیی و ژیانی هەمیشـەیی دەکا.

ژاک لاکان (1901-1981) (Lacan): دەروونـتـوێژی مـەزنی فـرەنسـا کە کێشـەی زمـانـی خـسـتــەجــەرگـەی بیـردۆزی دەروونـتـوێژانەی خـۆی. دەڵێ: "پێکهاتەی دەروونی ناوشیار وەک پێکهاتەی زمان وایە."

لایبنیـتس (1646-1716) (Leibniz): فـەیلەسـووف و زانای مـەزنـی ئەڵمـانـی و دانەری سیستەمی فەلسەفی " مۆنادۆلۆجی". بەبڕوای ئەو، لە جیهان دا، هیچ شتێک بێ هۆ نییە و جیهان پێک هاتووە لە کۆمەلێک ئەندام کە هەر کامێکیان هێزی ژیانیان تێ دایە. ئەم هێز و وزەیە پێی دەڵێن "مۆناد" و بەشەکانی هەر مۆنادیش بۆ خۆیان پێک هاتوون لە گەلێک ئەندامی تر.

کۆنت دۆ لۆتـرێئـامـۆن (1846-1870) (Lautréamont): نووسـەری فـرەنسـەیی و خـاوەنی شـاکـاری " ئاوازەکـانی مـالدۆرۆر". سـۆرێئـالیـسـتـەکـان لە شـۆڕشی ئـەدەبی خـۆیان لەسـەدەی بیـسـتـدا، ئـەم نووسـەرە وەک پێشەنگی خۆیان وەبەرچاو دەگرن.

لیبێـرتیناژ (Libertinage): بزووتنەوەیەکی فکری و فـەلسـەفی کە لـە سـەدەی حـەڤـدە لە فـرەنسـا دەرکـەوتووە و لـە سـەدەی هەژدەشـدا گـەشـەی کــردووە. ئـەو بزووتنـەوەیەلـەئاکـــاری کـــۆمــــەڵایـەتی، ئـەدەبیـــات و بیرکـردنەوەدا خـوازیاری ئازادێکی بێ سنوورە. وشـەی " لێـبـێـرتەن"

Libertin له وشـەی لاتینی "لیـبـێرتـینووس" وەرگـیراوە کـە بەمـانای ئازاد و سـەربـەسـتـە. بەڵام بەرەبەرە، ئەم وشـەیە لـەبەر هـۆگـەلی جـۆراوجـۆر مـانـایەکی نـەرێنی وەخـۆ دەگـرێ و بەواتەی " بـێ بڕوا بەئەخلاق" و داوێنپیس دەکوترێ.

ئانری مـاتیس (Matisse) (1869-1954) وێنەکـێشی فرەنسـایی و پێشـڕەوی ڕێبازی نەقـقاشی ئیکسپرسیۆنیسم. یەکێکە لە گەورەترین نوێنەرانی هونەری مۆدێرن.

ستێفان مالارمێ (Mallarmé ) (1842-1898):شاعیر و نووسـەری فرەنسـایی، ڕێبـەری بزووتنەوەی سەمبۆلیسم (ڕەمزخـوازی). شێعرەکانی گەلێک دژوار سـەر بەمـۆر و شـێوەی نووسـینی پڕ پێچوپەنایە. دوو شـیعری هەرەناسراوی برێتین لە: "ئاسمانی شین" و " زریانی زەریا ".

تۆمـاس هـابێـز(Hobbes) فـەلـەسـوفی ئینگلیـسی (١٥٨٨-١٦٧٩) هـۆگـری چەشنێک مـاتریالیـسـمی مـیکانیکـیـە. مـرۆڤ لە ڕوانگەی ئەودا بەشـێـوەیەکی سـروشـتی، دووشت یانی ترس و مـەیل هـاندرین ("ئینسـان بۆ ئینسانی تر گورگە"). بۆ ژیان لەنێو کۆمەڵگەدا، مرۆڤ دەبێ چاوپۆشی لە مافەکانی بکا بەقازانجی پاشایەکی ڕەها کە دەبێ یاسا داسەپێنێ. ئاسەواری مەزنی " لێویاتان"ە.

هێـدۆنیـسم (Hédonisme): لە وشـەی یۆنانـی " هێـدۆنێ" وە دی بەمـانای "خۆشی". برێتییە لە ڕیبازێکی فەلسەفی کە دەڵێ خۆشی تەنیا شتی بایەخدارە لە جیهان و گەڕان بەدوای خۆشی دەبێ مەبەستی کۆتاییی هەر ئاکارێک بێ.

یەسوعی یا ژێزوئیت (Jésuite): ئەندامی کۆمەڵەی یارانـی (حەزرەتی) عیسا. ئـەو کـۆمـەڵەیە لـە سـاڵی ١٥٣٤ لـەلایان "سـەن ئیگناس دۆ لۆیۆلا"دامـەزراوە و پاپی واتیکانیش پاڵپـشـتی کـردووە. هـەر کـەس گـەرەکی بوو بێتـە نێـو ڕیزی ئەو ڕێکخـراوە دەبایە مـاوەیەکی درێژی

ڕاهێنان و مەشقی تێپەڕ کردبا ؛ دوو ساڵ نوێژ و تەنیایی، دوو ساڵ خوێندنەوەی نووسەرانی کلاسیک، سێ ساڵ فەلسەفە. چەند ساڵ دەبێ وانە بڵێتەوە و پاشان سێ ساڵی کەش دەبێ ئیلاهیات و کەلام بخوێنێ. ئەو کاتەیە کە دەکرێ بەقەشە و دەبێ بچێتە ئەو شوێنەی پاپ بەڕێی دەکا. میسیونێرەکان زۆربەیان لەم کۆمەڵەدا هەڵکەوتوون.